لە بڵاو کراوەکانی ماڵپەڕی بەهەشت

# تەواوی ئامۆژگاری

## سەبارەت بە ئەحکامەکانی مەسح کردن لەسەر نەعل و گۆرەوی

وەرگێڕانی :

**مامۆستا دارا جبار کریم**

پێداچوونەوەی :

**عدنان بارام کەلاری**

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو كتێب و بابەت و لێكۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەكاتەوە كە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاكردنی موسوڵمانان و پەروەردەكردنیان لەسەر رێگا ڕاستەكەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە رەسەنەكەی ئیسلام،كە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک كردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەكانی شیرک و كوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەكردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەكان.

٤. وریا كردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەكان.

٥. پتەو كردنی برایەتی یەكی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەكەی ئیسلام و نەهێشتن و كەمكردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناكردنی كۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستكردنی تاك و كۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەكانی كە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشكراكردنی ئەو شتانەی كە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەكانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاكار و پەروەردە و زانست و پزیشكی و گەشەی كۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەكەین دامەزراومان بكەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر كار وگوفتارێكی جوان وچاك بەو شێوەیەی كەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

## پێشەکی وەرگێڕ

بسم الله الرحمن الرحيم

إنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ ... أَمَّا بَعْدُ :

بـەڕاستی شـــاراوەنییە کـــە شـــارەزابوونی موسڵمـــان لـە ئاینەکـەی یەکێکـە لـــە گرنگترین بنەمـــاکانی دینـــداریەکەی ، وە ئـەم بـابەتەی کە لـــەم کتێبەدا خـــراوەتەڕوو یـــەکێکە لـــەو پرس و باسە شـــەرعیانەی کـــە مشت و مڕێکی زۆری لـــەسـەرە لـــە نێوان زانـــایـان .

وە لەبەرئـەوەی خـەڵکانێکی زۆر دەبینم نکـۆڵی لـەم مەسـەلەیە دەکـەن ، بـەڵکو دژی دەوەستن و بەرەنگاری ئەو کەسانەش دەبنەوە کە ( مسح ) ی گوێرەوییـەکانیان دەکـەن ، کـە ڕووخسـەتێکی خواییـە ، و ئـەم سـوننەتەی پێغەمبـەری بەبـەزەییمان ﷺ ڕەت دەکەنـەوە ، بۆیـە حـەزم کـرد هەستم بـە وەرگێڕانی ئـەم کتێبە ، کە دوو کتێـب لـەخۆ دەگرێت کـــە ئەمـــانەن :

١ ـ ( مـەسح کرن لەسەر نەعل و گـۆرەوی ) ، لـە نووسـینی شـێخ : محمد جمال الـدين القاسمي ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

٢ ـ ( تەواوی ئامۆژگای سەبارەت بە ئەحکامەکانی مەسح کرد لەسەر گۆرەوی ) ، لە نووسینی شێخ : محمد ناصرالدين الألباني ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

٣ ـ لەگەڵ : ( پاشکۆی فەتواکان سەربارەت بە مەسحکردن لەسەر خوف و گۆرەوی ) ، کە هەڵبژاردەیەکە لە فەتواکانی : شێخ محمد صالح ( العثيمين ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ .

وە ئەوەی شایانی باسە بۆ پاراستنی ئەمانەتی زانستی ( علمي ) ئەم کیتێبانە ، ووتەکانی ( شيخ جمال الدين القاسمي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ کە ڕەتدانەوەی چەند شوبهەیەکی ( حديث ) ـیە دەربارەی ( تضعيف و تصحيح ) کردنی ئەو چەند فەرموودەیەی کە دەربارەی ( مسح ) کردن هاتوون وەکو خۆی بە عەرەبی لە پەراوێزدا ماونەتەوە بۆ ئەوەی فێرخوازانی زانستی شەرعی سوودی لێ وەربگرن ، هەروەها بەهەمان شێوە پێشەکییە بەنرخەکەی ( شيخ أحمد شاكر ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بەزمانی عەرەبی دانراوە ، ئەویش توێژینەوەیەکی حەدیسیە سەبارەت بە ئەو سێ فەرموودەیەی کە ( القاسمي ) کردوویەتی بەبەڵگە لە کتێبەکەیدا ، چونکە ئەمانە خەڵکانی پسپۆڕ و شارەزا لەبواری فەرموودەناسی و فێرخوازانی زانستی شەرعی نەبێت سوودی لێ وەرناگرن ، بۆیە نەکراون بەکوردی ، وە لە کۆتاییدا سوپاسی بەڕێز ( مامۆستا عدنان بارام ) دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم کتێبەی گرتە ئەستۆ ، خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە .

وە داواکارم لە خوای گەورە ئەم بەرهەمەمان لێ وەربگرێت چۆن لە بەندە لە خواترسەکانی وەردەگرێت ، و بیکاتە تێشویەك بۆ قیامەتمان ، وە ئەگەر لەم وەرگێڕانەدا

پێکابێتمان ئەوە بەیارمەتی و پشتیوانی خوای گەورە بووە ، وە هەر سەهو و هەڵەیەکیش هەبێت ئەوە لە من و شەیتانە ، خوای گەورە لێمان خۆش بێت .

وصلى الله وسلم وبارك على سيدنا وشفيعنا محمد وآله وصحبه وسلم .

وەرگێڕ

م . دارا جبار كريم

كەلار ١ى ذي الحجة / ١٤٣٢ك

## کتێبی یەکەم :

# مەسح کرن

# لەسەر نەعل و گۆرەوی

نووسینی شێخ :

**محمد جمال الدين القاسمي**

ـ بە ڕەحمەت بێت ـ

## پێشەکی نوسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله الذي لم يجعل على المتقين من حرج في الدين ، وأراد بهم اليسرَ ولم يرد بهم العسر وهو أرحم الراحمين . والصلاة والسلام على نبي الرحمة ، المبعوث بالحنيفية السمحة السهلة ، المرفوعِ عنها الإصر والأغلال التي كانت على الغابرين ، سيدنا محمد خاتم النبيين ، وعلى آله وصحبه الطيبين الطاهرين ، وتابعيهم بإحسان إلى يوم الدين .

**أما بعد** : بەڕاستی زیاتر لە دوو جار پرسیاریان لیّ کردووم ، دەربارەی دەستهێنان ( مەسحکردن ) بەسەر گۆرەویدا ، وە باسیان بۆ کردم کە چەند پێویستە حوکمی شەرع لەم بابەتەدا ئاشکرا بکرێت ، و بڵاوبکرێتەوە و ڕوون بکرێتەوە بۆ موسڵمانان ، وە لە کۆنەوە هەندێك لە مامۆستایانی قوتابخانەکان باسی ناڕەحەتی منداڵانیان کردووە - لە کوڕان وکچان - لە دەستنوێژ گرتن لە ڕۆژانی زستان و چ ناڕەحەتیەکیان تووش دەبێت لە کاتی پیّ شۆردنیاندا ، و چەند ئازاریان تووش دەبێت لەبەر ئەو ساردیەی کە پێکانیان تووش دەبێت ، یان ئەو ئازارەی کە بەهەزاران کەس دەگات بەهۆی پیّ شۆردنەوە .

وە پێیان ڕاگەیاندوم کەوا زۆرێك لە منداڵانی قوتابخانەکان هەروەها لاوان و ئافرەتانیش نوێژ ناکەن لە ڕۆژانی زستاندا بە هۆی ئازاری پیّ شۆردن لە زستاندا ، بەوەی کە پێکانیان لە زستاندا تووشی نەخۆشی هەڵئاوسان دەبێت ( کە لە ناو خەڵکدا بە نەخۆشی بەفربردن ناسراوە ) ، ڕەنگی پێست دەگۆڕێت ، و بۆنی ناخۆش دەکات وپێست شەق دەبات .

وە هەروەها باسی ئەو گوزەرکارانەیان ( مسافر ) بۆ کردووم کە بە کەشتی دەریایی و پاپۆڕی هەڵمی گەشت دەکەن تاچەند ناڕەحەت دەبن لە کاتی پێ شۆردندا ، وە زۆرێکیان لەوانەیە نوێژ نەکەن لەو دوو شوێنەدا ، هەموو ئەمانەیان بۆ باس کردووم ، و چەند ڕووداوێکیان بۆ گێڕاومەتەوە لەو بارەیەوە ، کەوا زۆرێك لە خەڵکی واز لە نوێژ دەهێنن لەبەر ئەوەی پشتیان لە فێربوونی زانستی شەرعی هەڵ کردووە !! و شارەزایی ڕوخسەتەکانی شەرع نین .

وە پێیان ووتم : ئەگەر ئەمانە ڕوخسەتێك بزانن کە ئیشەکانیان بۆ ئاسان بکات ، و ئەو گرفت و کۆتەیان لەسەر لاببات ئەو کاتە هیچ بیانوویەکیان نامێنێت بۆ وازهێنان لە نوێژ کە گەورەترین پایەیە لە پایەکانی ئیمان ، و بەناوبانگترین دروشمە لە دروشمەکانی ئیسلام ، منیش وەڵامی ئەو کەسانەم دەدایەوە بەوەی کە ئاینی ئیسلام ، ئەوەی پەسەند کردووە کە ئاسانە و لابەری قورسی و ناڕەحەتیەکانە لە هەموو ئەحکامەکانیدا ، وە لە هەموو بوارەکاندا دەرگاکانی والاکردووە بەشێوەیەك کە لەوە ئاسانتر نیە ، بۆیە ئەم ئیسلامە ڕەحمەت وشیفایە بۆ هەموو ئەو نەخۆشیانەی کە لە دڵەکاندا هەیە .

وە پێیان دەڵێم : ئەوەی کە ئەم ڕێگە ڕاستەی لەسەر بنیات نراوە لە ئاسانکاری و نەرم ونیانی ، وە ئەوەی کە بنەڕەتی ئەم ئایینەیە نەهێشتنی قورسیەکان و فراوان بوونی کردارەکان ، ئەگەر تەواو تەسك بێتەوە ، بەڕاستی ئەم باسە ( باسی دەستهێنان بەسەر گۆرەوییەکان ) ئاشکرا و بەناوبانگە لای سەرجەم زانایانی فیقهی ئیسلامی [١] ، وە لە

---

[١] تەنها شیعە نەبێت بۆچونیان جیاوازە کە نابێت دەست بهێنرێت بەسەر خوف و گۆرەوی و گەرمکەرەوەکاندا !!!

فەرموودەکانی پێغەمبەردا ﷺ دەقی لەسەرە ، وە ئەمەش بۆچوونی هاوەڵان وشوێن کەوتوانیان و پێشەوا موجتەهیدەکان ، و سەرجەم ئەوانەیە فەرموودەی پێغەمبەریان گێڕاوەتەوە ، وە بە هیچ بیانوویەك بۆ کەسێك نیە کە شارەزای نەبێت ، هەروەها بۆ کەسێك کە خۆی بە زانای فیقە بزانێت بەفێربوونی ئەم حوکمە وفێرکردنی خەڵکی ، لەکاتێکدا ئەمە یەکێکە لە بابەتە فیقهیە گرنگەکان کە پێویستە لەسەر موسڵمانان فێری بن ، وە زانستیش نیە بەفێربوون نەبێت ، وە فیقهیش نیە بە تێگەیشتن نەبێت ، وە هەرکەسێك نەگەڕێت بەدوای زانست وتێنەکۆشێت بۆ فێربوونی فیقە وتێگەیشتنی ئەوا ئەو کەسە لە تاریکی وگومڕاییدایە ، وە هیچ ڕێنموویی وهیدایەتی نیە ، مەگەر بەنووری فیقە ، وەکو چۆن پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " مَن يُرِدِ الله بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهُ فِي الدِّين " [١] ، واتە : هەرکەسێك خوا بیەوێت تووشی خێری بکات لە ئایین شارەزای دەکات .

پاشان هانیاندام بۆ ئەوەی لەم بارەیەوە کتێبێك کۆبکەمەوە ، و ئەو فەرموودانەی کە دراونەتەپاڵ پێغەمبەر ﷺ ( المرفوع ) ، وە ئەو فەرموودانەش کە ( موقوف ) ن لەسەر هاوەڵان ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ ، وە ئەوەی کە لە شوێن کەوتووانەوە پێمان گەیشتووە ، وە بۆچونی پێشەوا بەناوبانگەکانی تێدا باس بکەم ، دوای ئەوەی هەڵبژاردنم دایە دەست خودا و داوای یارمەتیم لێکرد ، و هەموو تواناکانم خستەگەڕ بۆ گەڕان و پشکنین بەدوای ئەوەی کە لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراوە ، وە زۆربەی ووتەی پێشەوایانم لەم بارەیەوە خوێندۆتەوە ، پاشان هەڵبژاردەی ئەوەی کە خوێندومەتەوە لەم کتێبەدا کۆم کردۆتەوە .

---

[١] ( متفق عليه ) .

## ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە :

## سەرچاوەی هەموو حوکمە شەرعیەکان قورئانی پیرۆزە ،

## چونکە سەرچاوەی سەرچاوەکانە

بزانە کە سەرچاوەی هەموو حوکمێکی شەرعی قورئانی پیرۆزە ، چونکە سەرچاوەی هەموو سەرچاوەکانە ، وە هیچ حوکمێك لە حوکمە شەرعییەکان نیە ئیلا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو و لەوەوە سەرچاوە دەگرێ ، تەنانەت سوننەتی پێغەمبەریش ﷺ سەرچاوەکەی قورئانی پیرۆزە ، چونکە درێژەی ئەوەیە کە بە کورتی تێیدا باس کراوە ، و ڕوون کەرەوەی ئەو شتانەیە کە ڕوون نەکراونەتەوە ، و ڕێگەیەکە لە ڕێگەکانی هەڵێنجاندن لێی ، بۆیە هەر سوننەتێك توێژەرێکی زانا گەڕابێت بەدوای سەرچاوەکەیدا ئەوا لە قورئانی پیرۆزدا دەیدۆزێتەوە ، و بەڵگەی لەسەر هەیە ، جا بەدەقی ئایەت بێت یان بە ڕوکەشی بێت ، یان تێ گەیشتنی بێت یان بەگشتگیری بێت ( عمومها ) ، یان بەهەر ڕێگەیەکی تر لە ڕێگەکانی هەڵێنجاندن کەوا موجتەهید دەیانزانێت ، وە هەندێکیان لەزانستی ( الأصول ) دا باس دەکرێت . ئەگەر ئەمەت زانی ئەوا ئەم پرسەی ئێمەش پرسی دەستهێنان بەسەر گۆرەوییەکاندا ، سەرچاوەی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە جا لەڕێگەی گشتگیری دەستهێنان بێت لە ئایەتی دەست نوێژ ، یان لە ڕێگەی گشتگیری ترەوە بێت .

گشتگیری یەکەم کە پاڵپشت و پشتیوانی ( سند ) ی ئەم گشتگیریە خوێندنەوەی ( الجَرَّ ) ـە لە ووتەی خوای گەورە کە فەرموویەتی :﴿ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ ( سورة المائدة : ٦ ) ، کە ڕوکەشەکەی ئەوە دەگەیەنێت کە فەرزی ( پێ کان ) دەستهێنان بێت

بەسەریا ، هەروەکو چـــۆن گێڕدراوەتەوە لە ( ابن عباس ، و أنس ، وعكرمة ، والشعبي ، وقتادة ، وجعفر الصادق ) و زانایانی ئەهل و بەیت ، خوای گەرە لە هەموویان ڕازی بێـت . بۆیە لەسەر بۆچوونی ئەم پێشەوایانە ئەوە دەگەیەنێت کە مانای ئەم ئایەتە دەستـهێنانە بەسەر پێ‌کاندا ڕاستەوخۆ یان بەسەر ئــەوەی کە بەســەر پێ‌کــاندایە کە : خـوف و گـۆرەوی و گەرمکەرەوەیــە ( تساخين ) ــە ، لەمــەوە دەردەکــەوێت کــە ئــەم ئایەتــە سەرچاوەیەکە بۆ سوننەت لەسەر ئەم خوێندنەوەیە .

بەڵام لەسەر ووتەی زۆربەی زانایانی ( الجمهور ) فـەرزی هـەردوو پـێ شـۆردنیانە ، و خوێندنــەوەی ( الجر ) دەگێڕنــەوە بـۆ خوێندنــەوەی ( النصب ) کـە بەچـەند ڕوویـەکی بەناوبانگ لەشوێنەکانی خۆیدا ئەو کاتە سەرچاوەی دەستهێنان بەسەر گۆرەوییەکاندا لـە قورئانی پیرۆز دەبێت بە گشتگیرییەکانی تر ( عمومات أخر ) لە ئایەتـەکانی تـر ، وەکـو ئایەتی: ﴿ وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ ﴾ ( سورة الحشر : ٧ ) ، واتە : ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ پێیدان وەریگرن ، وە ئایەتی : ﴿ لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ ﴾ ( سورة الأحزاب : ٢١ ) ، واتە : بێگومان پێغەمبەری خوا ﷺ باشترین سەرمەشقە بۆ ئێـوە ، وە هــــاوشێوەی ئـــــەم ئـــایـــەتانە کـە نـاژمێردرێن ، وە لەوانەیـە ڕووەکـانی ( ڕێگەکانی ) هەڵێنجاندن بگۆڕێت ، واتای هەندێکیان پێشتر بێت ( يترجح ) بـــەهێزی ( التفرع والإستنباط ) وە ڕێگـەکـانی تـەرجیح ( ترجيح ) کـە لای زانـایـانی دامـەزراو ( الراسخين ) دا شاراوە نیە .

## ڕوون کردنەوەی ئەو فەرموودانەی کە دراونەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ لەسەر دەستهێنان بەسەر گۆرەوی و گەرەمکەرەوەدا

بزانە کە فەرموودەکان لەم بارەیەوە تیایاندایە کە لەمانای گشتی دا سوودی دروستی دەستهێنانی تێدایە بەسەر گۆرەوییەکان ، و تیایاندایە کە لە مانای تایبەتیدا ئەو سوودەی تێدایە :

لە ( جۆری یەکەم ) : ئەویش ئەوەیە کە لە مانای گشتی و ڕەهای دروستی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا دەست دەکەوێت ، فەرموودەکەی ( ثوبان ) [1] کە دەفەرمووێت :

---

[1] **ذكر ما ورد على هذا الحديث من الشبه والجواب عنها :**

**الشبهة الأولى :** قالوا : في إسناد حديث ثوبان :

( الأول ) : راشد بن سعد عن ثوبان ، وقد قال الخلال في علله : إن أحمد بن حنبل قال : لا ينبغي أن يكون راشد بن سعد سمع من ثوبان لأنه مات قديماً . أ.هـ .

أي فيكون معللاً بالانقطاع لسقوط راوٍ بين راشد وثوبان .

و ( **الجواب** ) : أن هذا إنما يأتي على مذهب من يشترط في الاتصال ثبوت السماع . وقد أنكر الإمام مسلم ذلك في مقدمة صحيحه إنكاراً شديداً ورأى أنه قول مخترع ، وأن المتفق عليه أن يكفي للاتصال إمكان اللقاء والسماع ، وعليه فالانقطاع في الحديث غير مقطوع به ، ويرجع الأمر إلى رجال سنده ، فإذا كان رجاله ثقات كان صحيحاً أو حسناً جيداً صالحاً للاحتجاج به ، ولذا أخرجه الإمام أحمد في ( مسنده ) معوّلاً على الاحتجاج به وتبليغه سنة يعمل بها .

وخرَّجه أيضاً أبو داود وسكت عليه ، وما سكت عليه فهو صالح للاستدلال به ، إذ لا جرح في رواته ولا علة ظاهرة فيه فاستوفى شروط الحُسْن . والحَسَن كالصحيح في الاحتجاج به والعمل بما فيه . وبالجملة فقصارى أمر هذا الحديث أن يكون حسناً وصالحاً ويكفي ذلك .

على أن مجرد الانقطاع ليس قادحاً ، فقد وقع في مسلم بضعة عشر حديثاً منقطعة وإن تبين وصلها من وجه آخر ، لأن المقطوع الثقة ليس كغيره ، ولذلك قبل من المراسيل مراسيل الثقات كما تقرر في موضعه . وتسميتنا لذلك بالحسن جرياً على قول بعضهم . كما في التدريب . أن الحسن هو الذي فيه ضعف قريب محتمل . وعلى قول البغوي : أن ما في السنن من الحِسان ، فإن هذين القولين متجهان فيما نراه وإن اشتهر تفسير الحسن بغيرهما .

قال الإمام النووي في ( التقريب ) : وقد جاء عن أبي داود أنه يذكر في ( سننه ) الصحيح وما يشبهه ويقاربه ، وما كان فيه وهن شديد بيَّنه ، وما لم يُذكر فيه شيء فهو صالح . ( قال النووي ) : فعلى هذا ما وجدنا في كتابه مطلقاً ولم يصححه غيره ولا ضعفه فهو حسن عند أبي داود ، لأن الصالح للاحتجاج لا يخرج عنهما ، بل قال ابن رشيد : إن ما سكت عليه ( أبو داود ) قد يكون عنده صحيحاً وإن لم يكن كذلك عند غيره انظر التدريب .

وبعد فإن رجال حديث ثوبان كلهم ثقات مرضيون كما يعلم من مراجعة أسمائهم من طبقات الرجال ، وقد عرفت الجواب عن شبهة الانقطاع فيه فقوي وحسن وصلح للاحتجاج به . والحمد لله .

**الشبهة الثانية :** بحث بعضهم بأن الدليل من هذا الحديث أخص من الدعوى ، لأن الحديث يدل على جواز المسح على التساخين في حالة البرد خاصة ، لأنه جواب السائل في تلك الحالة .

و ( **الجواب** ) : أنه تقرّر في الأصول أن ( اللفظ العام الوارد على سبب خاص يحمل على عمومه ولا يخص بالسبب الذي ورد فيه ) . قال الإمام أبو إسحاق الشيرازي : والدليل عليه هو ( أن الحجة في قول الرسول ﷺ دون السبب ، فوجب أن يعتبر عمومه ) . وحاصل القاعدة في هذا أن ( اللفظ الذي يستقل بنفسه يعتبر حكمه ، فإن كان خاصاً حمل على خصوصه ، وإن كان عامًّا حمل على عمومه ، ولا يخص بالسبب الذي ورد فيه ) . وما يقال في العام يقال في المطلق ، لاشتراكهما في الأحكام كما تقرر في الأصول وتقرر أيضاً أن ( ترك الاستفصال في حكاية الحال ينزل منزلة العموم في المقال ) .

پێغەمبەری خوا ﷺ ( سرية ) یەکی نارد و تووشی سەرما بوون ، وە کاتێك گەڕانەوە لای پێغەمبەر ﷺ سکاڵای ئەو سەرما و سۆڵەیەیان لە لای کرد کە تووشی بوون لە سەفەرەکەیاندا ، بۆیە فەرمانی پێ کردن کە دەست بهێنن بە سەر ( العصائب والتساخين ) ـدا ( رواه أبو داود في سننه ) .

پێشەوای پایەبەرز ( ابن الأثير ) لە کتێبی ( النهاية ) ـدا دەفەرمووێت : ( العصائب ) واتە : مێزەر ، چونکە سەری پێ دەبەسترێتەوە . و ( التساخين ) واتە : هەموو شتێك کە ( پێی ) پێ گەرم بکرێتەوە ، لە خوف و گۆرەوی و هاوشێوەکانیان ، و وشەیەکی کۆیە لەو پێتانەی خۆی تاکی نیە .

منیش دەڵێم ( القاسمي ) : پیاوانی ( سند ) ی ئەم فەرموودەیە ( ثقات مرضيون ) هەروەك بۆمان دەردەکەوێت لە گەڕانەوە بۆ ناوەکانیان لە کتێبەکانی ( الرجال) .

---

ولا يقال : إن الفعل المثبت لا عموم له كما أطلقه الأصوليون ، لأنه يقال : إن إطلاقهم مقيد بغير نحو أمر أونهي ، لأن هذا ليس حكاية لفعله حتى يقال : إنه لم يقع إلا على صفة واحدة ، بل حكاية لصدور أمر بشيء أو نهي عنه عامًّا في أقسامه ألبتة كما اختاره ابن الحاجب ، وبسطه في المطوَّلات .

ثم إن ما ورد من مسحه صلوات الله عليه على الجوربين وهما من التساخين . غير مقيد بحالة لا أمراً منه ولا فعلاً ، وكذا ما صحَّ من مسحه صلوات الله عليه في الوضوء على عمامته . وهي من العصائب . غير مقيَّد بحالة دون أخرى ، وسيأتي مزيد لهذا البحث إن شاء الله .

وە لە ( جۆری دووەم ) : ئەویش ئەوەیە کە بەدەقی فەرموودە باسی گۆرەوی دەکات هەردوو فەرموودەی ( المغيرة ) و ( أبو موسى ) ـان ، فەرموودەکەی ( المغيرة ) پێشەوا ( أحمد ) لە ( مسند الكوفيين ) لە ( مسند ) ـەکەیدا لە فەرموودەی ( المغيرة ) ـەی کوڕی ( شعبة ) ڕیوایەتی کردووە ، کە دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا ﷺ دەست نوێژی گرت و دەستی هێنا بەسەر هەردوو گۆرەوی و نەعلەکانیدا [٢] .

---

[٢] **ذكر ما ورد على هذا الحديث من الشبه والجواب عنها :**

**الشبهة الثالثة :** في حديث المغيرة ( الثاني ) قالوا : إن فيه شذوذاً ، بيانه أن المروزي قال : إن الإمام أحمد ذكر أبا قيس ـ أحد رواته ـ فقال : ليس به بأس ، أنكروا عليه حديثين : حديث المغيرة في المسح ، فأما ابن مهدي فأبى أن يحدث به ، وأما وكيع فحدَّث به .

وقال أبو داود في سننه : كان عبد الرحمن بن مهدي لا يحدِّث بهذا الحديث لأن المعروف عن المغيرة أن النبي ﷺ مسح على الخفين . أ.هـ .

قال السندي : فكان يراه ضعيفاً شاذّاً .

و ( الشاذ ) : ما رواه المقبول مخالفاً لمن هو أولى منه .

و ( **الجواب** ) **من وجوه :**

( **الأول** ) **:** أنَّ تضعيفه بما ذكر يعارضه تصحيح الترمذي له ، فقد قال بعد تخريجه له في سننه : هذا حديث حسن صحيح ، وهو قول غير واحد من أهل العلم . وتصحيح الترمذي مقدَّم على تضعيف غيره ، لأن الترمذي من الطبقة التي تأخرت عن تلك ووقفت على كل ما قيل فيه ورأت أن الحق في تصحيحه ، وكذا صححه ابن حبان وهو ممن استقرأ وسبر أيضاً .

( **الثاني** ) **:** قال العلامة المحقق علاء الدين المارديني في ردِّ قول البيهقي ( أبو قيس الأودي وهزيل لا يحتملان مع مخالفتهما الأجلَّة الذين رووا هذا الخبر عن المغيرة فقالوا : مسح على الخفين ) ما مثاله : هذا الخبر أخرجه أبو

داود وسكت عنه ، وصححه ابن حبان ، وقال الترمذي : حسن صحيح . وأبو قيس عبد الرحمن بن ثروان وثَّقه ابن معين وقال العجلي ثقة ثبت ، وهزيل وثَّقه العجلي وأخرج لهما معاً البخاري في صحيحه ، ثم إنهما لم يخالفا الناس مخالفة معارضة بل رويا أمراً زائداً على ما رووه بطريق مستقل غير معارض ، فيحمل على أنهما حديثان ، ولهذا صحح الحديث كما مرّ . أ هـ .

وهكذا قال شيخ الإسلام الشيخ منصور الحنبلي في شرح الإقناع : وتكلَّم بعضهم في الحديث . أي حديث المغيرة . لأن المعروف عن المغيرة ( الخفين ) قال في المبدع : وهذا لا يصلح مانعاً لجواز رواية اللفظين فيصح المسح على ما تقدم ( أي الجوربين ) .

وكذا قال العلامة ملاًّ على القاري في شرح المشكاة : قيل المعروف من رواية المغيرة المسح على الخفين ، وأجيب بأنه لا مانع من أن يروي المغيرة اللفظين ، وقد عضده فعل الصحابة . أ. هـ . وسيأتي تسميتهم وبلوغ عدهم ستة عشر صحابياً .

و ( **الثالث** ) : وهو جوابنا عن دعوى شذوذه علماً ، أنَّ الشذوذ مختلف في معناه ، وأنه ليس بعلة على الإطلاق ولا بمتفق عليها . توضيحه أن السيوطي قال في التدريب في شرح قول النووي في حدِّ الصحيح : ( وهو ما اتصل إسناده بالعدول الضابطين من غير شذوذ ولا علَّة ) ما مثاله : قيل لم يفصح بمراده من الشذوذ هنا ، وقد ذكر في نوعه ثلاثة أقوال : ( أحدها ) مخالفة الثقة لأرجح منه ، و( الثاني ) تفرد الثقة مطلقاً ، و ( الثالث ) تفرد الراوي مطلقاً . قال : ورد الأخيران فالظاهر أنه أراد هنا الأول ، قال شيخ الإسلام : وهو مشكل ، لأن الإسناد إذا كان متصلاً ورواته كلهم عدولاً ضابطين فقد انتفت عنه العلل الظاهرة ، ثم إذا انتفى كونه معلولاً فما المانع من الحكم بصحته ؟ فبمجرد مخالفة أحد رواته لمن هو أوثق منه ، أو أكثر عدداً ، لا يستلزم الضعف ، بل يكون من باب صحيح وأصح . قال : ولم أرَ مع ذلك من أحد من أئمة الحديث اشتراط نفي الشذوذ المعبَّر عنه بالمخالفة ، وإنما الموجود من تصرُّفاتهم تقديم بعض ذلك على بعض في الصحة .

وقال الإمام النووي في بحث الشاذ : ( فإن لم يخالف الراوي بتفرده غيره وإنما روى أمراً لم يروه غيره فإن كان عدلاً حافظاً موثوقاً بضبطه كان تفرده صحيحاً ، وإن لم يوثق بحفظه ولم يبعد عن درجة الضابط كان ما انفرد به حسناً ، وإن بعُد كان شاذّاً منكراً مردوداً ) أ. هـ .

وبه يعلم أنَّ الشذوذ ليس علة قادحة في صحة المروي مطلقاً بل هي على هذا التفصيل ، وإن من كان عدلاً حافظاً موثوقاً بضبطه كان تفرده صحيحاً .

وممن اعترض جعل الشذوذ قادحاً في صحة الحديث الإمام ابن دقيق العيد فقد قال العراقي : وأما السلامة من الشذوذ والعلَّة فقال ابن دقيق العيد في ( الاقتراح ) : ( إن أصحاب الحديث زادوا ذلك في حدِّ الصحيح . قال . وفيه نظر على مقتضى نظر الفقهاء ، فإن كثيراً من العلل التي يعلِّل بها المحدِّثون لا تجري على أصول الفقهاء ) .

وقال ابن الصلاح : ( وقد يختلفون في صحة الأحاديث لاختلافهم في وجود هذه الأوصاف فيه أو لاختلافهم في اشتراط بعضها ) .

فأفاد أن اشتراط السلامة من الشذوذ ليس بمتفق عليه ، بل هو مختلف فيه ، ولذا حدَّ الإمام الخطابي الصحيح بأنه : ما اتصل سنده وعدلت نقلته .

قال العراقي : ( فلم يشترط ضبط الراوي ، ولا السلامة من الشذوذ والعلة ) .

وحكي أن مثل هذه الشروط مردُّها إلى اجتهاد المجتهدين في تحري المأثور ، ولذلك تفاوتت مسنداتهم ومخرجاتهم بتفاوت شروطهم كما بسطناه في مقدمة كتاب ( حياة البخاري ) . وكل ما يبحث عن تصحيحه باعتبار السند وقواعد المصطلح فذاك من حيث رعاية صحته سنداً ، وأما من حيث تصحيحه باعتبار أمر أجنبي عنه . وهو المسمى بالصحيح لغيره . فذاك نوع آخر على ما سيأتي بيانه .

**الشبهة الرابعة** : قول الإمام النووي في شرح المهذّب : واحتج أصحابنا بأنه لا يمكن متابعة المشي عليه فلم يجز كالخرقة . قال : والجواب عن حديث المغيرة من أوجه :

( **أحدها** ) : أنه ضعيف ضعفه الحفَّاظ ، وقد ضعفه البيهقي ، ونقل تضعيفه عن سفيان الثوري ، وعبد الرحمن بن مهدي ، وأحمد بن حنبل وعلي بن المديني ويحي بن معين ومسلم بن الحجاج وهؤلاء هم أعلام أئمة الحديث ، وإن كان الترمذي قال : ( حديث حسن صحيح ) ، فهؤلاء مقدمون عليه ، بل لو كل واحد من هؤلاء لو انفرد قدم على الترمذي باتفاق أهل المعرفة .

( **الثاني** ) : أنه لو صح يحمل على الذي يمكن متابعة المشي عليه جمعاً بين الأدلة ، وليس في اللفظ عموم يتعلق به .

( **الثالث** ) : حكاه البيهقي رحمه الله عن الأستاذ أبي الوليد النيسابوري أنه حمله على أنه مسح على جوربين منعلين ، لا أنه جورب منفرد ونعل منفردة فكأنه قال : مسح على جوربيه المنعلين . أهـ .

و ( **الجواب عن ذلك** ) : أما قول الإمام النووي : ( واحتج أصحابنا بأنه لا يمكن متابعة المشي عليه ) فهذا قد يراه المقلد حجة ، أما المحدِّث والأصولي فعنده الحجة الكتاب والسنة وما رجع إليهما من بقية الأدلة . وقانون المناظرة يقضي بأن يدفع القوي بالأقوى ، والحديث بمثله أو بآية ، ولا برأي أو قياس ، وإلا فيكون ذهاباً إلى ما رمى به أهل الرأي وليس ثمة في الباب آية ترد هذا الحديث ولا حديث يرده ، لا بل ثمة ما يؤيده من الكتاب والسنة كما مرَّ ، وهذا هو الحجة المعروفة في الأصول .

وأما قوله : ( إنه ضعيف ضعفه الحفاظ ) ثم نقل تضعيفه عمن ذكره فجوابه ما قدمناه قبل ـ في الوجه الثالث ـ من درء الشبهة الثالثة من معارضة ذلك بتصحيح من صححه ، على أن سند تضعيفه هو دعوى شذوذه ، وقد أوضحنا أن الشذوذ ليس علة مضعفة على إطلاقها ، بل من كان عدلاً ضابطاً كان تفرده صحيحاً ، لا سيما وقد عضده ما روي بمعناه من حديث التساخين المتقدم وما قواه من عمل الصحب كما سيأتي ، ولذا صححه الإمام الترمذي ، ولا يخفى أن المضعفين له مهما كثروا فإن حجة تضعيفهم شذوذه وقد عرفتَ ما فيها ، فليس المقام مقام ترجيح بالكثرة والقلة بل المقام مقام استدلال واحتجاج وانطباق على القواعد المرعية ، وإلا فإن الكثرة ليست من الحجج والبراهين المعروفة ، ولذا قال الأصوليون في بحث خبر الآحاد : إن عمل الأكثر بخلافه ـ أي بخلاف خبر الآحاد ـ لا يمنع وجوب العمل به لأن عمل الأكثر ليس بحجة ، وعللوه بأن الحجة هي الإجماع ، وعمل الأكثر ليس بإجماع لأن الإجماع اتفاق مجتهدي الأمة ، بخلاف خبر الواحد فإنه حجة بنفسه . على أنَّا لو أردنا أن نكاثر من ضعفه لكاثرنا بأضعاف ما عنده ، فإن المسح على الجوربين أثر عن الصحابة منهم عمر بن الخطاب ، وعلي ، وأبي مسعود ، والبراء ، وأنس ، وأبي أمامة ، وسهل ، وعمرو بن حريث ، وابن عباس ، وابن عمر ، وابن أبي وقاص ، وعمار ، وبلال ، وابن أبي أوفى ، والمغيرة ، وأبي موسى رضي الله عنهم .

ومن التابعين عن قتادة ، وابن المسيب ، وابن جريج ، وعطاء ، والنخعي ، والحسن ، وخِلاس ، وابن جبير ، ونافع رحمهم الله تعالى . وسيأتي إسناد ذلك إليهم ، فذهاب هؤلاء الأخيار رضي الله عنهم إلى العمل به مما يعضد صحة حديث المغيرة ويقويه ويصححه بلا ريب ، لأنه إن لم يكن هو سندهم فغيره مما هو في معناه ، وهذا لا يتوقف فيه من له أدنى مسكة . على أن حديث الجوربين قد تلقاه بالقبول أبو حنيفة والشافعي وأحمد بن حنبل وإسحاق وداود الظاهري وابن حزم ، وهؤلاء كلهم أئمة الفقه والاجتهاد ، وجميعهم احتج به في الفقه المدوَّن عنه . وقد عرف في

فن مصطلح الحديث أن الحديث يحكم له بالصحة إذا تلقاه الناس بالقبول وإن لم يكن له إسناد صحيح ، قال أبو الحسن ابن الحصار في تقريب المدارك على موطأ مالك : قد يعلم الفقيه صحة الحديث . إذا لم يكن في سنده كذّاب . بموافقة آية من كتاب الله أو بعض أصول الشريعة ، فيحمله ذلك على قبوله والعمل به . أ.هـ .

ويسمى هذا ( الصحيح لغيره ) ، والصحيح لغيره نظير الصحيح لذاته في الاحتجاج به والعمل بمقتضاه والأخذ بعمومه وخصوصه وإطلاقه وتقييده . ولمعرفة صحة الحديث من جهة غير السند طرق ومدارك يدريها الفقيه المجتهد كما قرّره ابن الحصار .

وبهذا نجيب عما نقول بصحته مما لم يخرجه الإمام البخاري ، وذلك أن البخاري إنما خرج ما صحَّ من طريق السند ولم يخرج ما صح مطلقاً ، ولذا قال البخاري : ما أدخلت في كتاب الجامع إلا ما صح، وتركت من الصحاح لحالة الطول . وكذا قال مسلم : ليس كل شيء عندي صحيح وضعته ها هنا إنما وضعت ما أجمعوا عليه . ولذا قال النووي في التقريب : ولم يستوعبا الصحيح ولا التزماه . على أن ظاهر كلامهما أنهما تركا ما صح من جهة السند أيضاً الذي هو وجهة المحدث خيفة الطول ، فأحرى أن يكونا تركا ما صح لغير السند وهو الصحيح لغيره ، وذلك لأن الصحيح لغيره ليس له قاعدة مطردة ، وإنما هو أمر يعرفه سديد الرسوخ في الأصول والفروع ، النهِم بدرس الهدى النبوي ومعرفة سر التشريع ودرك حقيقة الفقه في الدين .

وقد كان بعض المحققين يسمي هذه الطريقة بطريقة ( قبول الأخبار بالاستدلال ) ليعادل ما بحثه الأصوليون في مسألة ( رد الخبر بالاستدلال ) كما تراه مبسوطاً في المسوّدة وغيرها من مطولات الأصول . وعبارة المسوَّدة : مما يرجح فيه الخبر ويقدم أن يعتضد بعموم كتاب أو سنة أو قياس أو معنى عقلي .

وقد ذهب كثير من أئمة الأصول إلى أن الحديث المتلقى بالقبول يفيد العلم ، والحديث الذي عضده عمل الصحب ، وكذا ما اختلفوا فيه بين آخذٍ ومؤوّل ، وما يوافق آية من كتاب الله تعالى ، أو قاعدة وأصلاً من أصول الدين والمعرفة ، أو يوافق مشروعاً موافقة تصحِّح المشابهة بينهما (كما تراه في جمع الجوامع وغيره ، ومطوَّلات مصطلح الحديث ) .

إذا تقرّر هذا فحديث الجوربين مما تلقي بالقبول ، وعضده عمل الصحب عليهم رضوان الله ، ووافق آية ﴿ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ﴾ ( المائدة : من الآية٦ ) على قراءة الجر والنصب إذا رجعت إليه ، ويندرج تحت قاعدة رف الحرج ، ويوافق مسح الخف ، وجميع هذا مما يصحح المروي أيما تصحيح . وبالجملة فقد

اجتمع في حديث الجوربين الصحتان معاً : صحته من حيث السند كما صرح به الترمذي وابن حبان وكما حققناه من درء الشذوذ المزعوم فيه ، وصحته من غير السند وهي الأمور التي سردت الآن ، ومتى صح الحديث فليس إلا السمع والطاعة .

وأما قول الإمام النووي : إنه لو صح يحمل على الذي يمكن متابعة المشي عليه جمعاً بين الأدلة ، فمطلوب البيان من جهة الجورب ، فأين الدليلعلى اشتراط أن يمكن تتابع المشي عليه فيه ؟ ومعلوم أن الجوارب غير الخف ولكل حكمه ، وإذا أطلق الدليل في الأصول فلا ينصرف إلا إلى الكتاب والسنة وما رجع إليهما ، ولا تعارض إلا بين دليلين متكافئين ، وهناك يتلمس الجمع وإلا فإن المدار على الأقوى فالأقوى اتفاقاً ، وليس في الباب إلا إطلاق الجوربين وعموم التساخين في حديثهما .

وأما قوله : وليس في اللفظ عموم يتعلق به ، فيقال فيه : هذا إشارة إلى ما ذكر في الأصول من أن الفعل المثبت لا عموم له ، فحكايته لا تقتضي العموم ، لا للأقسام ، ولا لجهات الوضع ، ولا للأزمان .

إلا أن هذا على مذهب من لم يقل بعموم المشترك ولا بعموم جهات الوضع ، فأما من ذهب إلى العموم فيهما فقد ذهب إلى العموم فيه .

كذلك قيّد المحققون دعوى عدم العموم فيه بما إذا لم يوجد في ظاهر اللفظ دليل العموم كلام الإستغراق ( كالجوربين والتساخين ) وإلا فإنه يفيد العموم ، ودليلهم أن المحكي عنه صلوات الله عليه واقع على صفة معينة فيكون في معنى المشترك ، فإن رجح بعض الوجوه فذاك ، وإن ثبت التساوي فالبعض بفعله والباقي بالقياس عليه .

وقد اعترض بأن فعله ﷺ إنما وقع بحال معين . وأجيب بعدم التسليم لجواز أن تتعدد جهات وقوع الفعل كما أوضحه العلامة الفناري في ( فصول البدائع ) .

وأما قوله : إن البيهقي حكى عن النيسابوري أنه حمله على أنه مسح على جوربين منعلين لا أنه جورب منفرد ونعل منفردة وكأنه قال مسح على جوربيه المنعلين ، فيعني بذلك ما قاله البيهقي في سننه وقد حكى ذلك ثم قال بعده : وقد وجدت لأنسٍ أثراً يدل على ذلك فأسند عنه أنه مسح على جوربين أسفلهما جلود وأعلاهما خز . أ. هـ . وتعقبه العلامة علاء الدين المارديني في ( الجوهر النقي ) بقوله : أي الحديث . أي حديث المغيرة . ورد بعطف

النعلين على الجوربين وهو يقتضي المغايرة فلفظه مخالف لهذا التأويل ، وكون أنس مسح على جوربين منعلين لا يلزم منه أن يكون النبي عليه السلام فعل ذلك ، فلا يدل فعل أنس على تأويل الحديث بما لا يحتمله لفظه . أهـ .

وقال ابن الهمام في فتح القدير في ردِّ هذا التأويل : إن تخصيص الجواز بوجود النعل حينئذٍ قصْرٌ للدليل . أعني الحديث . والدلالة عن مقتضاه بغير سبب . أ هـ . أي بغير ما يدعو له لا من لفظه ولا من مقتضاه ، فإن صريحه أنه صلوات الله عليه مسح على الجوربين وعلى النعلين كلاً على انفراده ، وأيده في النعلين أحاديث كثيرة مخرجة في دووايـن السنة :

فروى الإمام أبو داود في سننه عن أوس بن أبي أوس الثقفي أن رسول الله ﷺ توضأ ومسح على نعليه وقدميه .

وأخرج الإمام أحمد في سننه عن أوس بن أبي أوس قال : رأيت أبي يوماً توضأ فمسح على النعلين ، فقلت له : أتمسح عليهما ؟ فقال : هكذا رأيت رسول الله ﷺ يفعل .

وأخرج الإمام أحمد أيضاً عن أوس قال : رأيت رسول الله ﷺ توضأ ومسح على نعليه ثم قام إلى الصلاة .

وأخرج الإمام ابن جرير الطبري في تفسيره عن أوس أيضاً قال : رأيت رسول الله ﷺ أتى سباطة قوم فتوضأ ومسح على قدميه ( أي على نعليه فيهما ليوافق روايته السالفة ) .

وأخرج الطبراني عن عباد بن تميم عن أبيه قال : رأيت رسول الله ﷺ يتوضأ ويمسح على رجليه .

وروى الإمام ابن جرير الطبري في تفسيره عن حذيفة قال : أتى رسول الله ﷺ سباطة قوم فبال عليها ، ثم دعا بماء فتوضأ ومسح على نعليه .

وروى البزار بإسناد صحيح عن ابن عمر أنه كان يتوضأ ونعلاه في رجليه ويمسح عليهما ويقول : كذلك رأيت رسول الله ﷺ يفعل ( أورده الحافظ ابن حجر في تخريج أحاديث الهداية ) ، وقال السيوطي في التدريب : صحح أبو الحسن علي بن محمد بن عبد الملك بن القطان صاحب كتاب ( الوهم والإيهام ) حديث ابن عمر هذا المخرج في مسند البزار .

وە فەرموودەکەی ( أبو موسی ) ( ابن ماجه ) لە ( سنن ) ـەکەیدا ڕیوایەتی کردووە کە دەفەرمووێ : پێغەمبەر ﷺ دەست نوێژی گرت و دەستی هێنا بەسەر هەردوو گۆرەوی ونەعلەکانیدا [٣] .

---

وروى البيهقي بإسناد جيد عن ابن عمر قال : رأيت رسول الله ﷺ يلبسها ( يعني النعال السبتية ) ويتوضأ فيها ويمسح عليها . نقله الحافظ ابن حجر في تخريج أحاديث الهداية .

وروى الشيخان البخاري ومسلم عن عبيد بن جريج عن عبد الله بن عمر أنه قال : رأيت رسول الله ﷺ يلبس النعال السبتية التي ليس فيها شعر ويتوضأ فيها ، فأحب أن ألبسها . ومعنى قوله : يتوضأ فيها أنه يمسح عليها كما أوضحته رواية البزار والبيهقي قبل ، والروايات يفسر بعضها بعضاً . وأما قول البخاري : معناه غسل الرجلين في النعلين فرده الحافظ الإسماعيلي كما نقله العيني ، وذلك لمخالفته لما روى عن ابن عمر نفسه .

وروى الدارمي في مسنده عن عبد خير قال : رأيت علياً توضأ ، ومسح على نعلين ، فوسع ، ثم قال : لو لا أني رأيت رسول الله ﷺ فعل كما رأيتموني ، فعلت لرأيت أن باطن القدمين أحق بالمسح من ظاهرهما .

وروى ابن خزيمة من طريق عبد خير عن علي رضي الله عنه أنه دعا بكوز ماء ثم توضأ وضوءاً خفيفاً ومسح على نعليه ثم قال : هكذا وضوء النبي ﷺ للطاهر ما لم يحدث . وتبعه ابن حبات على ذلك وقال في حديث أوس المتقدم : هذا كان في النفل .

فهذه الآثار كلها تدل على أن المسح على النعلين إنما كان عليهما دون شيء آخر معهما كجورب .

وجميعها يفسر حديث المغيرة بما ذكرناه قبل ، ولهذا اتفقوا على عدم اشتراط النعل في الجوربين ، وجوزوا كونهما ثخينين وإن لم يكونا منعلين كما سيأتي ، فسقط ما قاله النيسابوري وكذا غيره .

(٣) **الشبهة الخامسة :**

ما ورد على حديث أبي موسى الأشعري ، فقد قال أبو داود في سننه : روي عن أبي موسى الأشعري عن النبي ﷺ أنه مسح على الجوربين ، وليس بالمتصل ولا بالقوي . قال السندي في حواشيه على أبي داود : قوله : ( وليس

بالمتصل ) أي لأنه من رواية الضحاك ابن عبد الرحمن عن أبي موسى ولم يثبت سماعه منه . وقوله ( ولا بالقوي ) أي لأنه من رواية عيسى بن سنان عن الضحاك وقد ضعفه أحمد وابن معين وأبو زرعة والنسائي وغيرهم . أهـ . وقال الحافظ ابن حجر : حديث أبي موسى الذي أشار إليه أبو داود أخرجه ابن ماجه وفي إسناده ضعف وانقطاع كما قال أبو داود . أهـ .

و ( **الجواب** ) : ما قاله العلامة المحقق علاء الدين المارديني في ( الجوهر النقي في الرد على البيهقي ) من أن التضعيف بعدم ثبوت سماع عيسى بن سنان من أبي موسى هو على مذهب من يشترط للاتصال ثبوت السماع . قال : ثم هو معارض بما ذكره عبد الغني فإنه قال في الكمال : سمع الضحاك من أبي موسى . قال : وابن سنان وثقه ابن معين وضعفه غيره . وقد أخرج الترمذي في الجنائز حديثاً في سنده عيسى بن سنان هذا وحسنه . أهـ .

وقال الذهبي في الميزان : هو - أي ابن سنان - ممن يكتب حديثه . وقال : وقواه بعضهم ، وقال العجلي : لا بأس به . أهـ . وبالجملة وإن وُجِد من ضعفه فقد وجد من وثقه . ومن الأئمة من لا يترك حديث المضعف حتى يجمعوا على تركه . ولا يقال إن الجمهور على أن الجرح مقدم على التعديل لأنه مقيد بأن يكون الجرح مفسّراً لا مجملاً ، وبأن يبنى على أمر مجزوم به لا بطريق اجتهادي كما قاله الإمام ابن دقيق العيد ونقله عنه السيوطي في التدريب ، فالمسألة تحتاج إلى دقة فإنها ليست على إطلاقها كما وهم . ومع ذلك فقد يتأيد الحديث ويعضد بأن يروى من وجه آخر بلفظه أو معناه ، وقد وجد مروي أبي موسى هذا بلفظه في حديث المغيرة ، وبمعناه في حديث ثوبان في التساخين ، فأصبح من الحسن لغيره ، وهو كالحسن لذاته ، وكلاهما يعمل به ويحتج بمقتضاه . ( انظر مطولات المصطلح ) .

وبالجملة فمهما أعلت هذه الأحاديث بما أعلت به من انقطاع أو شذوذ فقد تبين بما برهنا عليه أن منها الصحيح لذاته على قول الترمذي كما تقدم ، ومنها الصحيح لغيره . وقد نبه في الأصول على أن الحديث المعلل - إذا عضده ضعيف أو قول صحابي أو فعله أو قول الأكثر من العلماء أو قياس أو انتشار له من غير نكير أو عمل أهل العصر على وفقه - كان المجموع حجة ، لأنه يحصل من اجتماع الضَّعفين قوة مفيدة للظن . انظر جمع الجوامع وشرحه في بحث المرسل . والله يقول الحق وهو يهدي السبيل .

## ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە : گۆرەوی

## لە زمانەوانی و شەرعدا ماناکەی ڕوون وئاشکرایە

## و هیچ ڕێگەیەك نیە بۆ لادانی بەرەو مانایەکی تر

ووشەی ( گۆرەوی ) لە فەرهەنگی ( المصباح ) ـدا هاتووە کە : هیچ سنورێکی بۆ دانەنراوە ، چونکە شتێکی بەڵگەنەویست ( بدیهی ) و ئاشکرایە بۆ هەموو کەسێك وهیچ سنورێك نیە بۆ ئەو شتانەی کە زانین و ناسینیان ئاسایی و بەڵگەنەویستە ، وە لە فەرهەنگی ( القاموس ) و شرحەکەیدا هاتووە : (( والجورب : لفافة الرجل )) ، واتە : گۆرەوی پێچەرەوەی پێیە . وە لە فەرهەنگی ( لسان العرب ) ـدا هەمان واتا هاتووە . وە ( أبو بكر بن العربي ) دەفەرموویێت : گۆرەوی دوو پەردەن لەخوری بۆ پێ گەرم کردنەوە بەکاردێن ، وە لە کتێبی ( الترضيح ) ی ( المالكي ) ـدا هاتووە : گۆرەوی ئەوەیە کە لەسەر شێوەی خوفە ولەکەتان ولۆکە وشتی تر دروست دەکرێت .

وە لە کتێبی ( الروض المربع ) ی ( البهوتی الحنبلی ) ـدا هاتووە : گۆرەوی ئەوەیە کە دەکرێتە پێ لەسەر شێوەی خوفە ، بەڵام لە پێست دروست ناکرێت . وە ( العيني ) دەفەرموویێت : گۆرەوی ئەوەیە کە خەڵکی ووڵاتی شام کە ووڵاتێکی زۆر ساردە لەپێی دەکەن کە لە خوری ڕێسرا و دروست دەکرێت ، و لەپێی دەکرێت تاکو سەرووی قاپەڕەقەکان ( الكعب ) دەگرێتەوە .

وە ( الحلبي ) لە کتێبی ( شرح المنية ) دەفەرموویێت : گۆرەوی ئەوەیە کە دەکرێتە پێ بۆ لابردنی سەرما و سۆڵە بەشێوەیەك کە لە خوف و ( جرموق ) جیاوازە ، بەڵام ( الجرموق )

وەکو زانایانی فیقه دەڵێن : پێی دەوترێت ( الموق ) کە لــە فــەرهەنگی ( القاموس ) ــدا هاتووە : کەوا خوفێکی ئەستوورە لەسەر خوف لەپێ دەکرێت .

وە ( ابن سيدة ) دەفــەرمووێت : وە ( الموق ) جۆرێکــە لــە خــوف وە ( الجوهري ) دەفەرمووێت : ( الموق ) خوفێکی کورتە لەسەر خوف لەپێ دەکرێت ، وە ئەمەش ووشەیەکی فارسییە کراوە بە عەرەبی . وە ئەوەی وەکــو گــۆرەوی بێت پێویسـت بــەوە ناکـات کـە واتـا زمانــەوانی وشــەرعییەکەی بەووتــەی زانایـان ڕوون بکرێتــەوە ، چــونکە واتاکــەی ڕوون و ئاشکرایە لای هەموو کەسێك ، لە بەر ئەوەی ئەمە لە ڕوونکردنەوەی شتە ڕوون کراوەکانــە ، بەڵام ئەوەی وای لێ کردین ئەم ڕوون کردنەوە زمانەوانیانە باس بکەین ئەوە بوو کـە لەچـەند کتێبێکدا بینیمان کە باس لــەوە دەکــەن کـە گــۆرەوی خــوفێکە لــەسەر خــوف دەکرێتە پێ تـاکو قـاپەڕەقەکان ( الكعب ) دەگرێتەوە لەبەر سەرما و پاراستنی خوفـە ژێرینــە لــەپیس بوون وشۆردن دەکرێتە پێ ، وە بەشتێکی تریش بەندیان ( تقيد ) کـردووە کـە دەبێـت لـە ( پێست ) بێت ، وە ئەمەش هەڵەیەکە کراوە بەسەر زمانەوانی و عورف وهەروەها فیقهــیش ، چونکە ئەوەی ئــەوان بــاسی دەکەن ( جرموق ) ــە نــەوەك گۆرەوی ، وە لـــەوەش نــامۆتر ( غريب ) ووتەی ( الجزولي ) کە یەکێکە لە زانایانی ( مالكي ) بۆچوونی جیـاوازە دەربـارەی ( الجورب ) و ( الجرموق ) ، کە ئایا هەردووکیان دوو ناون بۆ یەك شت ؟ یان نە ؟ وە هۆی ئەم جیاوازیە ئەوەیە کە لە کتێبی ( التوضيح ) ــدا هاتووە : کەوا پێشەوای ( مالك ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ واتای ( الجرموق ) ی بەوە کردووە کەوا : گۆرەوییەکە لە سەر و ژێریـدا پێسـتی لێ دراوە ، بۆیە ( الجزولي ) ش واتێگەیشتووە کە گۆرەوی دەبێت هەر بەم جۆرە بێت ، لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەگەر گۆرەوی بەم شێوەیە پێستی لێدرا و پێی ووترا ( الجرموق ) ، مــەرج نیــە

کە بەهەموو گـۆرەوی یـەك بووترێـت ( الجرموق ) لەبـەر ئـەوەی ( الجورب ) کـە گۆرەویـە بەهەموو ئەوانە دەوترێت کە پێستی لێدراوە یان ئەوانەی کە لەشتی تر دروسـت کـراون . وە ئەگەر گۆرەوی ئەم مانا گشتیەی نەبوایە پێویستی بەوە نەدەکرد کە بەند بکرێـت ( تقید ) ، کاتێك بتەوێت تایبەتی بکەیت بە جۆرێکی دیاری کراو وتایبەت . وە بەشێوەیەکی گشتی لە زمانەوانی و عورفدا گۆرەوی شتێکی ڕەهایە بۆ ئەوە بەکار دەهێنرێت کە لە پـێ دەکرێـت و لە پێست دروست نەکراوە ، جائیتر بە نەعلەوە بێت یان نە .

وە هەروەك بڕیار دراوە ( لە شەرعدا ) کە هەر ناوێك لە قورئانی پیرۆز وسوننەتدا دەقـی لەسەر هاتبێت ، و حوکمێك لە حوکمە شەرعیەکانی پێوە پەیوەستکرا بێت ، پێویستە ئـەو حوکمە دانەنرێت لە سەر شتێکی تر ، خودی ئەو شتە نەبێت ، کە ئەو ناوەی بـۆ دنـراوە ، وە زیادەڕەوی تێدا نەکرێت لەوەی کە شەرع دایناوە ، وبالله التوفیق .

## باسی ئەو هاوەڵانەی کە

## دەستهێنانی سەر گۆرەوییان لێگێڕاوەتەوە

پێشــەوا ( أبو داود ) لــە ( سنن ) ـەکەیدا لــە ( باب المسح على الجوربين ) ـدا دەفەرمووێت : وە ( على ) کـوڕی ( أبو طالب ) و ( ابن مسعود ) ، و ( البراء ) ی کـوڕی ( عازب ) ، و ( أنس ) کوڕی ( مالك ) ، و ( أبو أمامة ) ، و ( سهل ) کـوڕی ( سعد ) ، و ( عمرو ) کوڕی ( حديث ) ، دەستیان هێناوە بەسەر گۆرەویدا ، وە ئەمەش لە ( عمر ) کـوڕی ( الخطاب ) و ( ابن عباس ) یشەوە ڕیوایەت کراوە أ. هـ .

وە ( ابن سيد الناس ) لە ( شرح الترمذی ) ـدا چەند هاوەڵێکی تریشی زیاد کردووە کە ئەمانەن : ( عبدالله ) کوڕی ( عمر ) ، و ( سعد ) کوڕی ( أبو وقاص ) .

وە لە ( شرح الإقناع ) ـدا ( عمار ) ، و ( بلال ) [(١)] ، و ( ابن أبي أوفى ) ی زیاد کردووە ـ خوایـان لێ ڕازی بێت ـ ، کـۆی ئـەم هـاوەڵانە چواردە هاوەڵن ، لە گەڵ ( المغيرة ) ، و ( أبو موسى ) کە دوو فەرموودەکەی پێشتریان ڕیوایەت کـردووە ، واتــە : کـۆی هـەموویان دەکاتە شانزە هاوەڵ .

وە ( ابـن حـزم ) لـــە ( المحلى : ٢ : ١٠٣ ) ـدا بــە ( سند ) ـەوە کــرداری ( دەستهێنان بەسەر گۆرەوی ) لە هەندێك لەو هاوەڵانەی کە ناومان هێنـان دەگێڕێتـەوە ، و ئەمەش دەسەواژەکەیەتی : وە سوننەتە دەستهێنان بەسەر هەرشتێك کە لە پێ کرابێت ـ

---

[(١)] قال الحافظ ابن حجر في تخريج أحاديث المهذّب : وفي الباب عن بلال ، أخرجه الطبراني بسندين أحدهما ثقات .

لەوەی کە حەڵاڵە لە پێ بکرێت و دەگاتە سەرووی هەردوو قاپەڕەقە ( الكعب ) [٢] ـ ئیتر ئەوەی کە لەپێ دەکرێت خوف بێت یان گۆرەوی ، وە هیچ جیاوازیەکیان نیە ، ئەگەر بەدەست نوێژەوە کرابێتنە پێ ، شەو و ڕۆژێك دەستهێنان بەسەریاندا ( جائیزة ) و دروستە بۆ کەسێك کە لە جێگەی خۆیدا ( مقیم ) بێت ، وە بۆ کەسێك لە گوزەر و ( مسافر ) بێت ، سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوە ، ئینجا لەدوای ئەو ماوەیە دەستهێنانی دروست و حەڵاڵ نیە بۆی .

وە پاش ئەوەی کە فەرموودەکانی دەستهێنان بەسەر گۆرەوی ( تخريج ) کردووە دەفەرموویت ( واتە : ابن حزم ) : وە لەوانەی کە ڕایان لەسەر دەستهێنانە بەسەر گۆرەوی کۆمەڵێکن لە پێشینان ( جماعة من السلف ) ، ئینجا بە ( سند ) ـەوە لە ( كعب ) ی کوڕی ( عبدالله ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی : ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ) ـم بینی میزی کرد و دەستیهێنا بەسەر نەعل و گۆرەوییەکانیدا .

وە لە ( أبو الجلاس [١] ) ـەوە دەگێڕنەوە ئەویش لە ( ابن عمر ) ـەوە : کەوا دەستی دەهێنا بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا .

وە ( إسماعيل ) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە و دەفەرموویت : ( البراء ) ی کوڕی ( عازب ) ـم بینی دەستی دەهێنا بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا .

---

[٢] قلت ( أي : العلامة الألباني ) : هذا القيد ( مما يبلغ فوق الكعبين ) لا أعلم له دليلاً ، ثم هو مخالف لقول ابن حزم نفسه في مكان آخر من ( المحلى : ٢ / ١٠٣ ) : وسأذكر نصه في الملحق بآخر الرسالة .

[١] بضم الجيم وتخفيف اللام .

وە لـە ( إبراهيم ) ى کـوڕی ( همام ) ى کـوڕی ( الحارث ) لـە ( أبو مسعود البدري ) دەگێڕێتەوە : کەوا دەستی بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا هێناوە .

وە لـە ( عاصم الأصول ) ـەوە دەگێڕنـەوە کــە دەفــەرموویێت : ( أنس ) ى کــوڕی ( مالك ) ـم بینی دەستی هێنا بەسەر گۆرەوییەکانیدا .

وە لــە ( ابن عمر ) ــەوە دەگێڕنـەوە کــە فــەرمــوویەتی : ( عمر ) ى کــوڕی ( الخطاب ) لە ڕۆژی هەینیدا میزی کرد ، و پاشان دەست نوێژی گرت و دەستی هێنا بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا ، و نوێژی هەینی بەخەڵك کرد .

وە لە ( أبو وائل ) لە ( أبو مسعود ) ـەوە دەگێڕێتەوە : کە دەستیهێنا بەسەر گۆرەوییـە لە ( تووك ) دروست کراوەکانیدا .

وە لە ( يحيى البكاء ) ـەوە دەگێڕنـەوە کـە فەرمووبـەتی : گـوێم لـە ( ابن عمر ) بـوو دەیفەرموو : دەستهێنان بەسەر گۆرەوییەکان وەکو دەستهێنانە بەسەر خوفەکاندا [٢] .

---

[٢] قلت : هذه الآثار أخرجها عبد الرزاق في ( المصنف ) ( رقم ٧٤٥.٧٧٣.٧٧٩.٧٨١.٧٨٢) وابن أبي شيبة أيضاً في ( المصنف ) (١/١٨٨) والبيهقي (١/٢٨٥) وكثير من أسانيدها صحيح عنهم .

وبعضهم له أكثر من طريق واحد ، ومن ذلك طريق قتادة عن أنس أنه كان يمسح على الجوربين مثل الخفين . وسنده صحيح . رواه عبد الرزاق (٧٧٩) ، وهو عند ابن ابي شيبة (١/١٨٨) مختصراً . وعندهما من طريق يحي البكاء قال : سمعت ابن عمر يقول : المسح على الجوربين كالمسح على الخفين . وتلقي نافع ذلك عنه فقال : هما بمنزلة الخفين . أخرجه ابن أبي شيبة بسند حسن عنه وكذلك قال إبراهيم النخعي أخرجه بسند صحيح عنه .

قلت : فبعد ثبوت المسح على الجوربين عن الصحابة رضي الله عنهم : أفلا يجوز لنا أن نقول فيمن رغب عنه ما قاله إبراهيم هذا في مسحهم على الخفين : ( فمن ترك ذلك رغبة عنه ، فإنما هو من الشيطان ) . رواه ابن أبي شيبة ( ١/١٨٠) بإسناد صحيح عنه .

## ئەوەی کە گێڕراوەتەوە لە ناودارانی هاوەڵان ﵃
## و شوێنکەوتوانیان سەبارەت بە دروستی مەسح کرد
## لەسەر گۆرەوی ئەگەرچی تەنکیش بێت

پێشەوا ( النووي ) لە ( شرح المهذب ) ـدا دەفەرمووێت : (( وحكى أصحابنا ( الشافعية ) عن عمر . وعلي رضي الله عنهما . جواز المسح على الجورب وإن كان رقيقاً . وحكوه عن أبي يوسف ، ومحمد ، وإسحاق ، وداود )) ، واتە : وە هاوەڵانمان ( واتە : زانایانی شافعی مەزهەب ) دروستی دەستهێنانیان بە سەر گۆرەوی لە ( عمر و علي ) ـەوە گێڕاوەنەوە ـ خوایان لێ ڕازی بێت ، ئەگەرچی تەنکیش بێت ، هەروەها لە ( أبو يوسف ، ومحمد ، وإسحاق ، وداود ) ـەوە گێڕراوەتەوە .

پاشان پێشەوا ( النووي ) دەفەرمووێت : (( واحتج من أباحه . وإن كان رقيقاً . بحديث المغيرة أن النبي ﷺ مسح على جوربيه ونعليه . وعن أبي موسى مثله مرفوعاً )) واتە : وە ئەوانەی کە دەڵێن دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا حەڵاڵە و دروستە ئەگەرچی تەنکیش بێت فەرموودەکەی ( المغيرة ) دەکەن بە بەڵگە کە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا هێناوە . وە لە ( أبو موسى ) شەوە هاوشێوە ئەمە لە پێغەمبەر ﷺ دەگێڕنەوە .

ئەم ووتانەی پێشەوا ( النووي ) شتی لەوەی پێشوو زیاتر تێیدایە کە ئەویش ئەوەیە بەڕاشکاوی ( التصريح ) ئەوە دەڵێت کە : دروستی دەستهێنان بەسەر گۆرەوی لەوانەوە دەگێڕێتەوە ، ئەگەرچی تەنکیش بێت ، ئەگەرچی لە ( أثر ) ـە ڕەهاکانی پێشوو ئەمەی

لێ تێدەگەین ، چونکە بنەڕەت لە ڕەها ( المطلق ) ـدا ئەوەیە کە بـە ڕەهـای ( مطلق ) ی بمێنێتەوە تاکو بەڵگەیەك دێت بەند ( تقید ) ی دەکـات ، هـەروەکو چـۆن گشـتی ( العلم ) حـوکمەکەی خـۆی هـەیە تاکو بە بـەڵگەیەك ( تخصیص ) تایبەت دەکرێت .

وە لە باسەکانی دواییدا ئەمـە ڕوون دەکەینـەوە بـەوەی کـە پێشـەوا ( ابن حزم ) ـ ڕەحمەت و ڕەزای خوای لێ بێت ـ فەرموویەتی لەم بارەیەوە .

## ڕوون کردنەوەی ئەوەی کە : ووتە وفەتوای هاوەڵان

## لە پێشترە بۆ وەرگرتن لەووتەی کەسانی تر وە ڕەتکردنەوەی ووتەی

## ئەو کەسەی کە متمانەی نیە بەوەی کە لێیانەوە پێمان گەیشتووە

ئەمە باسێکی گەورەیە پێویستە لەسەر هـەموو کەسـێك کـە چـەمکێکی لەزانسـت گرتبێت گوێ ی بۆ بگرێت ، ئەوەش لەبـەر ئـەوەی زۆرێـك لەخـەڵکی ئەگـەر بۆچـوون و مەزهەبی هاوەڵێکی بۆ باس بکرێت لە باسێکدا ( مسألة ) سـەری بـۆ بـەرز ناکاتـەوە و گوێی ناداتێ ، پشت بەست بەوەی کە هاوەڵان لەوانە نین کە پێویستە ئیش بە ووتەکانیان بکرێت . و لەوانەشە زیادەڕەوی بکات وبڵێت : هـاوەڵان لەوانـە نـین کـە بۆچـوونەکانیان تۆمار کرابێت ، وە لەبەر ئەوەی ئەم ووتەیە شتێك نیە بەسووك سەیر بکرێت لەئاییندا ، چونکە ووتەیەکی وەکو ئەمە زۆر نامۆ و پووچەڵە لە لای زانایان ، پێویست دەکـات ئـەم تێکەڵاوبوونەی چـەمکەکان بڕەوێنرێتـەوە و لابرێـت ، بـۆ ئـەوەی ڕێنموویـەك بێـت بـۆ

لەخواترسان ، لەبەر ئەوەی هاوەڵان ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ لەپلە وپایەیەکی زۆر بەرزن لەهەموو زانست وکارێك ، وچاکە وپیاوەتیەك .

پێشەوا ( ابن القيم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە کتێبی ( إعلام الموقعين ) ـدا دەفەرموویێت : هەروەکو چۆن هاوەڵان سەروەر و پێشەوا و پێشەوای ئوممەتن ئاوەهاش سەروەری ( مفتي ) و زانایانن ، ( مجاهد ) دەفەرموویێت : ( زانایان ) هاوەڵانی پێغەمبەرن ﷺ .

( ابن القيم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە پێشەوا ( الشافعي ) ـەوە دەگێڕێتەوە کە دەربارەی هاوەڵان فەرموویەتی : ئەوان لە سەرووی ئێمەوەن لەهەموو زانست و تێکۆشان ( إجتهاد ) و ( ورع ) و ( عقل ) ژیری و ( أمر ) فەرمانێکەوە کە زانستی پێ دەست بکەوێت ، وە ڕاکانی ئەوان بۆ ئێمە چاکترە و لە پێشترە لەڕاکانی خۆمان ... هتد ئەگەر ئەمەت زانی ئەوەت بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لە ( جمع الجوامع ) ی ( السبكي ) ـدا هاتووە کەوا لە لاسایی ( تقليد ) کردنی بۆچوونی هاوەڵدا ( الصحابي ) دوو ڕا هەیە :

**یەکەمیان :** وەرناگیرێت و ئیشی پێ ناکرێت و متمانە ( ثقة ) بە بۆچونەکەی ناکرێت ، چونکە تۆمار نەکراوە . واتاکار و ڕاڤەکاری کتێبەکەش ئەم ڕایەی داوەتە پاڵ ( إمام الحرمين الجويني ) و ( المحققين ) ـ واتە : ئەوانەی کە لاسایی ( الجويني ) دەکەن ـ شوێنکەوتوانی ئەم ووتە گشتی یە نابێت بەڕووکەشەکەی هەڵبخەڵەتێین ، لە کاتێکدا بەووتەی چەندین پێشەوای تر ڕەت دراوەتەوە ، بەڵکو خودی ( السبكي ) ئەمەی ڕەت کردۆتەوە و دەفەرموویێت : هەروەکو ( الزركشي ) لێی دەگێڕێتەوە و لە پەراوێزی

کتێبەکەیدا دەیبینیت : ئەگەر بۆچوونی هاوەڵێك جێگیر و ساغ بۆیەوە ئەوا بەکۆڕا لاسایی کردنەوەی دروستە .

وە پرسیار کرا لە ( العز بن عبدالسلام ) [١] دەربارەی کەسێك کە بۆچوونی ( أبو بکر ) یان هەر یەکێکی تر لە زانایانی هاوەڵان ( الصحابة ) ی لاساغ بوبێتەوە لە مەسەلەیەکدا ، ئایا بۆچوونی زانایەکی تر وەربگرێت یان نەء ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی : ئەگەر بۆچوونی یەکێك لە هاوەڵان ساغ بۆیەوە و سەلمێندرا بە ( صحیح ) ی لەحوکمێك لەحوکمەکان دروست نیە ( لا یجوز ) پشتی لێ بکرێت و وەرنەگیرێت مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لە بەڵگەکەی ئەوان ڕوون وئاشکراتر بێت .

وە دەفەرموویێت : وە ( واجب ) نیە لەسەر ( مجتهدین ) لاسایی هاوەڵان بکەنەوە لەمەسەلە خیلافیەکاندا ، بەڵکو ئەوە ـ واتە : لاسایی کردنەوەی کەسی مجتهد بۆ هاوەڵان ـ حەلاڵ نیە ئەگەر هاتوو بەڵگەکانی ئەمان ڕوون تر بوو لە بەڵگەکانی هاوەڵان أ. هـ .

وە ( ابن تیمیة ) لە هەندێ لە فەتواکانیدا دەفەرموویێت : بەڵام گوفتاری هاوەڵان ئەگەر بڵاوبویەوە و هیچ کەس بەرەنگاری نەبوویەوە و پێچەوانەی نەوەستان لە سەردەمی خۆیاندا ، ئەوا بەڵگەیە لای زۆربەی زانایان ( جماهیر العلماء ) بەڵام ئەگەر بۆچوونیان جیاوازبوو ئەوا ووتەکانیان دەگێڕینەوە بۆ قورئان وسوننەت ، وە گوفتاری هەندێکیان نابێتە بەڵگە لەگەڵ هەبوونی دژ بەو لە لایەن هاوەڵێ ترەوە بە یەك دەنگی سەرجەم زانایان .

---

[١] شرح خلیل للحطاب جزء (١) ص ٣١ .

بەڵام ئەگەر هەندێکیان بۆچوونێکی هەبوو کەس لەوان ووتەی پێچەوانەی نەبوو ، بەڵام ئەم بۆچوونەی بڵاونەبوویەوە ئەوە مشت ومڕی لەسەرە ، وە ( جمهور العلماء ) زۆرینەی زانایان دەیکەن بە بەڵگە وەکو ( أبو حنيفة و مالك و أحمد فى المشهور ) و ( الشافعي ) لە یەکێك لە دووو بۆچوونەکەی ، کە دوایین ووتەیەتی أ. هـ .

وە دەقەکان دەربارەی بایەخدان بە ووتەی هاوەڵان ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن ، ئەمە دەڵێین بۆ ئەوەی دەستپێکێك بێت بۆ ئەو ووتانەی لە هاوەڵانەوە جێگیر و سەلمێندراوە لە کتێبەکانی سوننە وەکو ئەوەی کە لە سوننەنی ( أبو داود ) و ئەوانی تریش هاتوون دەربارەی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا ، چونکە ئەم ووتانە بەڵگەن لەم مەسەلەیەدا لەسەر هەموو ئەوانەی پێچەوانەی ووتەکانیان دەوەستن بەهەر شێوەیەك بێت ، چونکە لەسەر ئەوەی ( ابن تيمية ) درێژەی بەم باسە داوە ( تفصيل ) ، و زانایانی ( الأصول ) یش بڕیاریان لەسەری داوە ، یان بڵاوبۆتەوە و یان هیچ هاوەڵێك پێچەوانەی نەبووە ، وە ئەوەی بەم شێوە بێت بەبەڵگە دادەنرێت و هەموو زانایان هاودەنگ و کۆکن لەسەری . وە یان بۆچوونی هەندێکیانە و بڵاونەبۆتەوە کە پێچەوانەیان هەبێت ، وە ( جمهور العلماء ) بەبەڵگەی دەزانن .

وە زانراوە کە ئەگەر پێچەوانە هەبوایەت ووتەکەی بڵاودەبویەوە ، لە کاتێکدا هیچ شتێکیان نەووتووە و نەکردووە نەدرابێتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ ( المرفوع ) بەوەی کە زانراوە لەو ڕیوایەتە جۆرا و جۆرانە .

وە ئەوەی ئاشکرایە لە مەسەلەی ئەحکامدا : هەر حوکمێك کە لە لایەن کۆمەڵێکەوە ڕیوایەت کرابێت بە گوفتار و کرداریان و گەیشتبێتنە شازدە کەس و لە چینی هاوەڵانیش نەبن ( طبقة الصحابة ) بەبێ هیچ دڵە ڕاوکێیەك وەردەگیرێت ، چ جای ئەوەی کە هەموویان لەچینی هاوەڵان بن ، ڕەحمەت وڕەزای خوایان لێ بێت ئەمانە هەمووی لەسەر ئەو گریمانەی کەوا لەم مەسەلەیەدا ـ مەسەلەی دەستهێنان بەسەر گۆرەوی ـ هیچ فەرموودەیەك ( صحيح ) نەبێت بۆچونی هاوەڵان نەبێت !! ئەگینا پێشتر ئەو فەرموودانەمان باس کرد کە بەڵگەن لەم مەسەلەیەدا لەکاتی جیاوازی و مشت ومڕدا ، بەڵام ئەم ڕستەیە پێویستە ئەوانە لێ ئاگادار بن کە گوێ بەهیچ شتێك نادەن بەلاسایی کردنەوە نەبێت ، وە دەبێت ئەوە بزانن کە هەرکەسێك لاسایی کردن ( التقليد ) هەڵبژێرێت چاکتر ولە پێشترە .

( ابن القيم ) لە ( إعلام الموقعين ) ـدا دەفەرمووێت : نازانرێت بیانووی ( المقلد ) لاسایی کار چیە لەوەی کە ووتە و بۆچوونی غەیری هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ بە پێشتر بزانرێت لەسەر بۆچوونی هاوەڵان ؟!! چ جای ئەوەی کە قەدەغەی دەکات کە بۆچوونی هاوەڵ وەربگیرێت !!! وە چ جای ئەوەی کە ئەو کەسەی ئیش بەووتەی هاوەڵێك بکات بە ( مبتدع ) ی بزانێت ؟! بەڕاستی ئەوە پەندە بەناوبانگەی لەسەر ساغ دەبێتەوە کە دەڵێت : ( رمتني بدائها وانسلت ) کۆتایی هات .

بەڵام ئەو شوبهەیەی کە دەووترێت : متمانە ناکرێتە سەر ووتەی هاوەڵان بەوەی کە بۆچوونەکانیان تۆمار نەکراوە ، ئەمەیان لەماڵی جاڵجاڵۆکە لاوازترە چونکە باسەکەی ئێمە دەربارەی ئەو ووتانەیە کە لەوانەوە پێمان گەیشتووە و لە کتێبە متمانە پێکراوەکاندا

، ئەو کتێبانەی کە لەبەر دەستماندایە و لە کتێبی سوننەت وفیقهیەکاندا هاتووە ، بەتایبەت هەردوو صەحیحی بوخاری و مسلم ( واتە : الصحیحان ) و کتێبەکانی سوننەتدا ( السنن ) کە بەڕاستی ئەم کتێبانە پارێزراوبون لەزیاد و کەم کردن تیایاندا بەهۆی ئەوەی کە ئەو کتێبانە زۆر چاودێری کراون لەڕێگەی واتاکردن و زۆربەی دەست نووسەکان ( النسخ المخطوطة ) ی کە ڕازاوەتەوە بە گوێ بیستنی زانایانی فەرمووەدەناس و بە لەبەرکردنیان ، کە بە شێوەیەکی بێ هاوشێوە پارێزراون لە زۆربەی کتێبخانەکاندا و لە کتێبی پێشەوا بەناوبانگەکانی فیقهدا ، کە مەزهەبەکانیان بەناوبانگە .

وە گومانی تێدا نیە کە ئەمە یەکێکە لە ( معجزة ) کانی پێغەمبەر ﷺ کە خوای گەورە کەسانێکی پارێزەری بۆ تەرخان کردووە کە بیپارێزن ، وەکو چۆن کتێبە پیرۆزەکەی ـ ( القرآن ) ی ـ پاراستووە ، سوپاس وستایش پێزانین بۆ خودای پەروەردگار ، ئەگەرچی سەرچاوە ( أصل ) لەو کاتەی کە نووسین و دانان بڵاوبۆتەوە گواستراوەتەوە لەو کتێبانەی کە لەبەردەست دایە و دڵ متمانەی پێ دەکات ، ئیتر ئەگەر هەموو کتێبەکە لەگەڵ کتێبە بنەڕەتەکە بەرامبەر کرابێت یان نە ، هەتاکو زۆرینەی گومان وابێت کە ڕاست و دروستە ودڵیش پێی ئارام بێت ، ئەمەش پێی دەوترێت ( الوجادة ) واتە : بینین وچاوکەوتن بە نووسراوی نووسەرێك کە بە دەست و خەتی و پێنووسی خۆی نووسراوە . هەر بۆیە پێشەوا ( المقبلي ) لە کتێبی ( العلم الشامخ ) دا ڕێ لە ئەو ووتەیان دەگرێت کە ئەوان بەڕاشکاوی دەڵێن : پشت بە ( الوجادة ) نابەسترێت و ئەمە دژی دەوەستێت ، چونکە ئەوە ـ واتە : ووتەکەی پێشوویان ( وجادة ) یە و هیچی تر ـ وە دەڵێت ( واتە : المقبلي ) : بەڵام متمانە بوون ئەوە مەرجە لە هەموو ڕێگەیەك ، ووتەکەی کۆتایی هات .

بەڵکو قازی وموفتی و ئەو زانایانەی کە هەڵێنجاندن دەکەن لە دەقەکانی شەرع پشت دەبەستن بەم ( وجادة ) یە کە باسکرا ، چونکە مەحاڵە هەموو کتێبێك بە ( سند ) ـەوە بگەیەنرێت بەدانەرەکەی ، وە لەویشەوە بە گوێ گرتن وخوێندنەوە لەسەری لە چینەکانی ( سند ) ـەکەدا ، لە کاتێکدا دەبینین ئەو بایەخدانەی کە بەکتێبی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ دراوە لە لایەن ( الضبط ) و وەرگرتن و واتاکردنی و زۆربەی وێنە ڕاستکراوەکانی ( النسخ المصححة ) و شانازی کردن بەخوێندنەویان و گوێگرتن لێیان و وەرگرتنیان ، لەهەمان کاتدا دەبینین دەیەك دەیەکی ئەوە بایەخ دانە نەدراوە بەکتێبی چوار پێشەواکە و ئەوانی تریش ، وە ئەگەر کەسێك بیەوێت کتێبێك لە دانراوەکانی پێشەواکان بنوسێت یان چاپی بکات ئەوا چەندین گرفتی دێتە ڕێ کە ناهێڵێت بەتەواوی ئەم کتێبە بەچاپ بگەیەنێت [١] ، و زۆربەی جار دوای پشکنینێکی زۆر چەند بەشێکی کەم یان وێنەیەکی دڕاو نەبێت هیچی تر نابینرێت ، لە کاتێکدا دەبوایە ئەوانەی لاسایی ئەو ( تقليد ) پێشەوایانە دەکەنەوە لەهەموو سەردەمێکدا هەزارەها دانە لە کتێبەکانی ئەو پێشەوایانە کۆپی بکەن وخزمەتیان بکردایەت بەخوێندنەوە و بڵاوکردنەوە و ڕاڤەکردنیان .

وە بەڕاستی جارێکیان زۆر بە پەرۆشەوە دەگەڕام بەدوای وێنەیەکی دەست نووس ( النسخة المخطوطة ) لە کتێبی ( الرسالة ) ی پێشەوا ( الشافعي ) یان ڕاڤەیەکی ئەم کتێبە بۆ ئەوەی لەگەڵ چاپ کراوەکەدا بەراوردیان بکەم و ڕاڤەکەش بنووسمەوە ، بەڵام

---

[١] وهذا ما وقع عند طبع كتاب ( الأم ) للشافعي ، فقد احتاجوا إلى جمع أجزائها من مختلف البلدان . وقس على كتاب الأم أمثاله من مؤلفات الأئمة .

هیچم دەست نەکەوت لە هیچ کتێبخانەیەك لە کتێبخانەکانی وولاّتی شام ، ئەوە لەکوێیە لە چاو دەست نووسەکانی ( الصحيحين والسنن ) کە لە هەموو کتێبخانەکانی دونیادا بلاّون و دەست دەکەوت ، و فێرخوازی زانستی شەرعی هیلاك نابێت لەوەی کە باشترین دەست نووسی دەست بکەوێت .

ئایا متمانە بوون بە کتێبەکانی سوننەت و ئەوەی تیایدایە لە ( المرفوع ) و ( الموقوف ) کە ئەمەش ووتەی هاوەلاّن و فەتواکانیان دەگرێتەوە ، بەهێزتر نیە لە دلّدا لەوانی تر ؟ ( اللهم فبلى ) بەلّیَ واللە .

وە ئەوەی پشتگیری ئەو باسەی پێشوومان دەکات دەربارەی ( الوجادة ) ئەوەیە کە لە کتێبی ( تدريب الراوي شرح تقريب النواوي ) پێشەوا ( السيوطي ) و لە کۆتایی توێژینەوەی ( الصحيح ) دا هاتووە و دەستەواژەکەی ئەمەیە : لە پێشەوا ( ابن برهان الدين ) لە کتێبی ( الأوسط ) ەوە بۆچوونی هەموو زانایانی فیقە وایە کە ئیشکردن بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ ناوەستێت لەسەر گوێبیست بوون ( السماع ) ، بەلّکو ئەگەر کتێبێك لەلای ڕاست وجێگیربوو ئەوا دروستە ئیشی لەسەر بکات ، ئەگەرچی گوێبیستیشی نەبووبێت .

وە ( أبو إسحاق الأسفرايني ) کۆڕای زانایان دەگێڕێتەوە لەسەر دروستی زانست وەرگرتن لەو کتێبانەی کە متمانە پێکراوون و مەرج نیە سەنەدەکەی پچڕانی تیادا نەبێت تاکو دانەرەکەی .

وە پێشەوا ( الطبري ) ش لەپەراوێزێکدا دەڵێت : (( هەر کەسێك فەرموودەیەکی بینی لە کتێبێکی ڕاست و جێگیردا ئەوا بۆی هەیە ڕیوایەتی بکات و بیشیکات بە بەڵگە )) .

وە شێخ ( عزالدین ) ی کوڕی ( عبدالسلام ) لە وەڵامی پرسیارێکدا دەڵێت : (( سەبارەت بە پشت بەستن بەکتێبە فیقهیە ڕاست ومتمانە پێکراوەکان ئەوا زانایان لەم سەردەمەدا یەك دەنگ و کۆڕان لەسەر پشت بەستن بەم کتێبانە ، و کردنیان بە بەڵگە ، چونکە متمانەی پێ کراوە هەروەکو چۆن متمانەی بە ڕیوایەت کراوە ، وە هەرلەبەر ئەوەش کە خەڵکی پشت دەبەستێت ومتمانە دەکات بەکتێبە بەناوبانگەکان لە ڕێزمان و زمانەوانی وپزیشکی و تەواوی زانستەکانی تر لەبەر دووری چەواشەکاری لێیان و ڕوودانی متمانە پیان )) .

ئەگەر ووردبیتەوە لە ووتەی پێشەوایان دەربارەی پشت بەستن بەوەی کە لە کتێبە فیقهیەکان و ئەوانی تریشدا هاتوون دەزانیت کە هەر شتێکی تێدا بێت لە هاوەڵێکەوە یان گێڕانەوەی مەزهەبی هاوەڵێك ئەوا متمانە پێ کراوە و ئیشی پێ دەکرێت بەبێ هیچ گومانێك ، و ئەم مەزهەب و بۆچوونەی ئەوان لە پێشترە لە بۆچوونی هەر زانایەکی تر ، لە کاتی لاسایی کردنەوەدا بۆ کەسێك کە بیەوێت لەمە تێبگا و نەبێتە دیلی لاسایی کردنەوە .

## ئەو شوێنکەوتوانەی ( تابعیانەی ) کە
## مەسح کردنیان لەسەر گۆرەوی لێوە ڕیوایەت کراوە

شاراوە نیە کە ئەگەر هاتوو لە مەسەلەیەکدا هیچ شتێکی ( مرفوع ) یان ( موقوف ) نەبوو ، وە ووتەی یان فەتوای شوێنکەوتویەك هەبوو دەربارەی بێگومان ئەو کاتە حیسابی بۆ دەکرێت و دەگێڕێدرێتەوە ، بە تایبەتی لەباسی لاسایی کردنەوەی کەسی زاناتر و چاکتر لای لاسایی کەرەوەکان ( المقلدة ) .

( محمد ) ی کوڕی ( سعد ) [(١)] دەگێڕێتەوە کە ( أبو سلمة ) ی کوڕی ( عبدالرحمن ) بە حەسەنی بەصری ووتووە : ئەو فەتوایانەی کە بۆ خەڵکی دەدەیت ئایا شتێکە بیستووتە لە هاوەڵانەوە یان بۆچوونی خۆتە ؟ حەسەنیش فەرمووی : (( نە واللە ئەو فەتوایانە کە دەیدەین هەموومان نەبیستووە ، بەڵام ڕاوبۆچوونی ئێمە باشترە بۆیان لە ڕاوبۆچوونی خۆیان )) [(٢)] .

وە چەند ئەسەرێك ( أثر ) ێك لە شوێنکەوتوانەوە ڕیوایەت کراوە دەربارەی مەسح کردن لەسەر گۆرەوییەکان لەوانە :

---

[(١)] واتە : خاوەن کتێبی : ( الطبقا ت الكبرى ) .

[(٢)] ( إعلام الموقعين جزء ١ صفحة ٧٥ ) .

پێشەوا ( ابن حزم ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە کتێبی ( المحلى ) ـدا لە ( قتادة ) لـە ( سعيد ) ی کـوڕی ( المسيب ) ڕیوایـەت دەکـات کـە فـەرموویـەتی : (( گۆرەوییەکان هاوشێوەی خوففەکانن لە مەسح کردندا )) .

وە لـە ( ابن جريج ) ـەوە دەڵێـت بـە ( عطاء ) ـم ووت : ئایـا مەسـح لەسـەر گۆرەوییەکان دەکرێت ؟ ووتی : بەڵێ مەسحیان لەسەر دەکرێت ، وەکو خوففەکان .

وە لە ( إبراهيم النخعي ) ـەوە کەوا وای دەبینی کـە مەسـح کـردن لەسـەر گـۆرەوی هیچی تێدا نیە .

وە لە ( الفضل بن دكين ) ـەوە فەرموویەتی : گوێم لە ( الأعمش ) بـوو کاتێـك کـە پرسیاری لێکرا دەربـارەی گـۆرەوییەکان : ئایا ئەو کەسەی کە پێوە نووسـتبێت ( واتـە : بەدەستنوێژەوە ) دەتوانێت مەسحیان لەسەر بکات ؟ فەرمووی بەڵێ .

وە لـە ( قتادة ) ئـەویش لـە ( الحسن ) و ( خلاس ) ی کـوڕی ( عمرو ) ـەوە گێڕاویەتیەوە : کە هەردووکیان مەسحیان لەسەر گۆرەوی کردوە و وەکو مەسحکردنی سەر خوففەکانیان داناوە .

پـاشان لـە شوێنکەوتوان ( التابعين ) نـاوی ( سعيد ) ی کـوڕی ( جبير ) و ( نافع ) یشی هێنا [١] ، پـاش ئـەوە ( ابن حزم ) دەڵێـت : ئەمـەش بۆچـوونی ( سفيان الثوري

---

[١] قلت ( أي : العلامة الألباني ) :

أخرجه ابن أبي شيبة (١٨٩/١) عن سعيد بن المسيب وسعيد بن جبير ونافع وإبراهيم وتقدم لفظهما قريباً .

وعن عطاء قال : ( المسح على الجوربين بمنزلة المسح على الخفين ) . وسنده صحيح .

والحسن بن حي وأبو يوسف ، ومحمد بن الحسن ، وأبو ثور ، وأحمد بن حنبل ، وإسحاق بن راهوية ، داود بن علی الظاهري ) وچەندان زانای تریشە .

**ڕوونکردنەوەی ووتەی زانا بەناوبانگەکانی فیقە و**

**شەریعەت سەبارەت بە مەسحکردن لەسەر گۆرەوی**

**١ ـ مەزهەبی مالکیەکان سەبارەت بە مەسحکردن لەسەر گۆرەوی :**

پێشەوا ( ابن القاسم ) لە کتێبی ( المدونة ) ـدا دەڵێت : پێشەوا ( مالك ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لە سەرەتادا مەسحکردنی لەسەر ئەو گۆرەویانەی کە لەپێ دەکرێن بەڕەوا دەزانی ، بەمەرجێك سەر و ژێری گۆرەوییەکە بەپێست گیرابێت ، پاشان پەشیمان بوویەوە و ووتی : مەسحیان لەسەر ناکرێت .

( ابن القاسم ) دەفەرموویت : ووتە یەکەمینەکەی پێشەوا ( مالك ) ـم پێخۆشترە ئەگەر بەپێست گیرابێت وەك وەسف کراوە بۆت .

( ابن یونس ) دەفەرمووێت ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە : یەکەم بۆچوونی پێشەوا ( مالك ) بۆچوونی ڕاست و دروستە ، چونکە ئەگەر بەپێست گیرابێت و تاکو پاژنەش داپۆشێت ئەوا وەکو ( خف ) وایە ( نقله المواق في التاج والإكليل ) .

وە لە هەڵبژاردنی ( ابن القاسم ) بۆ ئەو بۆچوونەی کە پێشەواکەی ( مالك ) لێی پەشیمان بووەتەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێت : خۆشترە لەلام ، لە وتەکەی ( ابن یونس ) یش

کە دەڵێت : ئەمە بۆچوونی راست ودروستە ، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوەڵانی پێشەواکان دوور بوون لەلاسایی کردنەوەی ووشك و ڕووت و ئەوەش کە ئەوانە تەنها پشتیان بەبەڵگە بەستووە ، وە ئەم بۆچوونەشیان لە ڕاستیدا بۆچوونی تایبەتی خۆیان بووە .

هەروەها دوو هاوەڵەکەی ( أبو حنيفة ) ش هەروەها بوون لەگەڵیدا ، و هەروەها هاوەڵانی ( الشافعي ) یش ، چونکە ( المزني ) زۆرجار بۆچوونێکی تایبەتی هەبووە ، کە دوور بووە لە بۆچوونی مامۆستاکەی .

وە ( النووي ) لە کۆتایی ڕاڤەکەی ( خطبة المهذب ) لە ( إمام الحرمين ) ـەوە دەگێڕێتەوە کە ( المزني ) ئەگەر بۆچوونێکی تایبەتی هەبوو ئەو کاتە خۆی خاوەن مەزهەبێکی تایبەتە .

وە زۆرێك لە هاوەڵانی ( الشافعي ) ـ بە ڕەحمەت بێت ـ هەندێك مەسەلەیان هەڵبژاردووە کە پێشەوا ( الشافعي ) لێی ئەگەڕایەوە و ئەمان بەدرووستیان زانیووە وپاشتر فەتوایان لەسەری داوە .

( إمام الحرمين ) دەڵێت : ئەو بۆچوونەی کە پێشەوایەك لێی پەشیمان بووبێتەوە بەمەزهەبی ئەو دانانرێت ، جا ئەگەر بۆچوونی کۆنی ( الشافعي ) زانرا ، و بینیمان هەندێك لە هاوەڵانمان فەتوایان لەسەر داوە ، ئەو کاتە ئەمە بەوە دادەنێین کە ئەم زانایانە ئیجتیهادیان کردووە و بۆچوونی کۆنی ( الشافعي ) یان هەڵبژاردووە لەبەر دەرکەوتنی بەڵگە لەسەری ، و ئەمانە ئەو کاتە موجتەهیدن بۆیە فەتوایان پێداوە أ.هـ .

جا بەجوانی ووردبەرەوە لە دەستەواژەی ( وهم مجتهدون : ئەوان موجتەهیدن ) هەڵەی ئـەو کەسـانەت بۆ دەردەکەویت کە دەڵێن : ئەم زانایانە تەنها لەمەزهەبدا ( موجتەهیدن ) نەك موجتەهیدێکی ڕەها بن ، بەڵکو ئەم زانایانە موجتەهیدن بەشـێوەیەکی ڕەهـا ، و مەرجیش نیە هەموو موجتەهیدێك شوێن کەوتوو و مەزهەبێکی نووسراوی هەبێت ، بەو پێیەی کە هەر زانایەك لە ڕێساکانی پێشەواکەی دەرچێت بەمەزهەبی ئەو دانانرێت .

پێشەوا ( النووي ) دەفەرموویت : (( وقد سبق اختلافهم في أن المخرج هل ينسب إلى الشافعي ؟ والأصح أنه لا ينسب )) ، واتە : وە پێشتر ناکۆکی زانایـان خرایـەڕوو لەسـەر ئەوەی کە ئایا ئەو زانایەی کە فەتوای لەسـەر ڕێسـاکانی پێشـەوای مەزهەبەکـەی بێـت دەدرێتە پاڵ ( الشافعي ) ؟ بۆچوونی ڕاست ئەوەیە کە نادرێتە پاڵ ( الشافعي ) أ. هـ .

**٢ـ ئەوەی کە لە پێشەوا شافعی و هاوەڵانیەوە گێردراوەتەوە سـەبارەت بـە دەسـتهێنان بەسەر گۆرەوی :**

پێشەوا ( الترمذي ) لە ( سنن ) ـەکەیدا لە ( باب المسح على الجوربين والنعلين ) دا دەڵێت : ئەمەش ـ واتە : دەستهێنان بەسەر گۆرەوی ـ بۆچـوونی زۆرێـك لـە زانایانـە ، و ووتەی : ( سفيان الثوري ) ، و ( ابن المبارك ) ، و الشافعي ، و أحمد و ئیسحاقیشـە ، کـە فەرموویانە : دەست بەسەر گۆرەویدا دەهێنرێت ئەگـەر بـە نەعلیشـەوە نـەبێت ، ئەگـەر هاتوو گۆرەوییەکان ئەستور بن أ. هـ .

وە ئاشکراشـە کـە پێشـەوای ( الترمذي ) لـە هـاوەڵانی پێشـەوا ( الشافعي ) یـەوە ڕیوایەتی کردووە ، هەر بۆیە لەکۆتایی کتێبەکەی ( السنن ) ـدا دەڵێت : وە ئـەوەی لـەم

کتێبەدا هاتووە لە ووتەکانی ( الشافعي ) ئەوا زۆربەی ( الحسن بن محمد الزعفراني ) پێی ڕاگەیاندووم لە ( الشافعي ) یەوە ، وە ئەوەی کە تیایدا هاتووە دەربارەی دەستنوێژ و نوێژ ئەوا ( أبو الوليد المكي ) لە ( الشافعي ) یەوە بۆی باس کردووین ، وە تیایدا هەیە کە ( أبو أسماعيل ) بۆی گێڕاوینەتەوە دەڵێت : ( حدثنا يوسف بن يحي القرشي البويطي عن الشافعي ) ، وەچەند شتێکیشی باس کردووە کە ( الربيع ) لە ( الشافعي ) یەوە گێڕاویەتەوە ، وە ( الربيع ) یش ئیجازەی پێداوین بەگێڕانەوەی ، و بۆی نووسیوین أ. هـ .

وە پێشەوا شیرازی لە ( المهذب ) دا دەڵێت : وە ئەگەر گۆرەوی لەپێکرد ، ئەوا دروستە دەستی بەسەردا بهێنێت بە دوو مەرج : یەکەمیان : دەبێت ئەستور و پێشتی لێ دیار نەبێت ، و دووەمیان : دەبێت بە نەعلەوە بێت .

پێشەوای ( النووي ) کە ڕاڤەی کتێبی ( المهذب ) ی کردووە دەڵێت : ئەم شێوازە بۆچوونی کۆمەڵێك لە زانایانە ، لەوانەش : شێخ ( أبو حامد و المحاملي و ابن الصباغ ) و چەندەها زانای تریش جگە لەمانە ، وە لە ( المزني ) دەگێڕدرێتەوە کە نابێت دەست بەسەر گۆرەویدا بهێنرێت مەگەر بەپێست داپۆشرابن ، پاشان ( النووي ) دەفەرمووێت : وە بۆچوونی ڕاست و دروست ئەوەیە کە ( القاضي أبو الطيب ) و ( القفال ) و کۆمەلانێك لەزانایانی لێکۆڵەر ( محققين ) فەرموویانە : ئەگەر توانرا پێوە ڕێبکرێت هەرچونێك بێت دروستە ، ئەگینا دروست نیە أ. هـ .

## ٣ ـ مەزهەب و بۆچوونی حەنەفیەكان :

پێشەوا ( الكاساني ) لـە كتێبـی ( بدائع الصنائع ) دا دەفـەرموویێت : سـەبارەت بـە دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا ئەگەر هاتوو بەپێست داپۆشرابوو [١] یان بـە نەعلـەوە بـوو ، ئەوا دروستە بەبێ جیاوازی لەلای هاوەڵانمـان ، وە ئەگـەر بەپێسـت دانەپۆشـرابوون و بـە نەعلیشەوە نەبوو ، ئەوا ئەگەر تەنك بوون بەشـێوەیەك كـە پێسـتی لـێ دیـار بێـت ، و تەڕبێت [٢] بەئاو ئەوا بەكۆی دەنگ [٣] دروست نیە ، وە ئەگەر ئەستوور بـوون [١] ، ئـەوا دروست نیە بەلای ( أبو حنيفة ) ـەوە ، بەڵام بەلای ( أبو يوسف و محمد ) ـەوە دروستە ، و دەشگێڕنەوە كە ( أبو حنيفة ) لـەكۆتایی تەمەنیـدا پەشـیمان بۆتـەوە و هاتۆتـە سـەر بۆچوونی ( أبو يوسف و محمد ) ، ئەوەش بەوەی لەكاتی نەخۆشیێكەیدا بوو دەستی هێنـاوە

---

[١] المجلد هو أن يضع الجلد على أعلاه وأسفله ، والمنعل هو الذي يوضع على أسفله جلدة كالنعل للقدم .أ هـ .

[٢] واتە : ئەوەندە تەنك بێت پیچستی پێی تێدا دیاربێت .

[٣] ئەگەر مەبەستی بەكۆڕا ( الإجماع ) كۆڕایی پێشوایانی ( پێشین و پاشین ) بێت ئەوە بێگومان ڕەوا نیە ، چونكە پێشەوا ( النووي ) لە ( شرح المهذب ) دروستی دەست هێنانی بەسەر گۆرەویەكانمان بۆ دەگێڕێتەوە ، وە لە هەردوو پێشەوای ئیمانداران ( عمر و علي ) ـ خوایان لێ ڕازی بێت ـ و لە ( إسحاق وداود ) یشەوە گێڕاویەتیەوە ئەگەر تەنكیش بن ، بەڵكو لە ( أبو يوسف و محمد ) ـەوە گێڕانەویان باس كراوە ، هەروەكو پێشتر بینیت ، پاشان ئەمە مەزهەب و بۆچوونی پێشەوا ( ابن حزم ) ـە ، هەروەكو دواتر باسی دەكەین ، جا ئیتر چۆن ئەم لافی ئەم كۆڕایە لێدەدرێت ؟!!

وە ئەگەر مەبەستی لە كۆڕاكەی كۆڕایی حەنەفیەكانە ، ئەوا ڕێی تێ دەچێت ، بەڵام گێڕانەوەكەی پێشەوا ( النووي ) لە هەردوو هاوەڵەكەیەوە ئەوە ڕەت دەكاتەوە ، بۆیە دەركەوت كەوا هیچ كۆڕاییەك لەم پرس و باسەدا نیە ، جا ئەمە لە یاد مەكە و بیزانە .

[١] سنوری ئەستوری ئەوەیە كە خۆی بەلاقەكانەوە بوستێت بەبێ هیچ شتێكی تر . ( حدادي ) .

بەسەر گۆرەوییەکانیدا ، و بەوکەسانەی ووت : کە هاتبوون بۆلای : ئەوەم کرد ( واتە : دەستم هێنا بەسەر گۆرەویدا ) کە قەدەغەم دەکرد خەڵکی بیکات . جا ئەمە کرا بەبەڵگەیەك بۆ گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوەی ، پاشان دەڵێت : ( أبو یوسف ومحمد ) فەرموودەکەی ( المغيرة بن شعبة ) یان کردووە بە بەڵگە کە تێیدا هاتووە : پێغەمبەر ﷺ دەستنوێژی گرت و دەستی هێنا بەسەر گۆرەویەکانیدا ، وە لەبەر ئەوەی کەدەستهێنان بەسەر خوفدا بۆ لابردنی قورسی وناڕەحەتیە کە تووش دەبێت بەداکەندنی ، وە ئەم واتایە ـ بە هەمان شێوە ـ لە گۆرەویشدا هەیە أ. هـ .

### ٤ ـ مەزهەب و بۆچوونی حەنبەلیەکان :

لە کتێبی ( الإقناع ) و شەرحەکەیدا هاتووە : وە دروستە دەستبهێنرێت بەسەر گۆرەویەکی ئەستوور کە لەخوری یان لە هەر شتێکی تر دروست کرابێت ، ئەگەرچی بەپێست دانەپۆشرابێت و بە نەعلیشەوە نەبێت ، وە ئەگەر لە پەڕۆش بێت ، و توانرا پێوەی ڕێبکرێت ، پاشان دەفەرمووێت : وە فەرموودەکەی ( المغيرة ) کە دەگێڕێتەوە : پێغەمبەر ﷺ دەستی هێناوە بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا ، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گۆرەویەکان بە نەعلەوە نەبوون ، چونکە ئەگەر بەو شێوەیە بووبایە ئەوا نەعلەکانی باس نەدەکرد ، چونکە ناووترێت دەستی هێنا بەسەر خوف و نەعلەکانیدا أ. هـ [١] .

---

[١] وە مامۆستای بەڕێزمان شێخ ( جميل الشطي ) ـ کە دوایین موفتی حەمبەلیەکان بوو لە وڵاتی شامدا ـ فەتوای دروستی دەستهێنانی بەسەر ئەو گۆرەویانەدا داوە کە ئێستا بەکار دەهێنرێن ، وە ئەم فەتوایەش لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکرایەوە ( زهير ) .

٥ ـ ئەوەی کە پێشەوا ( ابن الرشد ) ی مالکی ووتوویەتی :

پێشەوا ( ابن الرُّشد ) ی مالکی ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە کتێبی ( بداية المجتهد ) دەفەرموویێت : زانایان بۆچوونیان جیاوازە دەربارەی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا ، و هۆکاری ئەم جیاوازیەش جیاوازیانە لەسەر بە ( صحيح ) زانینی ئەو فەرموودانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە کە دەستی هێناوە بەسەر گۆرەوی و نەعلەکانیدا ، هەروەها جیاوازیان لەسەر ئەوەیە کە ئایا شتی تر قیاس دەکرێت لەسەر خوف ؟ یان ئەمە پەرستشێکە و قیاسی لەسەر ناکرێت ، و تەنها ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە خوففەکەی لەسەرە ؟

بۆیە هەر زانایەك کە فەرموودەکە لەلای ( صحيح ) نەبێت یان فەرموودەکەی پێ نەگەیشتبێت ، و بۆچوونی وابێت کە هیچ شتێك لەسەر خوف قیاس ناکرێت ، ئەوا دەستهێنان تایبەت دەکات بە خوففەوە .

وە هەر زانایەکیش فەرموودەکە لای ( صحيح ) بێت ، وقیاس کردنی شتی تر لەسەر خوف بەڕەوا بزانێت ، ئەوا لەلای دروستە کە دەست بەسەر گۆرەوییەکاندا بسڕێت أ. هـ .

وە عادەتی ( ابن رشد ) لە کتێبەکەیدا وایە بۆچوونی زانایانی موجتەهید ڕوون دەکاتەوە ، بەڵام ئەگەر مەسەلەیەك چەند بۆچوونێکی تێدا بێت و ڕاکان تیادا جیاوازبوون ، ئەوا حەق و ڕاستی لەیەکێکیانە ، وە ئەویش ئەوەیانە کە بەڵگەکەی ( صحيح ) ـە و ڕێڕەوەکەی بەهێزە ، و بەڵگەش لەسەر دەستهێنان بەسەر گۆرەوییەکان ( صحيح ) ـە و ڕێڕەوەکەشی بەهێزە بەوەی کە باسمان کرد و بەوەش کە باسی دەکەین لە بۆچوونی زانایان ،

بۆیە پێشەوا ( النووي ) دەربارەی ئەو فەرموودەیەی کە لە ( مسلم ) ـدا هاتووە ـ دەربارەی ڕۆژووی شەش ڕۆژ لە شەوال ـ و پێشەوا ( مالك ) ڕەتی دەکاتەوە ، و دەڵێت : ئەو ڕۆژووە مەکروهە فەرموویەتی : ئەگەر سوننەتێك جێگیربوو ، ئەوا نابێت وازی لێ بهێنرێت بەهۆی وازهێنانی هەندێك خەڵك یان زۆربەیان یان هەموویان لەجێ بەجێکردنی ئەو سوننەتە أ. هـ .

هەمان شتیش سەبارەت بە دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا دەوترێت ، ئەوەش دوای ئەوەی کە دەرکەوت فەرموودەکە ( صحیح ) ـە ، بۆیە نابێت واز لەجێ بەجێکردنی بهێنرێت لەبەر جیاوازی بۆچوون و قیاسی هەرکەسێك ، چونکە ئیجتیهاد دروست نیە لە بەرامبەر دەقی شەرع ، و بەریشین لە ڕەتکردنەوەی دەقەکانی شەرع لەبەر قیاس و بۆچوونی هەر کەسێك .

پێشەوا ( ابن القیم ) دەفەرموێت [1] : هەر کەسێك لەگەڵ دەقەکانی شەرعدا نەوەستێت ، ئەوا جارێك زیادەیەك دەخاتە سەر دەقەکان کە بەشێك نیە لەدەقەکە و دەڵێت : ئەوە قیاسە ، و جارێك شتێك لەدەقەکە جیادەکاتەوە کە لە دەقەکەیە و دەڵێت : ئەمە تایبەتکردنە ـ واتە : حوکمێکی تایبەتکراوە ـ ، وجارێکی تریش واز لەدەقە بەگشتی دەهێنێت و دەڵێت : ئیشکردن لەسەر ئەم دەقە نیە ، یان دەڵێت : ئەم دەقە پێچەوانەی قیاسە یان پێچەوانەی بنەواکانە !!!

[1] إعلام الموقعين جزء ١ صفحة ٢٩٩ .

پاشان دەڵێت ـ ( واتە : ابن القیم ) ـ : ئێمەش پێچەوانە بوونەوەی سوننەت ، و شوێنەوارەکان نابینین جگە لەلای ئەو کەسانە نەبێت کە خاوەنی ڕاو قیاسن ، ئەوەتا ـ بە داخەوە ـ چەندەها سوننەتی ( صحیح ) ی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت ئیشی پێ ناکرێت لەسەر ئەم بۆچوونانە !!! وە چەندەها شوێنەوار حوکمەکانیان پێشێل کراوون بەهۆیەوە !!! وە سوننەت و شوێنەوارەکان لەلای خاوەن ڕا و قیاسەکان تەنها ووشەن ، دوور لەحوکمەکانیان ، ناونەبێت حوکمەکانیان بۆ شتی ترن !!! ئەگەرنا بۆچی فەرموودەی ( دەستهێنان بەسەر گۆرەوی ) وازی لێ دەهێنرێت ... هتد ووتەکەی . واتە : لەگەڵ ئەوەش کە لەسوننەتدا جێگیربووە بەڵکو قیاسیشی لەسەرە هەروەك دەیبینێت لەووتەکانی ( ابن تیمیة ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ .

### ٦ ـ مەزهەب و بۆچوونی ( ظاهریة ) یەکان :

پێشەوا ( ابن حزم ) ـ خوا گۆڕەکەی پڕ نوور بکات ـ لە کتێبەکەی ( المحلی ) دا دەڵێت : مەرجی بەپێست گرتنی گۆرەوی هیچ مانایەکی نیە ، چونکە هیچ شتێکی دەربارە نەهاتووە ، نە قورئان و نەش سوننەت و نە قیاسیش ، و نەش ووتەی هاوەڵ ، وە قەدەغەکردنی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا هەڵەیە چونکە پێچەوانەی سوننەتە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ جێگیربوو ، و پێچەوانەی ئاسەوارەکانە ، وە لە هەموو فەرموودەکاندا پێغەمبەری خوا ﷺ خوففی تایبەت نەکردووە لەنێو هەموو ئەو شتانەی کە دەستیان بەسەردا دەهێنرێت ، و لە پێ دەکرێن أ. هـ ( المحلی : ٢ / ٨٧ ) .

وە ئەوەی پاڵپشتی ئەمە دەکات ئەوەیە کە : هەموو ئەو فەرموودانەی کە باسی دەستهێنان دەکات بەسەر گۆرەوییەکان و دراونەتە پاڵ پێغەمبەر ﷺ هیچ بەند و مەرجێکی تێدا نیە ، نە لەدەق و نە لەمانا و نەش لەنیشانەکەی ئەمە وەرناگیرێت ، وە ئاشکراشە کە دەقەکان لەسەر شێوە گشتیەکەی واتادەکرێت تاکو دەقێکی تر دێت تایبەتیان دەکات ، و لەسەر شێوە ڕەهاکەیان لایاندەدات ، یان دەقێکی تر دێت تایبەتیان دەکات ، وە لێرەدا نەتایبەت کار ( مخصص ) و نەش بەندکار ( تقید ) هاتووە ، لە هیچ لە فەرموودە و شوێنەوارێکدا ، **ئەمە یەکەم** .

**دووەمیش :** پێشتریش باسمان لەوەکرد کە پێشەوا ( أبو داود ) لە ( سنن ) ـەکەیدا لە کۆمەڵێك لە هاوەڵانەوە دەستهێنان بەسەر گۆرەوی گێڕاوەتەوە بەڕەهایی و بەبێ بەندکراوی.

هەروەها هەموو ئەوانەش کە دەستهێنان بەسەر گۆرەویان لە هاوەڵان و شوێنکەوتووانیانەوە ـ خوا لە هەموویان ڕازی بێت ـ گێڕاوەتەوە هیچ مەرج وبەندێکیان تێدا باس نەکردووە ، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەندکردنی ئەم دەستهێنانە باو نەبووە لەسەردەمی ئەواندا کە چاکترین سەردەم بووە .

**سێیەم :** خودی گۆرەوی لە زمانەوانی و لە دابی خەڵکدا ماناکەی ڕوون و ئاشکرایە ، وەك پێشتر ماناکەیمان گێڕایەوە لە پێشەوایانی زمانەوانی وفیقهەوە ، وە هیچ کەسێك لە واتای ناو و ناوەڕۆکیدا هیچ مەرجی ئەوەی دانەناوە کە بەنەعلەوە بێت ، یان دەبێت ئەستوور بێت .

جا ئەگەر هاتوو بابەتەکەی لە فیقهو لە زمانەوانیـدا ڕەهـا بـوو ، ئـەوا بـە تـەنك و ئەستور و بەنەعلكراو و هی تریش دەووترێت گۆرەوی .

**٧ ـ ئەوەی کە شێخی پایەبەرزی ئیسلام ( ابن تيمية ) ـ ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت ـ لـە ( فتاوی ) کەیدا فەرموویەتی :**

شـێخی پایەبـەرزی ئیسـلام ( ابن تيمية ) دەفـەرموێت : دروسـتە دەسـت بەسـەر گۆرەوییەکاندا بهێنرێت ـ ئەگەر ڕێی پێوە کرا ـ ئیتر بەپێست گیرابێت یـان نـەگیرابێت ، هەموو وەکو یەك وایە ، لەسەر ڕاسترین بۆچوونی زانایان .

وە لـە کتێبـەکانی سـوننەتدا هـاتووە کـە پێغەمبـەر ﷺ دەسـتی بەسـەر گـۆرەوی ونەعلەکانیدا هێناوە ، وە ئەگەر ئەم فەرموودەیە جێگیریش نەبێت ئـەوا کردنـی بـەپێی قیاس دروستە ، چونکە جیاوازی نێوان گۆرەوی و نەعل تـەنها ئەوەیـە کـە ئەمـەیان لـە خورییە و ئەویشیان لەپێستە .

وە زانراویشە کە ئەم جۆرە جیاوازییە هیچ کاریگەر ییەکی نیە لەشەریعەتدا ، و هـیچ جیاوازییەك نیە لەنێوان ئەوەی کە لە پێست دروست کرابێت یان لە لۆکە یان لـە کـەتان یان لە خوری ، هەر وەکو چۆن جیاوازی نەکراوە لەنێوان جلی ڕەش و سپی لە ئیحرامـدا ، و ئەو پەڕەکەی ئەوەیە کە پێست زیاتر دەمێنێتەوە بەبەراورد کردنی بە خوری ، و ئەمەش هیچ کاریگەرییەکی نیە هەروەك چۆن پێستەکە بـەهێز بێـت هـیچ کاریگـەرێکی نیـە ، بەڵکو دروستە دەست بهێنرێت بەسەر ئەوەی کە دەمێنێتەوە و ئەوەشی کە نامێنێتـەوە . و هەروەها زانراوە کە پێویستی دەستهێنان بەسـەر گـۆرەوی وەك پێویسـتی دەسـت هێنانـە

بەسەر نەعل . وە لەگەڵ هاوتابوونیان لە دانـایی و پێویسـتی ، ئـەوا جیـاوازیکردن لـە نێوانیاندا جیاوازیکردنە لە نێوان دووشتی هاوشێوە ، و ئەمەش پێچەوانەی دادپـەروەری و تێڕوانینی دروستە ، کە قورئان وسوننەت پێی هاتووە ، و پێچـەوانەی ئەوەیـە کـە خـودا دایبەزاندووە لە کتێبەکانیدا و پێغەمبەرانی پێناردووە ـ علیهم السلام ـ .

وە ئەو کەسەی جیاوازی دەخاتە نێوانیانەوە بەوەی کە ئەمەیان ـ واتە : گۆرەوی ـ ئـاو دەداتە ناو و ئەوەیان ـ واتـە : نـەعل ـ ئـاو ناداتـە نـاو ، ئـەوا جیاوازییـەکی گشـتی بێکاریگەری باس کراوە ، وە ئەگەر کەسێك بڵێت ئاو زیاتر دەگات بەخوری لەپێست ئەو کاتە دەستهێنان بەسەر خوری لە پێشترە لە دەستهێنان بەسـەر پێسـتدا ، لەبـەر زیـاتر نووسـانی پاککەرەوەکە پێوە ، وە دڕاویش بەهۆی کونەکانیـەوە نابێتـەهۆی قەدەغـەکردنی دەسـتهێنان بەسەریدا ، وە ئەگەر گۆرەوییەکانیش پێکانی دانەپۆشی ـ بەبەستن نەبێت ـ بەشـتێك هـەر دروستە دەستی بەسەر بهێنرێت ، و هـەروەها کـە خـۆی بـەخۆی ناوەسـتێت لەپێـدا و پـێ داناپۆشێت بە بەستنەوە نەبێت أ. هـ .

وە لە فەتوایەکی تریدا ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێـت ـ دەفـەرمووێت : دروسـتە دەسـت بهێنرێت بەسەر ئەو ( الزربول ) ـەدا کە پاژنەکان دادەپۆشێت ئەگەر بەخۆی وەسـتا بێـت بە بێ هیچ شتێك ، وە ئەگەر بەخـۆی نـەوەستا بەڵکو بە قۆپچە ( دوگمە ) ، یان بەپەل ( السیور ) دەوەستا ، دیسان دروسـتە چـونکە بـەخۆی شـوێنی فەرزەکـە دادەپۆشـێت ، وە هەروەها ئەو گۆرەوییەی کە بەخۆی ناوەسـتێت بـەدەزوو نـەبێت ، وە ئەگـەر بـە شـتێکی جیاواز لەخۆی وەستا وەکو ئەو گۆرەوییەی بە نەعلەوە نەبێت نـاوەستێت ، ئـەویش هـەر دروستە دەستی بەسەردا بهێنرێت ، ئیتر ئەگەر لە موو ( لبد ) دروست کرابێـت یـان لـە

خوری یان لە لۆکە یان لەکەتان یان لەپێست هەموو وەکو یەك وان ، و پێویست بەدانانی ئەو مەرجانە ناکات کە هیچ سەرچاوەیەکیان لەشەرعدا نیە ، و دەبێتە هۆی بەتاڵ بوونەوەی مەبەستی ڕێپێدانەکە أ. هـ .

دیسان لە فەتوایەکی تردا ـ خوای پەروەردگار ئارامگەکەی پڕ لە نور بکات ـ دەفەرموویت : دروستە دەست بهێنرێت بەسەر پێچەرەوە ، ئەویش ئەوەیە کە چەند پاچەیەك بەپێکانەوە دەپێچرێتەوە لەبەر سەرما یان لە ترسی پێ پەتێتیدا ( پێ خواسی ) ، یان لەبەر برینێك کە لەپێکانیدان ، وشتی تری لەو شێوەیە ، وە دەستهێنان بەسەر ئەمە لەپێشترە لە دەستهێنان بەسەر خوفف و گۆرەوی ، چونکە ئەم پێچەرەوانە تەنها لەکاتی پێویستدا بەکاردێت و بەداکەندنیان زەرەرمەند دەبێت ، بەتووش بوونی سەرما بێت یان ئازار پێگەیشتن بەهۆی پێ پەتێتیەوە ، یان ئازار پێگەیشتن بەهۆی برینەکەوە ، وە ئەگەر دروست بوو کە دەست بهێنرێت بەسەر خوفف و گۆرەوییەکاندا ئەوا دەستهێنان بەسەر پێچەرەوەکان لەپێشترە .

وە لە فەتوایەکی تردا ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویت : وە زانراوە کە خەڵکی وڵاتە ساردەکان زیاتر لەخەڵکی حجاز پێویستیان بەدەست هێنانە بەسەر گەرم کەرەوەکان و مێزەرەکان ، بۆیە خەڵکی شام و ڕۆم و ئەو وڵاتانەی وەکو ئەوانن لە پێشترن لەم ڕوخسەتە لەخەڵکی حیجاز ، پاشان فەرمووی : وە ئەگەر دەست هێنانەکە بەسەریدا قەدەغە بکرێت ئەوا مەسەلەکە زۆر تەسك وقورس دەکەنەوە کە پێچەوانەی شەریعەتە ، وهەرگیز بەڵگەیشیان لەسەری نیە أ. هـ ... بەمەش ووتەکانی کۆتایی دێت .

## کــۆتـــایی

شاراوە نیە کە ئەو ڕوخسەتانەی کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ پێمان گەیشتووە نیعمەتێکی گەورەن لەهەموو کات وحالێکدا ، و تەنها لە هەندێك حاڵەتدا تەواوی نیعمەتی تەشـریع کردنیان بەجوانی دەردەکەوێت ، وەکو ڕوخسـەتی دەسـتهێنان بەسـەر گۆرەوییەکانـدا لـە ڕۆژانی سارد ، و کاتەکانی سەفەر ، وحاڵەتی نەخۆشی یان شەق بوونی پێ ( تشقق القدم ) ، یان گۆڕانی ڕەنگ وبۆی پـێ ، و هەڵئاواسـنیان بـەهۆی سـەرماوە ، هـەروەکو چـۆن پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کرد بەو سریەیە کە سکاڵای ئەوەیان بـۆ کـرد کـە ئەگـەر لەکاتی دەرچوونیاندا تووشی سەرما وسۆڵە بوون دەست بهێنن بەسەر مێزەر و عەمامـە و هەموو ئەو شتانەی کە بەسەرەوە دەپێچرێت ، لەگەڵ گـەرم کـەرەوەکانیان ( التساخين ) ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ، وە یەکێك لەوانەی کە هاوەڵی ( عكرمة ) بـوو ـ خـوای لـێ ڕازی بێت ـ لە سەفەرەکەیدا بۆ ( واسط ) [1] ، دەڵێت : هەرگیز نەمبینی کە پێیـەکانی بشوات ، تەنها دەستی بەسەردا دەهێنان ، تاکو لە ( واسط ) دەرچوو .

وە پێشتر ئاماژەمان بەوەکرد کە ( الكاساني ) لە کتێبی ( البدائع ) دا باسـی کـردووە کە ( أبو حنيفة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ لە کۆتایی تەمەنیدا گەڕاوەتەوە سەر بۆچوونی ( أبو يوسف و محمد ) لە مەسەلەی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا لەکاتی نەخۆشیەکەیدا ، و پاشان بەو کەسانەی کە هاتبوون بۆ سەردانی فەرموویەتی : ئەو کارەم ئەنجام دا کە لـە

---

[1] واتە : کاتێك سەفەریکرد بۆ ئەوێ . جا سەیرکە چۆن ئەم ڕوخسەتەی لە سەفەردا بەکارهێنا ، و سەرسام بە فیقهو علمەکەی خوای لێ ڕازی بێت .

خەڵكیم قەدەغە دەكرد ، وە ئەمەشیان كردووە بە بەڵگە لەسەر گەڕانەوەی لەم مەسەلەیەدا أ. هـ .

وە گەڕانەوەی ( أبو حنیفة ) ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ لەچاكە و دادپەروەرییەتی ، گۆڕینی بۆچوون و گەڕانەوەش بۆ لای بەڵگەی بەهێز و ڕاست لای هەموو موجتەهیدەكان شتێكی زانراوە وە بەیەكێك لەچاكەكانیان دادەنرێت .

وە گەورەترین پەند كە لەم چیرۆكە وەردەگرێت ـ واتە : چیرۆكی گەڕانەوەی پێشەوا ( أبو حنیفة ) ـ ئەوەیە كە پێشەوایەك بە ئاشكرا و بە ڕاشكاوی گەڕانەوەی خۆی ئاشكرا بكات ، كەچی دەبینین ئەوانەی كە بۆچوونیان پێچەوانەی ئەوەی ترە ناگەڕێتەوە بۆ لای حەق و ڕاستی ، ئەگەر چەندین بەڵگەی ڕوون و ئاشكرای بەسەر بخوێنرێتەوە ، لە هێزدا ئاسن بتوێنێتەوە و بەردیش لەت بكات ، بەڵام سەیر نیە چونكە ئەم پێشەوا موجتەهیدانە ئەوەندە ڕەوشتی جوان و دادپەروەری و گەڕانەوە بۆ لای حەقیان هەیە ، كە زۆر بەناوبانگ وئاشكرایە و لەباس كردن نایەت .

هەروەها با پەند لە پێشەوا شافعی وەربگیرێت كاتێك كە لە عێراقەوە ڕۆشت بۆ میسر وچاوی گێڕایەوە بە بۆچوونە كۆنەكەیدا ، كە چۆن لە زۆرێك لەو بۆچوونانە پاشگەز بوویەوە ، كە ئەمەش بەیەكێك لەگەورەترین چاكەكانی ژمێردراوە ، چونكە هۆكاری ئەمە ترسی خوا و قیامەت بووە ، چونكە ئەم ترسە وا لە خواناس دەكات كە ئارەزوو ودونیا لەخۆی بكاتەوە وفڕێیبدات .

پێشەوا ( أبو حنيفة ) ش هەمان کاری کرد کاتێك گەڕایەوە بۆ سەر دروستی دەستهێنان بەسەر گۆرەویدا ، وە لەوە دەچێت خەڵکانێك وابزانن کە توندڕەوی لە وەرگرتنی ( العزائم ) و وازهێنان لەڕوخسەت لە تەقوایە !! بەڵام حاشا ئەمە نیشانەی تەقوا نیە ، چۆن وایە و پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : " لا تشددوا على أنفسكم ، فيشدد الله عليكم ، فإن قوماً شددوا على أنفسهم ، فشدد الله عليهم ، فتلك بقاياهم في الصوامع ، والديار : ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ ﴾ ( سورة الحديد : ٢٧ ) "[١] ، واتە : شت لەسەر خۆتان قورس مەکەن ، چونکە خوای پەروەردگار لەسەرتانی قورس دەکات ، ئەوەتا نەتەوەیەك شتیان لەسەر خۆیان قورس کرد ، خوای پەروەردگاریش لەسەری قورس کردنەوە ، ئەوەش پاشماوەکەیانە لە دێر و پەرستگاکاندا ، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَرَهْبَانِيَّةً ٱبْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ ﴾ ( سورة الحديد : ٢٧ ) .

وە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت : " إن الله تعالى يحب أن تؤتى رخصه كما يحب أن تؤتى عزائمه "[٢] ، واتە : بەڕاستی خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی ئەنجام بدرێت ، وەکو چۆن پێی خۆشە کە حوکمە قورسەکانی ئەنجام بدرێت .

---

[١] ( قال جمال الدين : رواه أبو داود عن أنس رضي الله عنه ) .

[٢] ( قال جمال الدين : رواه الإمام أحمد عن ابن عمر رضي الله عنه ، والطبراني عن ابن عباس وابن مسعود رضي الله عنهم .

قلت ـ أي العلامة الألباني ـ : وهو حديث صحيح مخرج في ( إرواء الغليل ، برقم : ٥٥٧ ) .

وه هەر لە پێغەمبەری خواوە ﷺ فەرموویەتی : " إن الله تعالى يحب أن تقبل رخصه كما يحب العبد مغفرة ربه " [٣] ، واتە : بەڕاستی خوای گەورە پێی خۆشە ڕوخسەتەکانی وەربگیرێت ، وەك چۆن بەندە لێخۆش بوونی خوای پێی خۆشە .

وه هەروەها پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : " إن الله يحب أن تؤتى رخصه كما يكره أن تؤتى معصيته " [٤] .

وه فەرموویەتی : " هلك المتنطعون " [١] ، واتە : بەهەلاکەتداچوون ئەوانەی زیادڕەوی دەکەن لە ئایینەکەیاندا .

بەڵێ هەندێك لەبەندە چاکەکانی خودا هەن ، کە خاوەنی هەوڵ وتێکۆشانێکی زۆرن ، تەنها ئیش بە بەشتە قورسەکان دەکەن ، نەك لەبەرئەوەی ئیش بەفەرموودەکان ناکەن ، یان پشت ئەکەن لە ڕوخسەتەکان ، بەڵکو بۆ پەروەردەکردنی دەروونیانە لەچاکترین شت ، و ڕاهێنانیەتی لەسەر تەواوترین و چاکترین شت ، ئەمەش ئەوەیە کە زانایانی فیقهە بە ئیحتیات واتە : دەرچوون لە خیلاف ناوی دەبەن ، کە هەڵبژاردنێکە بۆ ئەوەی کە کۆڕا و یەك دەنگی لەسەرە ، وه سەر چاوەکەشی ئەوەیە کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە ( صحیح ) ی پێمان گەیشتووە کە پێغەمبەر ﷺ ئەوەندە شەو نوێژی دەکرد هەتاوەکو پێ یەکانی هەڵئاوسان وپێ ی ووترا : ئەوەندە تەکلیف

---

[٣] ( قال جمال الدين : رواه الطبراني عن أبي الدرداء ، وواثلة وأبي أمامة وأنس رضي الله عنهم .

قلت ـ أي العلامة الألباني ـ : و إسناده ضعيف كما هو مبين في المصدر السابق ، وفي ( الأحاديث الضعيفة ) ـ أيضاً ـ برقم : ٥٠٨ ) .

[٤] ( جمال الدين : رواه الإمام أحمد وابن حبان والبيهقي عن ابن عمر رضي الله عنه .

قلت ـ أي العلامة الألباني ـ : وهو مخرج في المصدر السابق ، وفي ( تخريج الطحاوية ، برقم : ٢١٨ ) .

[١] ( جمال الدين : رواه الإمام مسلم عن ابن مسعود رضي الله عنه ) .

لەخۆت دەکەیت !! و خوای گەورە لەگوناهی پێشین وپاشینت خۆش بووە ؟ ئەویش فەرمووی : ئایا بەندەیەکی شوکرانە بژێر نەبم ؟

خوای گەورە بمانکات بەیەکێك لەبەندە شوکرانە بژێرەکانی ، و لەئایین شارازامان بکات ، و لەگەڵ ئەوانە حەشرمان بکات کە نیعمەتی ڕژاندووە بەسەریاندا لە پێغەمبەران و ڕاست گۆیان وشەهیدان و پیاوچاکان ، .. و الحمد لله رب العالمين .

نووسەری ئەم نامیلکەیە : ( محمد جمال الدين القاسمي ) ، دەڵێت :

دووبارە چاوم بەڕەش نووسەکەیدا خشاندەوە و ئینجا پاکسازیم کرد بەو شێوەیەی کە دەیبینیت ، ئەویش لەچەند دانیشتنێکدا کۆتاییەکەیان لە ( ربيع الآخر ، ساڵی ١٣٣٢ هـ ) لە ماڵەکەمان لە دیمەشقی شام [٢] .

---

[٢] وكان منزله في قصر حجاج قرب جامع حسان بطريق الميدان بين باب الجابية والسويقة .

## كتێبی دووەم :

# تەواوی ئامۆژگاری

## سەبـــارەت بە ئەحكامەكانی مەسح كرد لەسەر گۆرەوی

نووسینی شێخ :

**محمد ناصرالدين الألباني**

بە ڕەحمەت بێت

## پێشەکی نووسەر

بسم الله الرحمن الرحيم

أما بعد : کاتێك کە تەواوبووم لە ( تعليق ) لەسەر ئـەم نامیلکـە پـیرۆزە پڕسـوودە ، بەباشم زانی کە تەواوی سوود بەم نامیلکەیە ئەوەیە کە شوێن پێی نووسەرەکەی هەڵگرم لە ڕوون کردنەوەی ئەو باسانەی ( المسائل ) کە زۆرێك تووشی دەبن ، و پرسـیاری دەربـارە دەکەن ، و پەیوەندیەکی توندی بەم بابەتەوە هەیە ، کە ئەویش :

١ ـ دەستهێنان بەسەر نەعل .

٢ ـ دەستهێنان بەسەر خوف یان گۆرەوی دڕاو و کون بوو .

٣ ـ ئایا داکەندنی ئەوەی دەستی بەسەردا هێنراوە ، دەستنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ؟

٤ ـ کەی ماوەی دەستهێنانەکە دەست پێ دەکات ؟

٥ ـ بە کۆتایی هاتنی ماوەی دەستهێنانەکە دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە ؟

**جا بە پشتیوانی خوای تەنیا و پەروەردگار دەڵێم :**

## مەسح کردن لەسەر نەعل

دەستهێنان بەسەر نەعل ، وا بەناوبانگە لەنێو زانایانی دواین ( المتأخرين ) کەوا دروست نیە دەستیان بە سەردا بهێنرێت ، وهیچ بەڵگەیەکیان نازانین لەم بارەیەوە ئەوە نەبێت کە ( البيهقي ) لە کتێبەکەیدا ( السنن : ١ / ٢٨٨ ) ووتویەتی : (( بنەڕەت ( الأصل ) وایە هەردوو پێ بشۆردرێن ، ئەوە نەبێت کە بە سوننەتێکی ( صحيح ) یان کۆڕایەك ( إجماع ) کە کەس ناکۆك نەبێت تیایدا ، تایبەت کرابێت ، کە نە لەسەر دەستهێنان لەسەر نەعلەکان ، و نە لەسەر دەستهێنان لەسەر گۆرەویەکان ، هیچ یەکێك لەو دووانە نەهاتووە ، والله أعلم )) .

ئاوا دەڵێت !! کە بە داخەوە ـ شاراوە نیە تاهەندێك پشت هەڵکردنە لەو فەرموودانەی کە لە نامیلکەکەدا هاتووە لەسەر جێگیر ( ثابت ) بوونی دەسهێنان لەسەر گۆرەوی ونەعلەکان !!! و ( سند ) ی هەندێکیان ( صحيح ) ە ، وەك پێشتر ڕوون کراوەتەوە ، هەر بۆیە ( التركماني الحنفي ) لە ( الجوهر النقي : ١ / ٢٨٨ ) ( تعقيب ) ی لەسەر دەدات و دەڵێت : ( دەڵێم : ئەمە قەدەغەیە ، چونکە پێشتر باس کرا کە ( الترمذي ) تەصحیحی دەستهێنانی لەسەر گۆرەوی ونەعلەکان کردووە ، و تەحسینیشی کردووە لە فەرموودەکەی ( هزيل ) لە ( المغيره ) ، وە هەروەها تەحسینیشی کردووە لە فەرموودەکەی ( الضحاك ) لە ( أبو موسى ) .

وە ( ابن حبان ) یش دەستهێنان لەسەر نەعلەکانی لـە فەرموودەکـەی ( أوس ) بـە ( صحیح ) داناوە ، و ( ابن خزيمة ) ش فەرموودەکەی ( ابن عمر ) لە دەسـتهێنان بەسـەر نـەعلی سـەبەتی دا بە ( صحيح ) دانـاوە ، وە ئـەوەی کـە ( البيهقي ) باسی کردووە لە فەرموودەی ( زيد بن الحباب ) لـە ( الثوري ) واتە : بـە ئیسنادی ئەو لـە ( ابن عباس ) ـەوە کـە پێشتر لـە دەستهێنان بەسەر نەعلەکان دا بـاس کـرا فـەرمـــوودەیەکی ( جيد ) ـە ، و ( ابن القطان ) بـە ( صحيح ) ی داناوە لە ( ابن عمر ) ـەوە .

دەڵـێم : ( واتـە : ئـەلبانی ) : ئەگـەر ئەمـەت زانـی ، دروسـت نیـە دوو دڵ بیـت لەوەرگرتنی ئەو ڕوخسەتە دوای ئەوەی بـە فـەرموودەی ( صحيح ) جـێگیر و سـەلمێنرا ، چونکە هەروەکو چۆن نووسەر ( القاسمي ) پێشـتر ئامـاژەی پێـدا : ( کـە فەرموودەکـە ( صحيح ) ـە و هیچ شتێك نەماوە جگە لە گوێڕایەڵی بوون نەبێت بەتایبەتی دوای ئـەوەی کە هاوەڵان ( الصحابة ) ئیشیان بەم ڕوخسەتە کردووە ، و لە پێشیانەوە خەلیفەی ڕاشدین عەلی کوڕی ئەبو تالب ـ خوای لێ ڕازی بێت ـ هـەروەك پێشـتر بـاسـکـرا و ئـەمـەش بـۆچـوونی هـەندێك لـە پێشینە پیاوچاکان ( السلف الصالح ) ە خوایان لێ ڕازی بێت .

وە ( ابن حزم ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ لە کتێبی ( المحلى : ٢ / ١٠٣ ) دا دەڵێـت : (( ئەگەر هاتوو خوففەکان لـەخـوار قـابدانەوە بڕابوون ، ئـەوا سڕینیان لەسەر دروستە ، و ئەمەش بۆچوونی ( الأوزاعي ) ە ، وە لـەویشەوە دەگێڕنەوە کـــە فەرموویـەتی : ئـەوەی کە لە حاڵەتی ( إحرام ) دایە دەتوانێت دەست بهێنێت بەسەر ئـەو دوو خوففـەی کـە لـە خوار قاپدانەوە بڕاون ... وجگە لەویش ووتویـەتی : ناتوانێـت دەسـتیان بەسـەردا بێنێـت مەگەر لەسەرووی قاپدانەوە بێت )) .

## مەسح کرد لەسەر خوف

## یان گۆرەوی دڕاو و کونبوو

دەستهێنان بەسەر خوف یان گۆرەوی دڕاودا ، بۆچوونی جیاجیای زۆری لەسەرە ، زۆربەیان ڕێگە نادەن دەستی بەسەردا بهێنرێت لەگەڵ هەبوونی جیاوازیەکی دوور ودرێژ لە نێوانیاندا ، کە لە کتێبە فیقهیە درێژەکاندا و ( المحلى ) دا دەیبینیت .

وە هەندێکی تریش بۆچوونیان جائیزبوونی دەستهێنانە بەسەریدا ، و ئەوەی ئێمە ( واتە : ئەلبانی ) هەڵیدەبژێرین ئەمەیانە ، وە بەڵگەشمان لەسەری ئەوەیە کە بنەڕەت ( الأصل ) وایە کە حەلاڵ بێت ( جائز ) و هەر کەسێکیش ڕێگەی پێ نەدا ، یان مەرجی ساغێتی دانا لەدڕان ، یاخود سنورێکی بۆ دیاری کرد ، ئەوە دەدرێت بەڕووی خاوەنەکەیدا لەبەر فەرموودەکەی پێغەمبەری خوا ﷺ : " كل شرط ليس في كتاب الله فهو باطل " [١] ، واتە : هەر مەرجێك لە کتێبی خوادا نەبێت ئەوا ناڕەوایە ، و پوچەڵە .

وە هەروەها بە ( صحيح ) ی لە ( الثوري ) دەگێڕنەوە کە وتویەتی : (( امسح عليها ما تعلقت به رجلك ، وهل كانت خفاف المهاجرين والأنصار إلا مخرقة ، مشققة ، مرقعة ؟ )) [٢] ، واتە : هەر شتێك بەپێتدا لکا بوو ( نووساوە ) ئەوا دەستی بەسەردا بێنە ، ئایا خوففی کۆچەران ( المهاجرين ) و پشتیوانان ( الأنصار ) هەر کوندار و دڕاو و

---

[١] ( متفق عليه ) .

[٢] قال العلامة الألباني ـ رحمه الله تعالى ـ : صحيح ، أخرجه عبد الرزاق في ( المصنف : ٧٥٣ ) ، ومن طريقه البيهقي ( ١ / ٢٨٣ ) .

پینەكـراو نـەبـووە ؟ ) ، و ( ابن حزم ) لـە ( ٢ : ١٠٠ ) ـدا دەڵێت : ( ئەگەر هـاتوو خوففەكان یاخود ئەوەی دەكرێتە پێ كونی بچووك یان گەورە تێیدا بوو بەدرێژی یان بەپانی و لەو شوێنەوە ( شوێنە دڕاوەكەوە یان كونەكە ) شتێك لەپێ دەركەوێت ، كـەمێك لـەپێكانی یـان زۆرینـەی یـان هـەردووكیان ، ئەمانـە هـەمووی وەكـو یـەك وان ، و دەسـتهێنان بـەسـەریاندا جائیزە ، هەتاكو بەپێكانەوە نووسابن ( لكابن ) و ئەمەش بۆچوونی ( سفیان الثوري ، و داود ، وأبي ثور ، و إسحاق بن راهوية ، و یزید بن هارون ) ــە ، پاشـان ووتـەی ئەو زانایانەی باس كردووە كە ڕێگرن لەم ڕوخسەتە لەگەڵ هەموو ئەو نـاكۆكی ( جیاوازی ) و دژایەتیەی كە لە نێوان ڕاكانیاندا هەیە ، و دواتر وەڵامیان دەداتەوە ، و ڕوونـی كردۆتـەوە كە ئەم ووتانە هەمووی لەو شتانەیە كە بەڵگەی لەسەر نیە جگە لە ڕا و بۆچون نـەبێت ، و بەم ووتەیە كۆتایی بەو ووتانە دێنێت : ( بەڵام ئەوەی ڕاست و ڕەوایە لەو مەسەلەیەدا ئەوەیە كە لە سوننەتدا كە ڕوون كەرەوەی قورئانە هاتووە كە حوكمی هەردوو پێ ، ئەگـەر شـتێكی لەسەر نەكرابێت و هیچیان لە سەر نەبێت نابێت دەست بهێنرێت بەسەریاندا بـەڵكو دەبێـت بشۆردرێن ، و حوكمیشیان ئەگەر شتێك لەپێ كرابوو ئەوەیە كـە دەسـت بهێنرێـت بەسـەر ئـەو شتەدا . سوننەت بەمـە هـاتووە : ﴿ وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا ﴾ ( مريم : ٦٤ ) .

وە پێغەمبـەری خـواش ﷺ كاتێـك كـە فـەرمانی كـردووە بـە دەسـتهێنان بەسـەر خوففەكان و ئەو شتانەی كە لەپێ دەكرێن ، وە دەستیشـی هێنـاوە بەسـەر گۆرەوییـەكان زانیویەتی كە لەناو ئەو خوفف و گۆرەوی و ئەو شتانەی تر كە لەپێ دەكرێن هەیانـە كـە كونە و كونەكەی زۆر یان كەمە ، وە تیایاندیە كە كون نیـە ، وە تیایانیشـدا هەیـە كـە سوورە یان ڕەش یان سپی ، و تازە و كۆنەی تێدایە ، وە پێغەمبەری خوا ﷺ هیچ یـەكێك

لەو شتانەی تایبەت نەکردووە لەوانی تر ، و ئەگەر لە ئاییندا حوکمی ئەو شتانە جیاواز بوایە ئەوا خوای گەورە پشت گوێی نەدەخست کە بە ( وەحی ) ئاگاداری پێغەمبەر ﷺ بکاتەوە ، وە نە پێغەمبەریش ﷺ پشت گوێی دەخست کە پێویستە لەسەری ڕوونی بکاتەوە ـ پاکی بۆ پێغەمبەر ﷺ لەم کەم تەرخەمیە لە گەیاندنی پەیامەکەیدا ـ بەمەش ڕاستی و دروستی ئەم دەست هێنانە چەسپاوە بەهەر حاڵەتێك بێت ، وە شێخی ئیسلام ( ابن تيمية ) لە ( الإختيارات ) ـدا دەڵێت : (( وە دەستهێنان بەسەر پێچەرەوەدا ( لفائف ) ـدا دروستە و جائیزە لە یەکێك لە دوو بۆچوونەدا و ( ابن تميم ) وەی تریش گێڕاویانەتەوە ، وە دەستهێنان بەسەر خوففی کونـدا هەتاکو پێی بوترێت خوفف ، و بتوانرێت لەسەری ڕێ بکرێت ، ئەمەش بۆچوونی کۆنی ( الشافعي ) یە وبۆچونی هەڵبژێردراوی ( أبو البركات ) وچەند زانایەکی تریشە .

دەڵێم ( ئەلبانی ) : وە ( الرافعي ) لە کتێبی ( شرح الوجيز : ٢ / ٣٧٠ ) ـدا ئەم بۆچونەی داوەتە پاڵ زۆرینەی زانایان ، و بەڵگەشی بۆ هێناوەتەوە بەوەی کە ڕێگری لەدەستهێنان بەسەر خوفف و گۆرەوی کوندا ، تەسك کردنەوەی دەرگای ئەم ڕوخسەتەیە ، بۆیە پێویستە کە دەستی بەسەردا بهێنرێت . وە لەم مەسەلەیەدا ڕاستی پێکاوە ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ .

## ئایا داکەندنی مـەسح لەسەر کراو

## دەستنوێژ بەتاڵ دەکاتەوە ؟

لەم بارەشەوە زانایان ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر هاتوو کەسێك لەدوای دەستنوێژ خوففەکەی یان ئەوەی لەپێی کردووە و دەستی بەسەردا هێناوە داکەنێت ، دەســتنوێژەکەی بەتاڵ دەکاتەوە ؟ یان نە ؟ لەسەر سێ بۆچوون :

یەکەم : دەستنوێژەکەی تەواو و دروستە و هیچی لەسەر نیە .

دووەم : پێویستە لەسەری هەردوو پێی بشوات .

سێیەم : پێویستە لەسەری دەست نوێژێکی تر بگرێتەوە .

وە هــەریەکێك لەم بۆچونانە کۆمەڵێك لە پێشین ( السلف ) ووتویانە ، و ئەم ( أثر ) ــانەیان لەوانەوە گێڕاوەتەوە ، وە ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە بۆچــوونی یەکــەم بۆچونی هەڵبژاردەیە ( الأرجح ) ، لەبەر ئەوەی گونجاوترە لەگــەڵ ئــەوەی کــە دەســتهێنان ڕوخسەتێك و ئاسانکارییەکە لە لایەن خواوە ، وە هەر بۆچونێك جگە لەمە ناکۆکە لەگەڵ ئەم ڕوخسەتە ، هەروەکو ( الرافعي ) لەمەسەلەی پێش ئەمە ئاماژەی پێدا کە پێشتر باس کرا ، وە بە دوو یەکلاکەرەوە ئەم بۆچــونە بەســەر دوو بۆچــوونەکەی تــردا ســاغ دەبێتــەوە ئەوانیش :

یەکەم : ئەوەیە کە هاوجووتە ( موافق ) ــە لەگەڵ کردەوەی خەلیفــەی ڕاشــیدی علــی کوڕی ئەبو تالب ، وەکو پێشتر بەسندی ( صحیح ) لێمــان گێڕاوەتــەوە : کــە دەســتنوێژی

بەتاڵ بوویەوە ( شکابوو ) ، پاشان دەستنوێژی گرتەوە و دەستی هێنا بەسەر نەعلەکانیدا ، پاشان دایکەندن و ئینجا نوێژەکەی کرد .

وە ئەوەی تریان : هاوجوتە لەگەڵ تێڕوانین و تێرامانی دروست ( النظر الصحيح ) چونکە ئەگەر کەسێك دەستیهێنا بەسەر سەریدا لەکاتی دەستنوێژدا ، پاشان سەری تاشی ، پێویست نیە لەسەری جارێکی تر دەست بهێنێت بەسەر سەریدا ، چ جای ئەوەی کە دەستنویژ تازە بکاتەوە ، وە شێخی ئیسلام ( ابن تيمية ) ئەمەی هەڵبژاردووە ، و لە کتێبی ( اختياراته : ص١٥ ) ـدا دەڵێت : (( وە دەستنوێژی ئەو کەسە بەتاڵ نابێتەوە کە دەستیهێناوە بەسەر خوفف یان مێزەرەکەیدا ، ئەگەر هاتوو دایکەندن ، و هەروەها ئەگەر کاتەکەشی تەواو بێت ، وە پێویست نیە لەسەری کەوا دەست بەسەر سەریدا بهێنێت ، یان پێکانی بشوات ، ئەمەش مەزهەبی ( الحسن البصري ) ـە ، وەکو تاشینی ئەو قژەیە ( پرچەیە ) کە دەستی بەسەردا هێنراوە لە بۆچوونی دروست و هەڵبژێردراودا لە مەزهەبی پێشەوا ( أحمد ) ، و هەر ئەوەشە ووتەی زۆرینەی زانایان )) ، وە ئەمەش مەزهەبی ( ابن حزم ) ـە ، بگەڕێوە سەر ووتەکانی لەم بارەیەوە وگفتوگۆکردنی لە گەڵ ئەوانەی کە پێچەوانەی ئەم بۆچونەن ، بەڕاستی نایابە ئەوەش لە ( المحلى : ٢ / ١٠٥ - ١٠٩ ) دا .

بەلأم ئەوەی کە ( ابن أبي شيبة : ١ / ١٨٧ ) و ( البيهقي : ١ / ٢٨٩ ) دەیگێڕنەوە لە پیاوێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ کە پرسیاری لێکرا دەربارەی کەسێك دەستی بەسەر خوففەکەیدا هێناوە ، پاشان وا دەبینێت کە دایانکەنێت ، ووتی : پێکانی دەشوات ... ئەم

فەرموودەیە : ( يزيد بن عبدالرحمن الدالاني ) تیدایە ، کە پێشەوا ( الحافظ ) دەربارەی دەڵێت : ( صدوق يخطيء كثيرا ) ، وە ( كان يدلس ) ، وە ( البيهقي ) ش نزیك لەم دەستەواژەیەوە لە ( أبي بكرة ) ـەوە دەگێڕێتەوە ، وە ( رجاله ثقات غير علي بن محمد القرشي ، لم أعرفه ) .

ئینجا دەگێڕنەوە لە ( المغيرة ) ـەی کوڕی ( شعبة ) وە بە ( مرفوع ) یەوە بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ دەستهێنان بەسەر خوففەکاندا سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوە بۆ کەسێك کە لە سەفەردا ( مسافر ) بێت ، و شەو و ڕۆژێك بۆ کەسێك کە لە شوێن و مەنزڵگای خۆی ( مقيم ) بێت ، بەمەرجێك ئەگەر دایان نەکەنێت .

منیش دەڵێم ( واتە : پێشەوا ئەلبانی ) : ( ئەم زیادەیە ( مالم يخلع ) ( ئەگەر دایان نەکەنێت ) زیادەیەکی ( منكر ) ـە ) .

## ماوەی مەسح کردن کەی دەست پێ دەکات ؟

زانایان لەم پرسەدا ( المسألة ) دوو بۆچوونی ئاشکرایان هەیە :

یەکەمیان : لە یەکەم دەست نوێژ شکاندنی دوای لەپێکردن دەست بەسەردا هێنراوەکەدا دەست پێدەکات .

وە ئەوی تریان : لە یەکەم دەست هێنان ( مسح ) ی دوای دەست نوێژ شکاندن دەست پێدەکات .

( أبو حنيفة ) و ( الشافعي ) و ( أحمد ) و هاوەڵەکانیان بۆ بۆچوونی یەکەم ڕۆیشتوون ، و هیچ بەڵگەیەکیان نازانین لەم بارەیەوە شایانی باس کردن بێت ، جگە لەڕای خۆیان نەبێت ، هەر بۆیەش هەندێك لە هاوەڵانیان پێچەوانەیان بوونەتەوە وەکو دواتر باسی دەکەین ، وە هیچ پێشبینیەکیان نازانم لەم بارەیەوە لە هاوەڵانی پێغەمبەرەوە ﷺ بەپێچەوانەی بۆچونی دووەم کە پێشەوایان فەرمووده ( صحیحەکان ) و فەتواکەی پێشەوا ( عمر بن الخطاب ) ـە رضي الله عنه .

بەڵام سەبارەت بە سوننەت : ئەوا ئەو فەرموودە صحیحانەیە کە کۆمەڵێك لە هاوەڵان ڕیوایەتیان کردووە لە ( صحيح مسلم ) و چوارسوننەکە و موسنەدەکان و هی تریش ، کە تیایاندا هاتووە کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی کردووە بەدەستهێنان ، وە لە هەندێکیاندا ڕوخسەتی داوە بەدەستهێنان ، وە لەکتێبی تردا : پێغەمبەری ﷺ دەست هێنانی دیاری کردووە بۆ ( المقيم ) بە شەو و ڕۆژێکەوە ، و بۆ ( المسافر ) یش بە سێ شەو و سێ ڕۆژەوە ( واتە : سێ ڕۆژ بەشەوەکانیەوە ) .

وە ئەوەی زۆر ئاشکرا و ڕوونە ئەوەیە کە ئەم فەرموودەیە وەکو دەقێك وایە لەسەر کاتی دەست پێکردنی دەستهێنان لە یەکەم جاری دەست سڕینەوە ، وە هەروەها ئەم فەرموودەیە وەکو دەقێك وایە بۆ ڕەت کردنەوەی بۆچونی یەکەم ، چونکە واتاکەی ئەوە پێویست دەکات ، هەروەکو لە زۆرێك لە فروعدا کراوە بەبەڵگە کە ئەگەر کەسێك نوێژی بەیانی ئەنجامدا ، پاشان دەستنوێژی لە نوێژی بەیانی ( الفجر ) ڕۆژی دووەمدا شکا ، دەستنوێژ بگرێت و بۆ یەکەم جار دەست بهێنێت بەسەر پێکانیدا لە نوێژی بەیانیدا ، بۆی نیە جارێکی تر دەست بهێنێت بەسەریاندا !! بەڵام لەسەر بۆچوونی دووەم کە بۆچونی هەڵبژاردەیە بۆی هەیە دەستی بهێنێت بەسەر پێکانیدا تاکو نزیك نوێژی بەیانی لە ڕۆژی سێیەمدا .

بەڵکو لەمە سەیرتریشیان ووتووە : کە ئەگەر دەست نوێژی شکا و دەستی نەهێنا بەسەر پێکانیدا تاکو شەو و ڕۆژەکە یان سێ ڕۆژەکە تێپەڕ بوو ، ئەگەر هاتوو ( مسافر ) بوو ئەوا ئەو ماوەیەی کە دەست هێنانی تێدا دروستە و تێپەڕیوە بۆیە بۆی نیە دوای ئەوە دەست بهێنێت بەسەریاندا تاکو جارێکی تر پێکانی بەدەست نوێژەوە نەخاتە ناو خوفەکانی یان گۆرەویەکانیەوە !! بەوەش بێ بەشیان کردووە لەسوود وەرگرتن لەم ڕوخسەتە !! ئەوەش بە پشت بەستن بەم ڕاو بۆچوونەی کە پێچەوانەی سوننەتە !!! لەبەر ئەوە پێشەوای ( النووي ) هیچی پێ نەکرا جگە لەوە نەبێت کە پێچەوانەی ( مذهب ـەکەی بوەستێتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی هەوڵی ئەوەیە کە پێچەوانەی نەبێتەوە تاکو بتوانێت ، بەڵام ـ بە ڕەحمەت بێت ـ لەبەر بەهێزی بەڵگەکە ـ پاش ئەوەی کە بۆچوونی یەکەم دەگێڕێتەوە و ئەوانەی ئەو بۆچوونەیان هەیە ـ ( ١ / ٤٧٨ )

دەفەرموویێت : (( وە ( الأوزاعي و أبو ثور ) دەڵێن : دەست پێکردنی ماوەی دەستهێنان لە یەکەم دەستهێنانی پاش دەستنوێژ شکاندن دەست پێدەکات ، ئەمەش ڕیوایەتێکە لە ( أحمد و داود ) ەوە ، هەر ئەمەش بۆچوونی هەڵبژێردراو ( المختار ) و پەسەندکراو ( الراجح ) ە بەپێی بەڵگە ، و هەڵبژاردەی ( ابن المنذر ) یشە ، وە هاوشێوەی ئەمەش لە ( عمر ) ی کوڕی ( الخطاب ) ەوە دەگێڕنەوە ، وە ( الماوردی والشاشی ) لە ( الحسن البصري ) یەوە دەگێڕنەوە ، کە سەرەتایی دەستهێنان لە لەپێکردنەوە دەست پێدەکات ، وە بەڵگەی ئەوانەی دەڵێن : لە یەکەم دەست هێنانەوە دەست پێدەکات ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ : " گوزەرکار و موسافر سێ ڕۆژ دەست دەهێنێت ... هتد " وە ئەمانەش فەرموودەی ( صحیح ) ن هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێدرا ، و ئەمەش دەربڕینێکی ڕاشکاوانەیە بەوەی کە دەست هێنانەکە سێ ڕۆژە ، وە بەم شێوەیە نابێت ئەگەر لە یەکەم دەستهێنانەوە نەبێت ، وە لەبەر ئەوەی کە ( الشافعي ) دەفەرموێت : ئەگەر لەشارەکەی خۆیدا بوو دەستنوێژی شکا و لەسەفەردا دەستیهێنا بەسەر پێکانیدا ئەوا دەستهێنانی سەفەرەکەی تەواو دەکات ، و لێرەدا حوکمەکەی پەیوەست کردووە بەسەرەتایی دەستهێنانەکەوە . وە هاوەڵانمان ئەو ڕیوایەتە دەکەن بەبەڵگە کە ( الحافظ القاسم ) ی کوڕی ( زکریا المطرزي ) ڕیوایەتی کردووە لە فەرموودەکەی ( صفوان ) دا کە ( لەبێ دەستنوێژیەوە بۆ بێ دەستنوێژیی ، وە ئەمەش زیادەیەکی نامۆیە ( غریب ) ە ، و جێگیر نیە ، و هاوگونجاو نیە بە قیاسی دروستیش .

دەڵێم ( ئەلبانی ) : ئەو قیاسەی کە ئاماژەی پێ دراوە ، ئەگەر لەخودی خۆیدا ڕاست و دروست بوایە ، ئەو کاتە مەرجی وەرگرتن و کردنی بەبەڵگە ئەوە بوو کە پێچەوانەی

سوننەت نەبێت ، بەڵام کە پێچەوانەی سوننەتە وەك دەبینیت ئەوا دروست نیە ڕووبەڵایدا بکرێت ، و لەبەر ئەوەشە ووتراوە : ( ئەگەر فەرمووده هات ئەوا تێڕامان و تێڕوانین پوچەڵ دەبێتەوە ، وە ئەگەر ( جاء نهر الله بطل نهر معقل ) ، سەرەڕای ئەوەش پێچەوانەی گوفتاری خەلیفەی ڕاشدی عومەری کوڕی خەتابە ، وە گومانیشم بە لاسایکاران ( المقلدة ) ئەوەیە کە واز لە سوننەتی ( صحيح ) ی پێغەمبەر ﷺ بهێنن کاتێك کە پێچەوانەی گوفتاری ( عمر ) ی کوڕی ( الخطاب ) رضي الله عنه بێتەوە ، هەروەکو چۆن لە تەڵاقی سێ بەسێدا کردوویانە ، ئەی دەبێت چۆن گوفتارەکەی وەرناگرن کاتێك لەگەڵ سوننەتەدا هاودەنگ بێت ؟!

ئەوەتا ( عبد الرزاق ) لە ( المصنف : ۱ / ۲۰۹ / ۸۰۷ ) دا لە ( أبو عثمان النهدي ) دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت : ( سعد ) و ( ابن عمر ) هاتن بۆ لای ( عمر ) منیش ئامادەی هاتنەکەیان بووم ، و مشت ومڕیان بوو لەسەر دەستهێنان بەسەر خوففەکاندا ، ( عمر ) یش فەرمووی : (( يمسح عليهما إلى مثل ساعته من يومه وليلته )) ، واتە : دەست دەهێنرێت بەسەریاندا تاکو هەمان ئەو کاتەی کە دەستی هێناوە بەسەریاندا لەو شەو و ڕۆژەیدا )) .

دەڵێم ( ئەلبانی ) : (( وإسناده صحيح على شرط الشيخين )) ، وە ئەمەش زۆر ڕوون وئاشکرایە کە سەرەتایی دەستهێنان لەسەر خوف لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە دەستی بەسەردا دەهێنرێت تاکو هەمان کات لەو شەو وڕۆژەدا .

وه ئەمەش ڕووكـەش و ئاشـكرای هـەموو ئـەو ( آثار ) ـانەیە کـە لـە هاوەڵانـەوە گێڕراونـەتـەوە لـەسەر مـاوەی دەسـتهێنان بـەپێی زانیـاری ئێمـە ، لـەوەی کـە ( عبدالرزاق ) و ( ابن أبي شيبة ) لە ( المصنف ) ـەکەیاندا گێڕاویانەتەوە ، ئەوەش کە وەکو نموونەیەك لێرەدا باس بکرێت ئەوەیە کـە ( ابن أبي شيبة : ١ / ١٨٠ ) لـە ( عمرو ) ی کوڕی ( الحارث ) ـەوە گێڕاویەتیەوە و دەفـەرمووێ : (( لــەگـــەڵ ( عبدالله ) چووم بۆ مەدائین و سێ ڕۆژ دەستی دەهێنـا بەسـەر خوففەکانیـدا و دای نەدەکەنـدن )) ( وإسناده صحيح على شرط الشيخين ) .

بەمەش دەردەکەوێت کە ( آثار ) ی پێشینان ، هاوپێك و جـووتن لەگـەڵ سـوننەتی ( محمد ) ﷺ وەك باسمان لێوە کرد ، بۆیە دەستی پێوە بگـرە هیدایـەت دراوی بەپشـتیوانی خوای پەروەردگار .

## ئایا بەکۆتایی هاتنی ماوەی مەسحەکە

## دەستنوێژ بەتاڵ دەبێتەوە ؟

زانایان لەم بارەیەوە چەند بۆچونێکیان هەیە ، بەناوبانگترینیان دوو بۆچوونە لە مەزهەبی پێشەوا ( الشافعي ) دا :

یەکەمیان : پێویستە دەستنوێژ تازە بکاتەوە .

دووەمیان : تەنها پێیەکانی دەشۆرێت .

سێیەمیان : هیچی لەسەر نیە ، بەڵکو دەستنوێژەکەی تەواوە و نوێژی پێوە بکات ، ئەگەر دەستنوێژەکەی نەشکابێت .

پێشەوا ( النووي ) ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ ئەمەی فەرمووە .

منیش دەڵێم : (( وهذا القول الثالث أقواها )) ، واتە : وە ئەم بۆچوونەی سێیەم بەهێزترین بۆچوونیانە . پێشەوا ( النووي ) یش ئەم بۆچوونەی هەڵبژاردووە سەرەڕای ئەوەی کە پێچەوانەی مەزهەبەکەیەتی ، وەك لە ( ١ / ٥٢٧ ) دا ـ ڕەحمەتی خوای لێ بێت ـ دەفەرموویێت : (( وهذا المذهب حكاه ابن المنذر عن الحسن البصري ، وقتادة ، وسليمان بن حرب ، واختاره ابن المنذر ، وهو المختار الأقوى ، وحكاه أصحابنا عن داود )) ، واتە : وە ئەم مەزهەب و بۆچونەی ( ابن المنذر ) گێڕاویەتیووە لە ( الحسن البصري و قتادة وسليمان بن حرب ) و هەر ئەمەشە هەڵبژاردەی ( ابن المنذر ) یش ، وە ئەمەش بەهێزترین هەڵبژاردەیە ، وە هاوەڵانمان لە ( داود ) یشەوە گێڕاویانەتەوە .

وە دەڵێم ( ئەلبانی ) : وە ( الشعراني ) لە کتێبی ( الميزان : ١ / ١٥٠ ) دا لە پێشەوای ( مالك ) ەوە هەمان بۆچوون دەگێڕێتەوە ، وە ( النووي ) ش بۆچونێکی تری لێ دەگێڕێتەوە و پێویستە پشکنینی بۆ بکرێت ، وە ئەمەش ئەو بۆچوونەیە کە شیخی ئیسلام ( ابن تيمية ) بۆی ڕۆشتووە ، وەکو لە ووتەکانی پێشوویدا دەبینیت لە مەسەلەی باسی سێیەم ، بەشوێنکەوتنی بۆ ( ابن حزم ) ، وە ( ابن حزم ) لەوانەیە کە ئەم بۆچوونەیان هەیە ، ناوی ( إبراهيم النخعي و ابن أبي ليلى ) یش دێنێت ، پاشان لە ( ٢ / ٩٤ ) دەڵێت : (( وە ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە جگە لەو هیچی تر دروست نیە ، چونکە لە هیچ فەرموودەیەك لە فەرموودەکاندا نەهاتووە کە دەستنوێژی ئەندامێك لە ئەندامەکانی دەستنوێژ بەتەنها دەشکێت ، وە نەش هەندێکیان دەشکێت بە بەسەرچوونی کاتی دەستهێنانەکە ، بەڵکو پێغەمبەر ﷺ تەنها یاساغی ( نەهی ) لەوە کردووە کە موسافر ( المسافر ) سێ شەو و سێ ڕۆژ زیاتر دەست بهێنێت بەسەر خوففەکانی ، وە بۆ ئەوەش کە لە ماڵەکەیدایە و موسافر نیە ( المقيم ) زیاتر لە شەو و ڕۆژێك دەست بهێنێت بەسەریاندا . وە هەر کەسێك جگە لەمە شتێکی تر بڵێت ئەوا شتێکی خستۆتە ناو ئەم فەرموودەیەوە کە تیایدا نیە و قسەیەکی خستۆتە سەر زمانی پێغەمبەر ﷺ کە نەیفەرمووە . وە هەر کەسێك ئەمەی کردبێت ونەیزانی بێت ئەوە هیچی لەسەر نیە ، بەڵام هەر کەسێك ئەم کارە بکات دوای ئەوەی کە بەڵگەی بۆ ڕوون کرایەوە ئەوا تاوانێکی گەورەی لەتاوانە گەورەکان ئەنجام داوە ، وە ئاشکراشە کە دەستنوێژ هیچ شتێك بەتاڵی ناکاتەوە ئەو شتانە نەبێت کە لە پێش و پاشی مرۆڤەوە دەردەچێت و دەستنوێژ دەشکێنن ، وە ئەم کەسەش دەستنوێژەکەی تەواوە و نەشکاوە ، کەواتە دەستنوێژی هەیە ، و دەست بە

دەستنوێژە ، ئەو کەسەش کە دەستنوێژی هەبێت نوێژ بەو دەستنوێژە دەکات هەتاکو دەشکێت ، یان دەقێکی ڕوون و ئاشکرا بێت کە دەستنوێژەکەی بەتاڵ بووەتەوە ، ئەگەرچی هیچ شتێکیشی لە پێش و پاشەوە دەرنەچوبێت و بوبێتە هۆی بەتاڵکردنەوەی دەستنوێژەکەی ، وە ئەم کەسەش کە کاتی مەسحەکەی بەسەرچووە دەستنوێژەکەی بەتاڵنەبووەتەوە بە دەرچوونی بەتاڵکەرەوەیەك لێیەوە ، وە هیچ دەقێکیش نەهاتووە کە دەستنوێژەی هەندێك لە ئەندامەکانی یان هەموو ئەندامەکانی شکاوە ، بۆیە ئەو کەسە دەست نوێژی هەیە هەتاکو دەستنوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە ، و ئەو کاتە خوففەکانی یان ئەوەی لەپێی کردووە دادەکەنێت و دووبارە دەستنوێژێکی تەواو دەگرێتەوە ، و پاشان دەتوانێت کاتێکی تر دەست پێ بکاتەوە بۆ دەستهێنان بەسەر خوففەکانیدا ، وە بەم شێوەیە هەتا هەتایە ... سەرفەرازیش تەنها لە لای خوای پەروەردگارەوەیە .

**محمد ناصرالدين الألباني**

**بەیروت : ٨ / ١٢ / ١٣٧٠ ك**

## پاشکۆی فەتواکان :

# پاشکۆی فەتواکان

## سەربارەت بە مەسحکردن لەسەر خوف و گۆرەوی

هەڵبژاردەیەك لە فەتواکانی شێخ :

## محمد بن صالح العثيمين

ـ بە ڕەحمەت بێت ـ

بسم الله الرحمن الرحيم

**پرسیار ١ :** مەبەست چیە لە خوف و گۆرەوی ؟

**وەڵام :** مەبەست لە خوف ئەوەیە کە دەکرێتە پێ و لە پێست و هاوشێوەکانی دروست دەکرێت ، و مەبەست لە گۆرەوی ئەوەیە کە دەکرێتە پێ و لە لۆکە و هاوشێوەکانی دروست دەکرێت ، وە پێشی دەووترێت ( الشراب ) .

**پرسیار ٢ :** حوکمی مەسحکردن لەسەر خوف و گۆرەویدا چیە ؟ و بەڵگەی دروستی ( مشروعية ) ی ئەم مەسحکردنە لە قورئان و سوننەتدا چیە ؟

**وەڵام :** دەستهێنان بەسەریاندا لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ هاتووە و سەلمێنراوە ، بۆیە دەستهێنان بەسەریاندا باشترە لە داکەندنیان بە بەراوردکردنی لە گەڵ پێ شۆردندا ، وە بەڵگەی ئەوەش فەرموودەکەی ( المغيرة ) ەی کوڕی ( شعبة ) دیە رضي الله عنه کە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ دەیگێڕێتەوە کە : پێغەمبەری خوا ﷺ دەست نوێژی گرت ، ( المغيرة ) دەڵێت : دانەویمەوە بۆ ئەوەی خوفەکانی داکەنم پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : وازیان لێ بێنە ، چونکە من بەدەست نوێژەوە لە پێم کردوون ، و دەستی بە سەریاندا هێنا [1] .

وە دروستی دەستهێنان بەسەر خوففدا لە قورئان و لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ جێگیرە :

---

[1] ( متفق عليه ) .

**لە قورئاندا** : لە ئەو ئایەتە پیرۆزەدا هاتووە کە خوای گەورە دەفەرموویت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ﴾ ( سورة المائدة : ٦ ) ، چونکە لەم بەشەی ئایەتەکە کە ووشەی ﴿ أَرْجُلَكُمْ ﴾ دوو خوێندنەوەی حەوتی هەیە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ یەکێکیان : ﴿ أَرْجُلَكُمْ ﴾ ە بە ( منصوب ) ی کە ( عطف ) کراوەتە سەر ووشەی ﴿ وُجُوهَكُمْ ﴾ بەم پێیە پێکان دەشۆرین .

دووەمیشیان : ﴿ أَرْجُلِكُمْ ﴾ بە ( مجرور ) ی کە ( عطف ) کراوەتە سەر ووشەی ﴿ بِرُؤُوسِكُمْ ﴾ بەم پێیە پێکان دەستیان بەسەردا دەهێنرێت .

وە ئەوەی ئاشکرایە ( پێکان ) بشۆرێت یان دەستی بەسەردا بهێنرێت هەردووکیان هەر سوننەتن ، چونکە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر پێکانی ڕووت بوایە ( واتە هیچی لە پێ نەبووبێت ) ئەوا دەیشۆردن ، و ئەگەر داپۆشراوبایەن بە خوففەکان ئەو کاتە دەستی بەسەردا دەهێنان .

بەڵام بەڵگەی سوننەت لەسەر ئەوە ئەوەیە کە لەم بارەیەوە لەسوننەتدا بە شێوەیەکی ( متواتر ) هاتووە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ پێشەوا ( أحمد ) خوای لێ ڕازی بێت دەفەرموویت : هیچ شتێك لە دڵمدا نیە دەربارەی دەستهێنان ( المسح ) چونکە چل فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی لەسەرە ، وە ئەوەی لەم بارەیەوە باس دەکرێت هونراوەی ووتەی شاعیرە کە دەڵێت :

مما تواتر : حديث من كذب ومن بنى لله بيتا وأحتسب

ورؤية شفاعة والحوض ومسح خفين وهذى بعض

ئەمە بەڵگەی دەستهێنان بوو لەقورئان و لەسوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ .

**پرسیار ٣** : ئەو مەرجە دروستانە چین بۆ دەستهێنان بەسەر خوففەکاندا لەگەڵ بەڵگە لەسەریان ؟

**وەڵام** : بۆ دەستهێنان بەسەر خوففەکان چوار مەرج هەیە :

**مەرجی یەکەم** : ئەبێت بەدەستنوێژەوە لەپێ کرابن ، و بەڵگەی ئەمەش ووتەی پێغەمبەری خوایە ﷺ کە بە ( المغيرة ) ی کوڕی ( شعبة ) رضي الله عنه فەرمووی : " دعهما فإني أدخلتهما طاهرتين " ، واتە : وازیان لێ بێنە چونکە بەدەست نوێژەوە لە پێم کردوون .

**مەرجی دووەم** : ئەبێت خوففەکان یان گۆرەوییەکان پاك بن ، چونکە ئەگەر پیس بوون ئەوا دروست نیە دەستیان بەسەردا بهێنێت ، و بەڵگەی ئەمەش ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ رۆژێکیان نوێژی بە هاوەڵانی دەکرد و نەعلەکانیشی لەپێ بوو ، لە نێو نوێژەکەیدا نەعلەکانی لە پێ داکەند ، و دواتر فەرمووی کە ( جبريل ) پێی ڕاگەیاندووە کە نەعلەکانی پیسیان پێوە بووە ، بۆیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی نوێژ دروست نیە بەشتێك کە پیسی پێوە بێت ، وە لە بەر ئەوەش کە ئەگەر شتێکی پیس ( نجس ) دەستی تەڕی بەسەردا بهێنرێت ئەوا ئەو کەسەی کەدەستی بەسەردا دەسڕێت دەستەکانی پیس دەبن ، ئەو کاتەش پاك نابێت .

**وە مەرجی سێیەم :** ئـەم دەسـتهێنانە دەبێـت لـە بەتاڵبوونـەوەی دەسـتنوێژ ( الحدث الأصغر ) بێت نەوەك لە لەش گرانی ( الجنابة ) وە لە بێ دەستنوێژی بێت نەك ئەوەی کـە غوسل ( غسل ) پێویست دەکـات ، بەڵگـەی ئەمـــەش فەرموودەکـەی ( صفوان ) ی کوڕی ( عسال ) ـە ﵁ کە دەفەرموویت : پێغەمبەر خوا ﷺ فـەرمانی پێکـردین کـە ئەگەر لەسەفەردا بووین ـ لە کاتی پیسی کردن و مێزکردن و خەوتندا ـ سێ شەو و سـێ ڕۆژ بۆ دەستنوێژگرتنەوە خوففەکانمان دانەکەنین جگە لە کاتی لەش گرانی نەبێت ( الجنابة ) ، ئەوا پێویستە دایانبکەنین [١] .

بۆیە مەرجە کە ئەو دەستهێنانە لەکاتی لەش گرانی ( الجنابة ) دا نەبێت لەبـەر ئـەو فەرموودەیەی کە باسمان کرد .

**مەرجی چوارەم :** دەبێت ئەم دەستهێنانە لەو کاتەدا بێت کە لەشەرعدا دیاری کراوە ، کە ئەویش شەو و ڕۆژێکە بۆ کەسێك کە لە ماڵی خۆیدا ( واتە : المقیم ) بێت ، وە سێ شەو و سێ ڕۆژە بۆ کەسێك کە لە سەفەردا ( واتە : المسافر ) بێت ، لەبەر ئەو فەرموودەیەی کە ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ) ﵁ ڕیوایەتی دەکات و دەفەرموویت : پێغەمبەری خوا ﷺ شەو و ڕۆژێکی بۆ ئەو کەسە دیاری کردووە کە لــە مـاڵەکـەی خـۆیـدایە و موسـافیر نیـە ( المقیم ) ، وە بۆ کەسی موسافیریش ( المسافر ) یش سێ شەو و سێ ڕۆژی دیاری کردووە [١] .

---

[١] رواه أحمد في مسنده ، وصححه العلامة الألباني في : مشكاة المصابيح ، برقم : ٥٢٠ .

[١] صححه العلامة الألباني في : صحيح وضعيف سنن ابن ماجة ، برقم : ٥٥٢ .

کەواتە : کاتی دەستهێنان بەسەر خوففەکان ماوە دیاری کراوەکە لە یەکەم جاری دەستهێنانەوە دوای دەستنوێژ شکان دەست پێ دەکات ، بۆ کەسی نیشتەجێ لە ماڵەکەی خۆی بە بیست و چوار سەعات کۆتایی دێت ، وە بۆ کەسی گوزەرکار ( واتە : موسافیر ) یش بەحەفتاو دوو سەعات کۆتایی دێت .

وە ئەگەر وادابنێین کە کەسێك دەستنوێژی گرت بۆ نوێژی بەیانی ڕۆژی سێ شەممە و دەستنوێژەکەی ماوە و نەشکا تاکو نوێژی خەوتنان ی ( عیشا ) شەوی چوار شەممە و خەوت و ئینجا هەستا بۆ نوێژی بەیانی ڕۆژی چوار شەممە و دەستی هێنا بەسەر خوففەکانیدا ئەوا بۆی هەیە دەستیان بەسەردا بهێنێت تاکو سەعاتی پێنجی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ، وە ئەگەر وادا بنێین کە ڕۆژی پێنج شەممە پێش سەعات پێنجی بەیانی دەستی هێنا بەسەریاندا ، ئەو کاتە بۆی هەیە کە نوێژی بەیانی - واتە : بەیانی پێنج شەممە - بەو مەسحکردنەی بکات ، هەرچەند دەوێت نوێژی سوننەتیش بکات تاکو دەستنوێژەکەی ماوە و نەشکاوە ، چونکە دەستنوێژ بەتەواو بوونی کاتی دەستهێنان ( مدة المسح ) بەتاڵ نابێتەوە لەسەر بۆچوونی هەڵبژاردە و دروست ( الراجح ) ی زانایان ، ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ماوەی بۆ دەستنوێژ دانەناوە ، بەڵکو ماوەی تەنها بۆ کاتی دەستهێنان داناوە .

وە ئەگەر کاتی دەستهێنانکە کۆتایی هات ئیتر نابێت دەست بسڕێت بەسەر خوففەکاندا ، بەڵام ئەگەر دەستنوێژی مابوو نەشکا بوو - لە دوای تەواوبوونی ماوەی دەست بەسەرهێنانەکە ئەوا دەستنوێژەکەی ماوە چونکە ئەم دەستنوێژە بە بەڵگەیەکی شەرعی جێگیربووە ، وە ئەو شتەی کە بە بەڵگەی شەرعی جێگیر بێت بە بەڵگەیەکی

شەرعی تر نەبێت حوکمەکەی لانابرێت ، وە هیچ بەڵگەیەکیش نیە لەسەر بەتاڵ بوونەوەی دەستنوێژ بە کۆتایی هاتنی ماوەی دەستهێنان بەسەر پێکاندا ، چونکە بنەوا ( أصل ) وایە کە هەرشتێك لەسەر حوکمەکەی خۆی بمێنێتەوە تاکو نەمانی حوکمەکەی ڕوون دەبێتەوە .

ئەمە ئەو مەرجانەیە کە بۆ دەستهێنان بەسەر خوففەکاندا پێویستن ، وە هەندێك لە زانایان هەندێ مەرجی تریان باس کردووە ، بەڵام هەندێکیان قسەی لەسەرە .

**پرسیار ٤** : ڕاستی و دروستی ئەو مەرجە چیە کە هەندێك لە زانایان و شەرعزانان ( الفقهاء ) دایان ناوە : کە دەبێت ئەو شتەی لە پێی دەکەیت شوێنی فەرز لە پێدا بشارێتەوە ؟

**وەڵام** : ئەم مەرجە ڕاست و دروست نیە ، چونکە بەڵگەی لەسەر نیە ، و تاکو پێی بووترێت خوف یان گۆرەوی دروستە دەستی بەسەردا بهێنرێت ، چونکە لە سوننەتدا دەستهێنان بەسەر خوففەکان بە شێوەیەکی ڕەها ( مطلق ) هاتووە ، و هیچ کەس بۆی نیە بەندی ( تقيد ) بکات مەگەر دەقێکی شەرعی یان ڕێسایەکی شەرعی ( قاعدة شرعية ) پێ بێت بەندی ( تقيد ) پێ ڕوون بێتەوە ، وە لەسەر ئەم بنەمایە دروستە دەست بهێنرێت بەسەر خوفی دڕاودا ، و هەروەها دروستە دەست بەسەر خوفی تەنکدا بهێنرێت ، چونکە مەبەست لە ( خوفف ) دا پۆشین ـ داپۆشینی پێست ـ نیە بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە پێ گەرم بکاتەوە و سوود بەخشیش بێت ـ وە ڕوخسەتی دەستهێنان بەسەر خوففەکان لەبەر ئەوەیە کە داکەندنیان نارەحەتی دروست دەکات ( مشقة ) و ئەمەش هیچ

جیاوازییەکی تیّدانیە لە نیّوان گۆرەوی تەنك و ئەستور و گۆرەوی ساغ و دڕاودا ، گرنگ ئەوەیە دەستی بەسەردا بهیّنیّت تاکو پیّی بووتریّت خوف و ناوی خوفی لەسەر مابیّت .

**پرسیار ٥ :** پیاویّك تەیەمومی کرد و هەردوو خوففەکەی لەپیّ کرد ، ئایا دروستە دەست بەسەر خوففەکەیدا بهیّنیّت ئەگەر ئاوی دەست کەوت ؟ زانراویشە کە بە ( طهارة ) ـەوە لە پیّی کردوون ؟

**وەڵام :** دروست نیە دەست بەسەر خوففەکەیدا بهیّنیّت ئەگەر پاکبوونەوەکەی پاکبونی تەیەموم بیّت ، لەبەر گوفتاری پیّغەمبەر ﷺ : (( فإني أدخلتهما طاهرتين )) ، واتە : من پیّکانم بەپاکی دەستنویّژەوە خستوّتە نیّو خوففەکانەوە . بەڵام پاك کردنەوە لە تەیەمومدا پەیوەندی بە پیّوە نیە وە تەنها بۆ دەم و چاو و هەردوو دەستە .

هەر لەسەر ئەمەش ئەگەر کەسیّك ئاوی دەست نەکەوت ، یان نەخۆش بوو نەیتوانی ئاو بەکار بهیّنیّت لەدەستنویّژدا ، ئەو کاتە خوففەکانی لەپیّ دەکات ، ئەگەر بەبیّ دەستنویّژیش بیّت ، و لەپیّیدا دەمیّنیّتەوە بەبیّ ماوەیەکی دیاری کراو هەتاکو ئاوی دەست دەکەویّت ، ئەگەر بیّ ئاو بوو ، یان چاك دەبیّتەوە لە نەخۆشییەکەی ئەگەر نەخۆش بوو ، چونکە پیّ پەیوەندی بەپاك کردنەوەی تەیەمومەوە نیە .

**پرسیار ٦ :** ئایا نیەت واجبە ؟ بەواتای ئەوەی کە کەسیّك کاتیّك گۆرەوی یان پیّلاو لەپیّ دەکات نیەتی ئەوەی هەبیّت کە دەستی بەسەردا دەهیّنیّت ، وە هەروەها نیەتی ئەوەی هەبیّت کە دەست بەسەردا هیّنانەکە دەست بەسەردا هیّنانی کەسیّکە کە لە ماڵەکەی خۆیدایە ( المقيم ) ، یان هی موسافیرە ، ئایا ئەمە واجب نیە ؟

**وەڵام :** نیەت لێرەدا واجب نیە ، چونکە ئەمە کارێکە حوکمەکەی لەشەرعدا تەنها پەیوەست کراوە بە هەبوونیەوە و پێویستی بەنیەت نیە ، و وەکو ئەوە وایە کراسێکی لەبەر کردبێت ، بۆیە مەرج نیە کاتێك خوففەکان لەپێ دەکات نیەتی ئەوەی هەبێت کە دەستیان بەسەردا دێنێت ، هەروەها نیەتی ماوەی دەست بەسەردا هێنانەکە مەرج نیە ، چونکە ئەگەر موسافیر بوو ئەوا سێ شەوو سێ ڕۆژ بۆی هەیە دەست بەسەریاندا بهێنێت ، نیەتی هەبێت یان نەبێت ، وە ئەگەر کەسێك بوو لەماڵەکەی خۆیدا واتە : ( المقيم ) بوو ئەوا شەو و ڕۆژێك دەست دەهێنێت بەسەریاندا و نیەتی هەبێت یان نەبێت .

**پرسیار ٧ :** ئەو مەودایە یان ئەو سەفەرە چەندە کە دروستە سێ شەو و سێ ڕۆژ تیایدا دەست بەسەر خوففەکاندا بهێنرێت ؟

**وەڵام :** ئەو سەفەرەی کە دروستە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە ( قصر الصلاة ) هەر ئەو سەفەرەیە کە ماوەی دەستهێنان تیایدا سێ شەو و سێ ڕۆژە ، چونکە فەرموودەکەی ( صفوان ) ی کوڕی ( عسال ) کە باسمان کرد دەڵێت : (( أذا كنا سفرا )) ، واتە : ئەگەر لەسەفەردا بوون ، وە تاکو مرۆڤ موسافیر بێت و نوێژ کورت بکاتەوە ئەوا سێ ڕۆژیش دەست دەهێنێت بەسەر خوففەکانیدا .

**پرسیار ٨ :** ئەگەر موسافیر گەیشتەوە شوێن و مەنزڵگای خۆی کە تێیدا نیشتەجێە ، و لە کاتی سەفەرەکیدا دەستی هێنابێت بە سەر خوفەکانیدا ، ئایا لەم بارەدا حیسابی ماوەکەی چۆن دەبێت ؟

**وەڵام :** ئەگەر کەسێك لە کاتێکدا کە نیشتەجێ بوو ( المقيم ) ـە ، پاشان سەفەری کرد ئەو کاتە دەست هێنانی موسافیر تەواو دەکات لەسەر بۆچونی هەڵبژاردە و دروست ، وە ئەگەر موسافیربوو پاشان گەڕایەوە ئەو کاتە دەستهێنانی ( المقيم ) تەواو دەکات ، ئەمە بۆچوونی هەڵبژاردەیە و هەندێك لەزانایانیش دەڵێن : ئەگەر لە شوێنەکەی خۆیدا دەستی هێنابوو بەسەر خوفەکانیدا پاشان سەفەری کرد ئەو کاتە دەست هێنانی ( المقيم ) تەواو دەکات ، بەڵام ووتەی هەڵبژاردە ئەوەیە کە لەسەرەتادا ووتمان ، چونکە ئەم پیاوە هەندێك لەماوەی دەست سڕینەکەی مابوو پێش ئەوەی سەفەربکات و سەفەری کرد ، بۆیە ئەوەی لەسەر ساغ دەبێتەوە کە یەکێکە لەو موسافیرانەی کە بۆیان هەیە سێ ڕۆژ دەست بە سەر خوفەکانیدا بێنێت .

**پرسیار ٩ :** کەسێك گومانی هەیە لەسەرەتا و کاتی دەست هێنانی بەسەر خوفەکانیدا ، لەم حاڵەتەدا چی بکات ؟

**وەڵام :** لەم حاڵەتەدا ئیش لەسەر دڵنیایی ( اليقين ) دەکات ، و ئەگەر گومانی هەبوو بۆ نوێژی نیوەڕۆ دەستی هێنابوو بەسەریاندا یان بۆ نوێژی عەسر ئەو کاتە سەرەتای دەستهێنانەکەی دەکاتە نوێژی عەسر ، چونکە بنەڕەت ( الأصل ) وایە کە دەستی نەهێنابێت بەسەریاندا، وە بەڵگەی ئەم ڕێسایەش : (( الأصل بقاء ماكان على ماكان ... بنەڕەت مانەوەی هەرشتێك لەسەر خۆی ئەوەی کە لەسەری بووە )) وە بنەڕەت وایە کە نەبووبێت ، ئەوەتا کە پێغەمبەری خوا ﷺ سکاڵای پیاوێکیان بۆ کرد کە گومانی بۆ دروست دەبێت لەناو نوێژەکەیدا کە گوایا دەستنوێژەکەی شکا بێت یان نە ، ئەویش فەرمووی : واز لە نوێژەکەی نەهێنێت هەتاکو گوێی لە دەنگێك دەبێت یان بۆنێك دەکات.

**پرسیار ١٠ :** كەسێك مەسحی كردووە و پاش كۆتایی هاتنی ماوەی مەسحەكەی نوێژی پێوە كردووە ، ئایا حوكمی ئەم نوێژەی چیە ؟

**وەڵام :** ئەگەر مەسحەكەی پاش كۆتایی هاتنی ماوەكەی بووبێت ، ئیتر مەسحەكەی مەسحی ( مقیم ) بێت یان موسافیر ، ئەوا ئەو نوێژەی كە بەم دەستنوێژەوە كردوویەتی بەتاڵە ، چونكە دەستنوێژەكەی بەتاڵ بوەتەوە بەوەی كە ماوەی مەسحەكەی تەواو بووە ، وە پێویستە لەسەری كە سەر لەنوێ دەستنوێژێكی تەواوی تر بگرێت بەشۆردنی هەردوو پێی ، وە ئەو نوێژانەش دووبارە بكاتەوە كە بەو دەستنوێژەوە كردوویەتی ، كە مەسحی كردبوو دوای كۆتایی هاتنی ماوەی مەسحەكەی .

**پرسیار ١١ :** ئەگەر كەسێك گۆرەویەكەی داكەند و دەستنوێژیشی هەبوو ، پاشان لەپێی كردەوە پێش ئەوەی دەست نوێژەكەی بشكێت ئایا دروستە مەسحی لەسەر بكات ؟

**وەڵام :** ئەگەر گۆرەوییەكەی داكەند پاشان لەپێی كردەوە و دەستنوێژەكەی مابوو و نەشكا بوو ، ئەگەر ئەم دەست نوێژە یەكەم دەستنوێژی بێت واتە : ئەگەر دەستنوێژەكەی نەشكابوو لەدوای لەپێ كردنی گۆرەوییەكەی ئەوا هیچی لەسەر نیە و دەتوانێت گۆرەوییەكە لەپێ بكات و مەسحی لەسەر بكات ، ئەگەر دەستنوێژی گرتەوە .

بەڵام ئەگەر ئەم دەستنوێژەی دەستنوێژێك بێت كە تیایدا مەسحی كردبێت لەسەر گۆرەوییەكاندا ئەوا دروست نیە كاتێك كە دایكەندن لەپێی بكاتەوە و مەسحیان لە سەر بكات ، چونكە دەبێت لە كاتێكدا لەپێی كردبێت كە دەستنوێژی بەئاو گیراوی هەبێت ( واتە : پێكانی بە ئاو شۆردبێت ) ، بەڵام ئەم دەستنوێژە دەستنوێژی مەسحە ( طهارة

بالمسح ) ئەمەیە زانراوی ووتەی زانایـان ، بـەڵام ئەگـەر کەسـێك ووتبێتـی کـە ئەگـەر گۆرەوییەکەی داکەند و لەپێی کردەوە بەدەست نوێژەوە ئەگەر دەست نوێژێکیش بێـت کـە دەستنوێژی مەسحیش بێت لەسەر گۆرەوییەکانیدا بۆی هەیە کـە دەسـتی بسـڕێت تـاکو ماوەی مەسحەکەی مابێت ، چونکە ئەمـە بۆچـوونێکی بـەهێزە ، بـەڵام هـیچ زانایـەکم نەبینیوە پێشتر ئەم بۆچوونەی هەبێت ، وە ئەوەی وام لێ دەکات ئەم بۆچـوونە هەڵنەبـژێرم ئەوەیە کە پێشتر کەس نەیوتووە ، بەڵام ئەگەر کەسێك لەزانایان پێشتر ئەم بۆچـوونانەیان هەبێت ئـەوا ئـەمە بۆچـوونی ڕاسـتە لای مـن ، چونکـە دەسـتنوێژی مـەسحکردن ( طهارة المسح ) دەستنوێژێکی تەواوە ( طهارة كاملة ) بۆیـە پێویسـتە بووترێـت : ئەگـەر مەسحەکە لەسەر پێیەك بوو کە لەدەستنوێژدا شۆرابێت ، دەبێت مەسح بکات لەسەر ئەو پێیەی کە لە دەستنوێژدا مەسحی لەسەر کراوە ، بەڵام من کەسم نەبینیوە ئەم بۆچـوونەی هەبێت .

**پرسیار ١٢** : کەواتە ناڵێین داکەندنی خوففەکان لەبەتاڵ کەرەوەکانی مەسحە ؟

**وەڵام** : ئەگـەر خوففەکـەی داکەنـد دەسـتنوێژەکەی بـەتاڵ نابێتـەوە ، بـەڵام تـەنها مەسحەکەی بەتـاڵ دەبێتەوە ( واتـە : نـاتوانێت جـارێکی تر مەسحیان لەسەر بکـات ) بۆیە ئەگەر خوففەکانی لەپێ کـردەوە و دەسـتنوێژەکەی شـکابوو پێویسـتە خوففـەکانی داکەنێت و دەستنوێژێك بگرێت وپێ کانی بشوات ، گرنگ ئەوەیە کـە بـزانین کـە خـوف کاتێك مەسحی لەسەر دەکرێت کە دەستنوێژێکی گرتبێت و پێ کانی تێدا شۆردبێت وەك زانیمان لەووتەی زانایان .

**پرسیار ١٣ :** پیاوێك یەکەم جار لەسەر پێلاوەکانی ( قۆندەرەکانی ) مەسحی کردووە ، بەلاَم بۆ جاری دووەم پێلاوەکانی داکەند و تەنها مەسحی لەسەر گۆرەویەکانیدا کرد ، ئایا مەسحەکەی دروستە ؟ یان دەبێت پێکانی بشوات ؟

**وەلاَم :** ئەمە جیاوازی تێدایە ، و بۆچوونی زانایان جیاوازە تیایدا هەندێکیان وادەبینن کە ئەگەر مەسحی لەسەر یەکێك لەدوو خوففەکە کردبێت خوفی سەرەوە بێت یان ژێرەوە ، ئەوا حوکمی مەسحەکە پەیوەست دەبێت بەوەی کە مەسحی لەسەر کردووە و دووەمیان ناگرێتەوە ، وە هەندێکی تریان وادەبینن کە دروستە مەسح لەسەر دووەمیشیان بکرێت تاکو ماوەی مەسحەکەی مابێت ، بۆ نمونە : ئەگەر مەسحی لەسەر پێلاوەکانیدا پاشان پێلاوەکەی داکەند ، ویستی دەستنوێژ بگرێتەوە ، ئەوا بۆی هەیە مەسح لەسەر گۆرەوییەکانی بکات لەسەر بۆچوونی ڕاست و هەڵبژاردە ، هەروەك چۆن ئەگەر مەسح لەسەر گۆرەوییەکانی بکات پاشان گۆرەوییەکی تری کرد بەسەریدا یان پێلاوی لە پێ کرد و مەسحی لەسەر ئەوەی سەرەوەدا کرد ، ئەوا ئەمەش دروستە لەسەر بۆچوونی ڕاست و هەڵبژاردە مادام ماوەی مەسحەکەی ماوە ، بەلاَم ماوەی مەسحی یەکەمیان حیساب دەکرێت نەوەك دووەمیان .

**پرسیار ١٤ :** زۆر جار خەڵکی پرسیار دەکەن دەربارەی چۆنێتی مەسحکردنی دروست و شوێنی مەسحکردنەکەش ؟

**وەلاَم :** چۆنێتی مەسحکردن بەم شێوەیە کە دەست بێنێت بەسەر پەنجەکانی پێیدا تاکو لای قاچی ( لاقی ) ، واتە : ئەوەی کە دەستی بەسەردا دەهێنرێت بەشی سەرەوەی

خوففەکانە ، و دەستی بەسەر پەنجەکانی پێیدا دەهێنێت تاکو لای قاچی ( لاقی ) ، وە ئەم دەستهێنانەش بەهەردوو دەست دەبێت بەیەکەوە بەسەر هەردوو پێیدا و بەیەکەوە ، واتە : دەستی ڕاست پێی ڕاست مەسح دەکات و دەستی چەپیش پێی چەپ مەسح دەکات لە هەمان کاتدا ، وەکو چۆن هەردوو گوێ دەسڕێت ، چونکە ڕووکەشی سوننەت ئەوە دەگەیەنێت ، لەبەر ووتەی ( المغيرة ) ی کوڕی ( شعبة ) کە بۆمان دەگێڕێتەوە کە : (( فمسح عليهما )) ، واتە : وە پێغەمبەری خوا دەستی بەسەریاندا هێنا ، وە نەیفەرموو : بەپێی ڕاستی دەستی پێکرد ، بەڵکو فەرمووی : دەستی بەسەریاندا هێنا . ئەمە ڕووکەش و ڕواڵەتی سوننەتە ، بەڵێ ئەگەر گریمان کەسێك یەکێك لەدەستەکانی ئیشی پێ ناکات و لەکار کەوتووە ، ئەوا لەکاتی مەسحکردنەکەدا بەپێی ڕاست دەست پێدەکات پاشان پێی چەپ ، وە زۆرێك لەخەڵکی بەهەردوو دەستی پێکەوە پێی ڕاستی مەسح دەکات پاشان بەهەردوو دەستی پێکەوە پێی چەپی مەسح دەکات ، ئەمە هیچ بنەوایەکی نیە وەکو بزانم ، زانایان تەنها ئەوەیان فەرمووە : کە دەستی ڕاست پێی ڕاست مەسح دەکات و دەستی چەپیش پێی چەپ مەسح دەکات .

**پرسیار ١٥ :** کەسانێك دەبینین دەست بەسەر سەر و ژێری خوففەکە دەهێنن !! حوکمی ئەم مەسحکردنەی ئەمانە چیە ؟ و حوکمی نوێژەکانیان چیە ؟

**وەڵام :** نوێژەکانیان دروستە و دەستنوێژەکەیشیان دروستە ، بەڵام ئاگادار دەکرێنەوە لەوەی کە مەسحی ژێری خوفف لەسوننەتدا نیە ، چونکە لە پەرتوکەکانی سوننەت ( السنن ) دا هاتووە لە فەرموودەی ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ) ﵁ کە فەرموویەتی :

ئەگەر ئایین بەڕا و بۆچوون ، یان بەعەقل بێت ئەوا بەشی ژێرەوەی خوفف لە پێشترە بە مەسحکردن لە بەشی سەرەوەی ، و بەڕاستی پێغەمبەری خودام بینی ﷺ دەستی بەسەر بەشی سەرەوەی خوففەکاندا هێنا . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە دروست و شەرعی ئەوەیە کە تەنها دەست بەسەری خوففەکاندا بهێنرێت .

**پرسیار ١٦** : ئەم ووتەیەی ( ابن عباس ) رضي الله عنه (( کە پێغەمبەری خوا ﷺ لەدوای دابەزینی سورەتی ( المائدة ) مەسحی نەکردووە !! )) چۆن لێکدەدرێتەوە ، هەروەها ئەوەی کە لە ( علي ) یەوە رضي الله عنه ڕیوایەت دەکرێت کە فەرموویەتی : (( قورئان پێش خوففەکان کەوتووە !! )) ؟

**وەڵام** : نازانم ئەم دوو وتەیە ( صحیح ) ن یان نە ، وە پێشتر باسی ئەوەم کرد کە ( علي ) کوڕی ( أبو طالب ) رضي الله عنه یەکێکە لەوانەی کە فەرموودەکانی مەسحی لە پێغەمبەری خواوە ﷺ ڕیوایەت کردووە ، و لە دوای وەفاتی پێغەمبەریش ﷺ ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوە ، وە ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە پێغەمبەر ﷺ ماوەی ( کاتی ) بۆ دیاری کردووە . وە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حوکمی مەسحی لا جێگیر بووە هەتاکو دوای وەفاتی پێغەمبەریش ﷺ ، و نەهێشتن و هەڵوەشاندنەوەی حوکمەکەش مەحاڵە .

**پرسیار ١٧** : ئایا حوکمەکانی مەسحکردن ئافرەتیش دەگرێتەوە وەکو پیاو ؟ وە ئایا هیچ جیاوازییەك هەیە لەمەدا لە نێوانیاندا ؟

**وەڵام** : هیچ جیاوازییەك لەمەدا لەنێوان پیاوان و ئافرەتاندا نیە ، وە پێویستە ئەم ڕێسایە ( القاعدة ) بزانێت کە ئەویش ئەمەیە : بنەما وایە کە هەر حوکمێك بۆ پیاوان

بوو ئافرەتانیش دەگرێتەوە ، وە هەر حوکمێکیش بۆ ئافرەتان بوو پیاوان دەگرێتەوە ، مەگەر بەڵگەیەك هەبێت لەسەر جیاوازی حوکمەکانیان .

**پرسیار ١٨ :** حوکمی داکەندنی گۆرەوی یان هەندێکی بۆ ئەوەی پێی بوخرێنێت یان لابردنی شتێك لەناو پێیدا وەکو بەردی بچوك وشتی تر چیە ؟

**وەڵام :** ئەگەر دەستی بردە ناو گۆرەوییەکە ئەوە هیچی لەسەر نیە و ئاساییە ، بەڵام ئەگەر گۆرەوییەکەی داکەند ئەو کاتە سەیر دەکرێت ئەگەر بەشتێکی کەمی گۆرەوییەکەی داکەندبوو ئەوا زەرەری نیە و ئاساییە ، وە ئەگەر بەشێکی زۆری داکەندبوو بەجۆرێك کە زۆربەی ( پێی ) دەرکەوێت ئەو کاتە لە داهاتوودا نابێت مەسحی لەسەر بکات .

**پرسیار ١٩ :** لای زۆرینەی خەڵکدا وا باوە کە تەنها پێنج نوێژ مەسح دەکرێت لەسەر خوففەکاندا پاشان دوای ئەوە مەسحیان لەسەر ناکرێت ؟

**وەڵام :** بەڵێ ئەمە لای زۆرینەی خەڵکی باوە مەسحکردن تەنها شەو و ڕۆژێکە واتا : تەنها پێنج نوێژ مەسح دەکات ، بەڵام ئەمە ڕاست نیە ، بەڵکو دیاری کردنی کاتەکەی ( التوقیت ) بەشەو و ڕۆژێك مانای ئەوەنیە پێنج نوێژی کرد یان زیاتر ، وە سەرەتای ماوەکەش وەك باسمان کرد لەیەکەم مەسحەوە دەست پێدەکات و لەوانەشە دەنوێژ یان زیاتر بەو مەسحە بکات ، چونکە ئەگەر کەسێك خوففەکەی لەپێکرد بۆ نوێژی بەیانی ڕۆژی دووشەممە و مەسحی نوێژەکەی مایەوە و نەشکا هەتاکو خەوتنی شەوی سێ شەممە ، پاشان یەکەم جار بۆ نوێژی بەیانی ڕۆژی سێ شەممە مەسحی لەسەردا کرد و تاکو نوێژی

بەیانی ڕۆژی چوار شەممە ، وە لێرەدا دەبینین کە بەو خوففەوە ڕۆژی دووشەممە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر وشێوان ( مەغریب ) و خەوتنان ( عیشا ) ی پێوە کردووە ، هەموو ئەم ماوەیەی بۆ حیساب ناکرێت ( ناژمێردرێت ) ، چونکە پێش مەسحکردنەکەیە ، وە ڕۆژی سێ شەممە نوێژی بەیانی کرد و مەسحی کرد ، و نیوەڕۆی کرد و مەسحی کرد ، و عەسری کرد و مەسحی کرد ، و مەغریبی کرد و مەسحی کرد ، و عیشای کرد و مەسحی کرد ، و هەروەها دەتوانێت مەسح بکات بۆ نوێژی چوار شەممەش ، ئەگەر پێش تەواو بوونی ماوەی مەسحەکەی دەستنوێژی گرت : بۆ نموونە : بۆ نوێژی بەیانی ڕۆژی سێ شەممە سەعات چوار و چل و پێنج دەقە ( خولەك ) مەسحی کردبوو ، وە دەستنوێژەکەی مایەوە و نەشکا هەتاکو نوێژی عیشای شەوی پێنج شەممەی پێوەکرد ، ئەوا لێرە بەم دەستنوێژەوە نوێژی بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و مەغریب و عیشای ڕۆی چوار شەممە دەکات ، ئەوا لەم کاتەدا پانزە نوێژی کردووە لەکاتی لەپێکردنی خوففەکەوە ، چونکە خوففەکانی لەپێی کردووە بۆ نوێژی بەیانی ( سەعات پێنج ) ی ڕۆژی سێ شەممە ، وە مەسحی کردووە لە نوێژی بەیانی ( سەعات چوار و چل وپێنج دەقەی ) ڕۆژی چوار شەممە ، وە دەستنوێژەکەشی مایەوە ونەشکا هەتاکو نوێژی ( عیشا ) شی کرد بەم شێوەیە پانزە نوێژی پێوە کردووە .

**پرسیار ٢٠** : ئەگەر کەسێك دەستنوێژ بگرێت و دەست بەسەر خوففەکانیدا بهێنێت واتە مەسح بکات ، وە لە ماوەی مەسحکردنەکەیدا خوففەکانی داکەند پێش نوێژی عەسر بۆ نموونە ، ئایا نوێژ بکات و نوێژەکەی دروستە یان دەستنوێژەکەی بەتاڵ دەبێتەوە بەداکەندنی خوففەکان ؟

**وەڵام :** بۆچوونی هەڵبژاردە و ڕاست لە بۆچوونی زانایان کە هەڵبژاردەی شێخ ئیسلام ( ابن تيمية ) و کۆمەڵێك لەزانایانە ئەوەیە : کە دەستنوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە بە داکەندنی خوففەکان ، کەواتە ئەگەر خوففەکەی داکەند لـە کاتێکـدا دەسـتنوێژێکەی مـابوو کـە تیایدا مەسحی کردبوو ، ئەوا دەستنوێژەکەی بەتاڵ نابێتەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کـە ( پێ ) ئەگەر مەسح لەسەر خوففەکان کرابوو ئەوا ( پێ ) بە پێـی بەڵگـەی شـەرعیەکان پاکیەکەی تەواوە ، وە ئەگەر دایکەندن ئەوا ئەم پاکیە بەپێی بەڵگـەی شـەرعی تـەواوە و دروستە ، و بەتاڵیش نابێتەوە بە بەڵگەیەکی شەرعی تر نەبێت ، وە هـیچ بەڵگەیـەکیش نیە لەسەر ئەوەی کە ئەو خوف و گۆرەویانەی کە مەسحیان لەسەر کراوە ئەگەر داکـەنرێن دەستنوێژەکە بەتاڵ دەبێتەوە ، بەڵکو ئەمـە دەسـتنوێژەکەی دەمێنێتـەوە ، بـەڵام ئەگـەر خوففەکەی لەپێکردەوە ویستی لەداهاتوودا مەسحی لەسەر بکـات ئـەوا دروسـت نیـە و نابێت بەو پێیەی کە من دەیزانم لە بۆچوونی زانایان .

**پرسیار** ٢١ : ئایا دروستە مەسح لەسەر مێـزەر بکرێـت ؟ وە سـنوری ئـەو مەسـحە کامەیە ؟ و سیفەتی مێزەریش چیە ؟

**وەڵام :** مەسح کردن لەسەر مێزەرە لەو شتانەیە کـە لـە سـوننەتی پێغەمبـەردا ﷺ هاتووە ، و دروستە مەسحی لەسەر بکرێـت ، وە دەسـت بەسـەر هـەموو مێزەرەکـە یـان زۆربەیدا دەهێنرێت ، و هەروەها سوننەتیشە دەست بەسەر ئەو بەشەی سەردا بهێنرێت کە دەردەکەوێت وەکو پێشەسەر ( شعر الناصبة ) ، و ئەم لاولای سەر و هەردوو گوێ .

**پرسیار** ٢٢ : ئایا سەرپۆشی ئافرەت بەمێزەر دەژمێردرێت ؟

**وەڵام :** ئافرەتان دەست بەسەر سەرپۆشەکانیاندا دەسڕن ( على المشهور من مذهب الإمام أحمد ) لەسەر بۆچوونی بەناوبانگ لەمەزهەبی ئیمام أحمد ، ئەگەر خرابێتە ژێر قوڕگیانەوە ، چونکە ئەمە لەهەندێك لە ئافرەتی هاوەڵانەوە خوایان لێ ڕازی بێت پێمان گەیشتووە .

**پرسیار ٢٣ :** حوکمی دەست هێنان بەسەر ( الجبيرة ) دا چیە ؟ و مانای ( الجبيرة ) ش چیە ؟ بەڵگەی دروست بوونی لە قورئان و سوننەتیشدا چیە ؟

**وەڵام :** سەرەتا دەبێت بزانین ( الجبيرة ) چیە ؟ ( الجبيرة ) لەبنەمادا ئەوەیە کە شکاوی پێ دەگیرێتەوە ، وە مەبەست لەمە لەعورفی شەرعزاناندا ( الفقهاء ) ئەو شتەیە کە لەشوێنی دەستنوێژ دادەنرێت بۆ پێویستیەك وەکو ئەو گەچەی کەلەسەر شکاو دادەنرێت یان ئەو لەزگەیە کەلەسەر برین یان لەسەر شوێنی ئازار لەپشت وهاوشێوەی ئەمانە دادەنرێت ، ئەوا دەست بەسەر ئەمانە دا بسڕێت شوێنی شۆردنی دەگرێتەوە . بۆیە ئەگەر وادابنێن کە لەزگەیەك بەسەر برینێکی باڵی ئەو کەسەوە بێت کە دەستنوێژ دەگرێت کە پێویستی پێیەتی ئەوا دەست بەسەر لەزگەکەدا دەسڕێت لەجیاتی شۆردنی ئەو شوێنە ، وە ئەم پاککردنەوەیە ( الطهارة ) تەواوە بەواتای ئەوەی کەئەگەر ئەو کەسە ئەم ( الجبيرة ) یان لەزگەی لادا دەستنوێژەکەی دەمێنێتەوە و بەتاڵ نابێتەوە ، چونکە بەشێوەیەکی شەرعی کراوە ، وەلادانی لەزگەش هیچ بەڵگەیەك نیە دەوا دەست بەتاڵ دەکاتەوە یان ( الطهارة ) پاککردنەوەکە بەتاڵ دەکاتەوە وە لەسەر ( الجبيرة ) بەڵگەیەکمان نیە کە بەتاڵ بێت لەبەرنگاری ، چەند فەرموودەیەکی ( ضعيف ) ی لەسەرە کەهەندێك لەزانایان کردوویانە بەبەڵگە و بۆچوونیان لەسەریەتی ، و دەڵێن : بەکۆی ئەو فەرموودە

( ضعيف ) ـانە بەرز دەبێتەوە بۆ ئەوەی ببێت بەبەڵگە وهەندێکی تریش لەزانایان دەڵـێن : لەبەر ئەوەی ئەو فەرموودانە ( ضعيف ) ن ئەوا پشـتیان پـێ نابەسـترێت ، و ئـەم زانایانـە بۆچوونیان جیاوازە لەم بارەیەوە ، هەندێکیان دەڵێن : ئەو ئەندامەی کە لەزگەی بەسـەرەوەیە پاککردنـەوەی لـەسەر نیـە ، یان ئەو شوێنەی کە ( الجبيرة ) ـەی پێوە پێچراوە پاکردنـەوەی لەسەر نیە چونکە ناتوانرێت پاك بکرێتەوە ، وە هەندێکی تریشیان دەڵێن : بـەڵکو ( تیمم ) دەکات بۆ ئەو ئەندامە ودەسـتی بەسـەردا ناسـرێت ، بـەلام نـزیکترین ئـەو بۆچـوونانە لـە ڕێساکانی ئوصولەوە بەبێ سەیرکردنی ئەو فەرموودانەی کـە لەسـەری هـاتووە ، نـزیکترین بۆچوون ئەوەیە کەدەستی بەسەردا بسرێت ، وەبەم دەسـت هێنانـەش پێویسـتی بـە ( تیمم ) نامێنێـت ، وە ئەوەکـاتە دەڵـێین : کـەئەگـەر برینێـك هـەبوو لـەئەنـدامێك لـەئـەنـدامەکانی ( الطهارة ) پاککردنەوە ئەوا چەند پلەیەکی هەیە ( مراتب ) :

**پلەی یەکەم** : ئەوەیە کە پێ یـەکان بـەهیچ دانەپۆشـرابێت و بەشـۆردنی زیـانی پـێ ناگات ، لەم حالەتەدا ( واجب ) ـە بشۆرردرێت .

**پلەی دووەم** : ئەوەیە کە پێ یەکان بەهیچ دانەپۆشرابێت و بۆشۆردنی زیانی پێ دەگات ، ئەوا لەم پلەیەدا ( واجب ) ـە دەستی بەسەردا بسرێت ونەشۆرردرێت .

**پلەی سێیەم** : ئەوەیە کە پێ یەکـان بـەهیچ دانـەپـۆشرابێت و بـۆ شـۆردن و ( دەست هێنان ) یش زیانی پێ دەگات ، ئەوا لەم حالەتەدا ( تیمم ) دەکات ، ... .

**پلەی چوارەم :** ئەوەیە کە داپۆشرابێت بە ( لەزگە ) یەك یان هاوشێوەی ئەوە وپێویستی پێیەتی ، ئەوا لەم حاڵەتەدا دەست بەسەر داپۆشەرەکەدا ( الساتر ) دەهێنێت و شوێنی شۆردنی ئەو ئەندامە دەگرێتەوە .

**پرسیار ٢٤ :** ئایا هیچ مەرجێك هەیە بۆ دەست هێنان بەسەر ( الجبيرة ) ـدا ؟ بەمانای ئەوەی ئەگەر پێویستی پێ‌ی نەبوو ؟

**وەڵام :** ( الجبيرة ) دەستی بەسەردا ناهێنرێت لە کاتی پێویستی دا نەبێت ، بۆیە دەبێت پەیوەست بێت بە ڕادەی پێویستی بە ( الجبيرة ) ـەوە ، وە پێویستیش تەنها شوێنی ئازارەکە یان برینەکە نیە ، بەڵکو ئەو شوێنانەش دەگرێتەوە کە ئەو ( الجبيرة ) یە جێگیر دەکات یان ئەو لەزگەیە دەیگیرێتەوە بۆ نموونە ئەویش لەپێویستە .

**پرسیار ٢٥ :** ئایا پێچەرەوە ( لفائف ) ی وەکو شاش بە ( الجبيرة ) دادەنرێت ؟

**وەڵام :** بەڵێ وەکو ( الجبيرة ) دادەنرێت ، دەست هێنان بەسەر ( الجبيرة ) وەکو دەست هێنانە بەسەر خوففەکان نیە ماوەیەکی دیاری کراوی هەبێت ، بەڵکو بۆی هەیە دەستی بەسەردا بهێنێت چەندی پێویست بێت کە بمێنێتەوە ، وە هەروەها لەدەست نوێژ و خۆشۆردنی لەش گرانیشدا دەستی بەسەردا دەهێنرێت ( في الحدث أصغر وأكبر ) بەپێچەوانەی خوففەوە کەپێشتر ئاماژەمان پێ دا وەهەرکاتێك ( غسل ) خۆشۆردنی لەسەر ( واجب ) بوو ئەوا دەستی بەسەردا دەهێنرێت وەکو چۆن لەکاتی دەستنوێژدا دەستی بەسەردا دەهێنرێت .

**پرسیار ٢٦ :** چۆن دەست بەسەر ( الجبيرة ) دا دەسڕێت ؟ ئایا دەست بەسەر هەموویدا بهێنرێت یان بەسەر هەندێکیان ؟ لەگەڵ درێژی باسەکەیدا .

**وەڵام :** بەڵێ ئەبێت دەست بەسەر هەموویدا بهێنرێت چونکە بنەوا وایە کە ( البدل ) حوکمی ( المبدل عنه ) ی هەیە ئەگەر بەڵگەیەك نەبێت پێچەوانەی ئەمە ، وە لێرەدا دەست هێنان لەجیاتی شۆردنە ، وچۆن شۆردن ( غسل ) دەبێت هەموو ئەندامەکە بگرێتەوە بەو شێوەیەش دەبێت دەست بەسەردا هێنانەکەش هەموو ( الجبيرة ) کە بگرێتەوە ، بەڵام دەست هێنان بەسەر خوففەکان ئەمەیان ڕوخسەتێکە ولەسوننەتدا هاتووە کە دەست بەسەر هەندێکیدا بهێنرێت (١) .

---

(١) **خوێنەری بەڕێز بۆ زیاتر پاراستنی ئەمانەتی عیلمی و سودمەند بوونی فێرخوازانی زانستی شەرعی بەباشمان زانی پێشەکی فەرموودەناس ( أحمد محمد شاكر ) بۆ کتێبی ( محمد جمال الدين القاسمي ) بخەینە پەراویزی ئەم کارەمانەوە ، داواکارین لە خوای پەروەردگار هەموو لایەکمان سود مەند بکات بە ووتەی پێشەوایان و فەرموودەناسان.**

**پێشەوا ( أحمد محمد شاكر ) دەڵێت :** (( الحمد لله رب العالمين حمداً كثيرا مباركاً كما يحب ربنا ويرضى ، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين وختام النبيين وسيد ولد آدم سيدنا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين . **أما بعد :**

فإن أستاذنا عالم الشام الشيخ محمد جمال الدين القاسمي رحمه الله ألَّف رسالة نفيسة في المسح على الجوربين طبعت بدمشق سنة ١٣٣٢ هـ وقد قرأتها وأفدت منها علماً جماً وروحاً قوياً في ذاك العهد البعيد حين كنا في مطلع الشباب متشوفين إلى العلم الصحيح علم الكتاب والسنة وكنا أحرص ما نكون على كتب السلف الصالح وكتب من نهج منهجهم من المتأخرين الذين يستمسكون بالهدي النبوي ويتبعون الدليل الصحيح دون تعصب لرأي وهوى ودون جمود على التقليد .

وكان في مقدمة من سار على النهج القويم أستاذنا القاسمي ـ رحمه الله ـ . وقد زار مصر قبل وفاته وكنت ممن اتصل به من طلاب العلم ، ولزم حضرته ، واستفاد من توجيهه إلى الطريق السوي والسبيل القويم . وقد رغب صديقنا الحبيب

السلفي الكبير الكريم الأخ السيد محمد نصيف ـ حفظه الله ـ أن يعيد طبعها بعد أن صارت نادرة الوجود وكثر الحرص على اقتنائها رغبة في إذاعة الفائدة منها . وطلب مني أن أعيد قراءتها وأكتب لها مقدمة . فأبنت له أني أحرص على تحقيق بعض الأحاديث التي استدل بها المؤلف رحمه الله وأن أزيد بعض الدلائل التي تؤيد ما ذهب إليه مما لم يكن بين يديه حين ألف رسالته .

والأدلة الأصلية التي بنى المؤلف عليها رسالته ثلاثة أحاديث : حديث ثوبان ، وحديث المغيرة بن شعبة ، وحديث أبي موسى الأشعري . فكتبت هذه الكلمة أبين فيها الدلائل على صحة هذه الأحاديث الثلاثة . وزدت عليها دليلاً رابعاً ، وهو حديث أنس بن مالك .

وقد اجتهدت فيما كتبت ما استطعت . وأسأل الله التوفيق والعون والسداد . إنه سميع الدعاء .

١ ـ أما حديث ثوبان : فهو في مسند الإمام أحمد ( ج ٥ ص ٢٧٧ طبعة الحلبي ) ١رواه عن يحي بن سعيد عن ثور عن راشد بن سعد عن ثوبان ، وكذلك رواه أبو داود ( ج ١ ص ٥٦ من عون المعبود ) ، عن الإمام أحمد بن حنبل بهذا الإسناد . وكذلك رواه الحاكم في المستدرك ( ج ١ ص ١٦٩ ) ، من طريق الإمام أحمد ، وصححه على شرط مسلم ، ووافقه الذهبي .

وثور هو بن يزيد الكلاعي الحمصي وهو ثقة معروف . وراشد بن سعد الحمصي : ثقة أيضاً ترجم له البخاري في التاريخ الكبير ( ٢ / ١ / ٢٦٦ ـ ٢٦٧ ) فلم يذكر فيه جرحاً وهذه أمارة توثيقه عنده . وترجم له ابن أبي حاتم في الجرح والتعديل ( ٤٨٣/٢/١ ) وروى توثيقه عن يحي بن معين وأبي حاتم .

وأما تعليل الإمام أحمد هذا الحديث بالانقطاع بين راشد وثوبان ـ فقد نقل مثله ابن أبي حاتم في المراسيل ( ص٢٢) عن عبد الله بن أحمد بن حنبل عن أبيه ، قال : ( راشد بن سعد لم يسمع من ثوبان ) ولكن يعارض هذا أن البخاري جزم في التاريخ الكبير بأنه سمع منه فقال في ترجمته : ( سمع ثوبان ويعلى بن مرة) . وكفى بهذا حجة في إثبات سماعه من ثوبان .

ولم تبق لنا حاجة فيما تكلفه المؤلف ـ رحمه الله ـ من ترجيح الاحتجاج بالروايات المنقطعة . لأن الراجح عند أكثر أهل العلم بالحديث أن الحديث الذي فيه انقطاع يكون حديثاً ضعيفاً لا تقود به الحجة . أما هذا الحديث فقد تبين أنه حديث متصل صحيح الإسناد .

٢ . وأما حديث المغيرة بن شعبة : فهو في مسند الإمام أحمد ( ج ٤ ص ٢٥٢ طبعة الحلبي ) . ورواه أيضاً أبو داود ( ج ١ ، ص ٦٢.٦١ من عون المعبود ) والترمذي ( رقم : ٩٩ ج ١ ص ١٦٧ بشرح أحمد محمد شاكر = ج ١ ص ١٠٠ من شرح المباركفوري ) وابن حبان في صحيحه ( ج٢ ص٥٥٠ من مخطوطة الإحسان المصورة عندي ) وابن ماجه ( رقم : ٥٥٩ ص ١٨٥ من طبعة فؤاد عبد الباقي ) وابن حزم في المحلى ( ج٢ ص ٨١ . ٨٢ ) ، والبيهقي في السنن الكبرى ( ج ١ ص ٢٨٣ . ٢٨٤ ) كلهم ١ من طريق سفيان الثوري ، عن أبي قيس عن هُزيل بن شُرَحبيل عن المغيرة بن شعبة . وقال الترمذي : ( هذا حديث حسن صحيح ) . وقال أبو داود بعد روايته : ( وكان عبد الرحمن بن مهدي لا يحدِّث بهذا الحديث ، لأن المعروف عن المغيرة : أن النبي ﷺ مسح على الخفين ) . وكلام العلماء الذين أرادوا إعلال هذا الحديث يدور كله حول كلام عبد الرحمن بن مهدي هذه .

والحديث صحيح وإسناده كلهم ثقات .

أبو قيس : هو الأودي ، واسمه ( عبد الرحمن بن ثروان ) . بفتح الثاء المثلثة وسكون الراء . وهو ثقة ، وثقه ابن معين ، وقال العجلي : ( ثقة ثبت ) ، وأخرج له البخاري في صحيحه . وأما قول الإمام أحمد : ( يخالف في حديثه ) . فما هو بجرح له في الثقة به .، إنما يريد به تعليل هذا الحديث ، بأنه خالف غيره من الرواة . وسيأتي بيان أن هذه المخالفة غير قادحة ، وأنها لا تصلح تعليلاً للحديث .

و ( هُزَيْل بن شرحبيل الأودي ) : تابعي قديم ، يقال إنه أدرك الجاهلية ، وهو ثقة دون خلاف . مترجم في طبقات ابن سعد ( ٦ : ١٢٢ ) ، والكبير للبخاري ( ٢٤٥/٢/٤ ) ، والإصابة ( ٦ : ٣٠٣ ) .

وقد تكلم الإمام ابن القيم في شأن هذا الحديث وهذه المسألة كلاماً قوياً جيداً ، وإن كنت لا أوافقه على تضعيف حديث المغيرة هذا . فقال في تعليقه على مختصر المنذري ( تهذيب السنن ج ١ ص ١٢١ . ١٢٢ ) : ( وقال النسائي ما نعلم أحداً تابع هزيلا على هذه الرواية . والصحيح عن المغيرة : أن النبي ﷺ مسح على الخفين . وقال البيهقي : قال أبو محمد . يعني يحى بن منصور . : رأيت مسلم بن الحجاج ضعف هذا الخبر ، وقال : أبو قيس الأودي وهزيل بن شرحبيل لا يحتملان هذا ، مع مخالفتهما جملة الذين رووا هذا الخبر عن المغيرة فقالوا : مسح على الخفين ، وقال : لا يُترك ظاهر القرآن بمثل أبي قيس وهزيل . قال : فذكرت هذه الحكاية عن مسلم لأبي العباس الدغولي ؟ فسمعته يقول : سمعت علي بن مخلد بن سنان يقول : سمعت أبا قدامة السرخسي يقول : قال عبد الرحمن بن مهدي : قلت لسفيان الثوري : لو رجل حدثني بحديث أبي قيس عن هزيل ما قبلته منه . فقال سفيان : الحديث ضعيف أو واهٍ أو كلمة نحوها . وقال عبد الله بن أحمد : حدثت أبي بهذا الحديث فقال أبي ليس يروى هذا إلا من حديث أبي قيس . قال : أبَى عبد

الرحمن بن مهدي أن يحدث به يقول : هو منكر . وقال علي بن المديني : حديث المغيرة بن شعبة في المسح رواه عن المغيرة أهل المدينة وأهل الكوفة وأهل البصرة ، ورواه هزيل بن شرحبيل عن المغيرة إلا أنه قال : ومسح على الجوربين ، وخالف الناس . وقال الفضل بن عتبان : سألت يحى بن معين عن هذا الحديث ؟ فقال : الناس كلهم يروونه : على الخفين غير أبي قيس . قال ابن المنذر : يروى المسح على الجوربين عن تسعة من أصحاب النبي ﷺ : علي ، وعمار ، وأبي مسعود الأنصاري ، وأنس ، وبن عمر ، والبراء ، وبلال ، وعبد الله بن أبي أوفى ، وسهل بن سعد ، وزاد أبو داود : وأبو أمامة ، وعمرو بن حريث ، وعمر ، وابن عباس . فهؤلاء ثلاثة عشر صحابياً . والعمدة في الجواز على هؤلاء رضي الله عنهم ، لا على حديث أبي قيس . مع أن المنازعين في المسح متناقضون ، فإنهم لو كان هذا الحديث في جانبهم لقالوا : هذه زيادة ، والزيادة من الثقة مقبولة ، ولا يلتفتون إلى ما ذكروه هنا من تفرد أبي قيس . فإذا كان الحديث مخالفاً لهم ، أعلُّوه بتفرد راويه ولم يقولوا زيادة الثقة مقبولة ، كما هو موجود في تصرفاتهم ؟؟ والإنصاف أن تكتال لمنازعك بالصاع الذي تكتال به لنفسك فإن في كل شيء وفاء وتطفيفاً . ونحن لا نرضى هذه الطريقة ولا نعتمد على حديث أبي قيس . وقد نصَّ أحمد على جواز المسح على الجوربين وعلَّل رواية أبي قيس . وهذا من إنصافه وعدله رحمه الله . وإنما عمدته هؤلاء الصحابة وصريح القياس ، فإنه لا يظهر بين الجوربين والخفين فرق مؤثر يصح أن يحال الحكم عليه ) .

هذا نص كلام ابن القيم رحمه الله . ونحن نخالفه في تعليل حديث أبي قيس عن هُزيل . لأن رواية أصحاب المغيرة عن المغيرة في هذا الحديث المسح على الخفين لا تنفي صحة رواية هزيل بن شرحبيل عنه المسح على الجوربين . فهذه واقعة وهذه واقعة .

وقد قلت في شرحي للترمذي ( ج ١ ص ١٦٨ ) : ( الصواب صنيع الترمذي في تصحيح هذا الحديث ، وهو حديث آخر غير حديث المسح على الخفين . وقد روى الناس عن المغيرة أحاديث المسح في الوضوء ، فمنهم من روى المسح على الخفين ، ومنهم من روى المسح على العمامة ، ومنهم من روى المسح على الجوربين وليس شيء منها بمخالف للآخر ، إذ هي أحاديث متعددة ، وروايات عن حوادث مختلفة . والمغيرة صحب النبي ﷺ نحو خمس سنين ، فمن المعقول أن يشهد من النبي ﷺ وقائع متعددة في وضوئه ويحكيها ، فيسمع بعض الرواة منه شيئاً ، ويسمع غيره شيئاً آخر . وهذا واضح بديهي ) .

وأزيد على ذلك : أن العلماء جمعوا بين الأحاديث التي صحت في صفة صلاة الكسوف على أوجه متعددة . بأن هذا اختلاف وقائع لا اختلاف رواية . مع علمهم بأن وقوع الكسوف والخسوف قليل . فأولى أن يجمع في ذلك بصفة الوضوء الذي يتكرر كل يوم مراراً . كما هو بديهي .

وقد تكلف العلامة المباركفوري في شرحه للترمذي ( ج ١ ص ١٠٠ . ١٠٢ ) في تضعيف هذا الحديث تكلفاً شديداً يراه المنصف المدقق غير سديد . ومن أعجب ما صنع أنه ردّ على القائلين بأن رواية هزيل هذه زيادة من ثقة فتقبل ، فقال : ( فيه نظر ، فإن الناس كلهم رووا عن المغيرة بلفظ : مسح على الخفين . وأبو قيس يخالفهم جميعاً فيروي عن هزيل عن المغيرة بلفظ : مسح على الجوربين والنعلين ، فلم يزد على ما رووا ، بل خالف ما رووا . نعم ، لو روى بلفظ : مسح على الخفين والجوربين والنعلين . لصح أن يقال إنه روى أمراً زائداً )!

هكذا قال ، وهي انتقال نظر ، فليس المراد أنه روى زيادة في لفظ الحديث ، بل أراد القائلون بأنها زيادة : أنه روى حكماً آخر زائداً على ما رواه غيره ، فرووا هم المسح على الخفين ، وروى هو المسح على الجوربين . ولم ينف رواية المسح على الخفين . فروايته على الحقيقة زيادة على روايات غيره . وهذا واضح .

ثم إن الحكم على رواية هذا الحديث بتخطئة الرواة الثقات حكم دون دليل كما بينًا . وقد تابعه على روايته هذه عمل الصحابة الذين حكى ابن القيم الحجة بعملهم . فهو لم يرو حكماً شاذاً مخالفاً لم يقل به أحد ، بل روى عملاً ثبت أن الصحابة هؤلاء عملوا به وأخذوا بحكمه .

٣ . وأما حديث أبي موسى الأشعري : فهو في سنن ابن ماجه ، برقم : ٥٦٠ ( طبعة فؤاد عبد الباقي ) . وقد أعلُّوه بعلتين :

أولاهما : أن راوِيَهُ ( عيسى بن سنان الحنفي الفلسطيني ) ضعفه أحمد وابن معين وغيرهما . ولكن ذكره ابن حبان في الثقات ، فمثل هذا يحتمل ضعفه ويكون حديثه أقرب إلى الحسن منه إلى الضعيف . خصوصاً وأن البخاري سكت عن هذا الحديث ، ولو كان ضعيفاً عنده لأبان عن ذلك ، كما سيأتي .

وثانيتهما : أن التابعي راويه عن أبي موسى ، وهو ( الضحاك بن عثمان بن عَرْزَب ) لم يسمع من أبي موسى . وهذه دعوى عريضة ، ذكرها ابن أبي حاتم عن أبيه في ترجمة الضحاك هذا (٤٥٩/١/٢) ، فقال : ( روى عن أبي موسى الأشعري . مرسل ) ؟ ولكن البخاري – وهو الحجة في هذا . ترجمه في الكبير (٣٣٤/٢/٢) ، وقال : ( سمع أبا موسى ) . ثم أشار إلى هذا الحديث في ترجمته ، إشارته الموجزة كعادته . وسكت عنه ، ولم يذكر له علة . فدلَّ على أنه حديث مقبول عنده على الأقل .

وبعد : فإن هناك حديثاً آخر عن أنس بن مالك صريحَ الدلالة صحيح الإسناد :

فروى الدولابي في الكنى والأسماء ( ج ١ ص ١٨١ ) ، قال : ( أخبرني أحمد بن شعيب ، عن عمرو بن علي ، قال : أخبرني سهل بن زياد أبو زياد الطحان ، قال : حدثنا الأزرق بن قيس ، قال : رأيت أنس بن مالك أحدث فغسل وجهه ويديه ، ومسح على جوربين من صوف ، فقلت : أتمسح عليهما ؟ فقال : إنهما خفان ، ولكنهما من صوف ) .

وهذا إسناد صحيح . أحمد بن شعيب : هو النسائي الحافظ صاحب السنن . عمرو بن علي : هو الفلاَّس ، الحافظ الحجة . أبو زياد سهل بن زياد الطحَّان : ثقة ، ترجمه البخاري في الكبير ( ٢ / ٢ / ١٠٣ - ١٠٤ ) ، وابن أبي حاتم في الجرح والتعديل ( ١٩٧/١/٢ ) . فلم يذكرا فيه جرحاً ، فهو ثقة عندهما . وذكره ابن حبان في الثقات ، كما في لسان الميزان ( ج ٣ ص ١١٨ ) . وذكر أن الأزدي قال فيه :( منكر الحديث ) ، دون بيان سبب الجرح . والأزدي ينفرد بجرح كثير من الثقات ، فلا يؤبه لتجريحه إذا تفرد به . والأزرق ابن قيس : تابعي ثقة مأمون . مترجم في التهذيب .

وهذا الحديث موقوف على أنس من فعله وقوله . ولكن وجه الحجة فيه أنه لم يكتف بالفعل ، بل صرح بأن الجوربين ( خفان ولكنهما من صوف ) . وأنس بن مالك صحابي من أهل اللغة قبل دخول العجمة واختلاط الألسنة . فهو يبين أن معنى ( الخف ) أعم من أن يكون من الجلد وحده ، وأنه يشمل كل ما يستر القدم ويمنع وصول الماء إليها ١ . إذ أن الخفاف كانت في الأغلب من الجلد فأبان أنس أن هذا الغالب ليس حصراً للخف في أن يكون من الجلد ، وأزال الوهم الذي قد يدخل على الناس من واقع الأمر في الخِفاف إذ ذاك . ولم يأتِ دليل من الشارع يدل على حصر الخفاف في التي تكون من الجلد فقط .

وقول أنس في هذا أقوى حجة ألف مرة من أن يقول مثله مؤلف من مؤلفي اللغة ، كالخليل والأزهري والجوهري وابن سيده وأضرابهم . لأنهم ناقلون للغة ، وأكثر نقلهم يكون من غير إسناد ، ومع ذلك يحتج بهم العلماء . فأولى ثم أولى إذا جاء التفسير اللغوي من مصدر أصلي من مصادر اللغة وهو الصحابي العربي من الصدر الأول ، بإسناد صحيح إليه .

وقد أشار الإمام ابن القيم إلى مثل هذا المعنى - إن لم يكن صريحاً تماماً – فيما نقلناه عنه آنفاً ، من قوله : ( وإنما عمدته هؤلاء الصحابة وصريح القياس ، فإنه لا يظهر بين الجوربين والخفين فرق مؤثر يصح أن يُحال الحكم عليه ) . فجعل ابن القيم أن ( الجوربين ) مقيسان على ( الخفين ) قياساً جلياً ، ( من غير فرق مؤثر يصح أن يحال الحكم عليه ) .

ولكن المعنى في حديث أنس أدقّ . فليس الأمر قياساً للجوربين على الخفَّين بل هو : أن الجوربين داخلان في مدلول كلمة ( الخفين ) بدلالة الوضع اللغوي للألفاظ على المعاني . والخفان ليس المسح عليهما موضع خلاف ، فالجوربان من مدلول كلمة ( الخفين ) ، فيدخلان فيهما بالدلالة الوضعية اللغوية .

وقد ثبت - من غير وجه - عن أنس : أنه مسح على الجوربين . فهو يؤيد رواية الدولابي التي ذكرنا .

وانظر المحلى لابن حزم بتحقيقنا ( ج٢ ص ٨٤ - ٨٥ ) . والحمد لله رب العالمين .

**كتبه** : أحمد محمد شاكر عفا الله عنه بمنه .

---

القاهرة يوم الجمعة ٦ جمادى الآخرة ١٣٧٧ هـ )) .